

مەلا حەیدەر بندیان:

## هەر کەسێک نیشتمانپەروەر نەبێت نوێژی هەینی لەسەر نییە

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٣٦)- (١٠)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٢

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:

# بە یەك گوژمە ٦٠ ملیار دینار بۆ ڕێگای کەلار-دەربەندیخان تەرخان کراوە

دروستکردنی ڕێگای دوو سایدی نێوان سپیلك - خەلیفان

بڕی ٦٤ملیار و ٢٤٥ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە



لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی تونێلی دەربەندیخان جێبەجێ بکات




# باروودۆخی کوردستان دوای ئەنفال هاوکێشە جیهانییەکان

## ٣٧

### قۆناغێکی تاریک و ئاڵۆز

یەکێک لە ناخۆشترین و تاڵترین قۆناغ و باروودۆخەکان کە بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا تێ پەڕی، قۆناغی دوای ئەنفالەکان بوو لە دوو ساڵی کۆتاییی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا. سەرباری ئەوە لەو ماوەیەدا بەرەی کوردستانی توانیی ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاو ببینێ لە خۆڕاگری و بەرگەگرتنی ئەو ئێش و ئازارانەی بەسەر گەلی کورددا هاتن. هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکان چ لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی و چ وەک حیزب لە ناوخۆدا کەوتنە ئامادەکاری و خۆسازدان لە پێناو بە خۆداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی سەر لە نوێی ڕیزەکانیان و ئامادەکاری بە مەبەستی دەربازبوون لەو قۆناغە پڕ تراژیدیایەو، دواتر دەستپێکردنەوەی خەباتی سیاسی و سەربازیی خۆیان.

دوای پرۆسەی ئەنفالەکان، هەموو هەوڵەکان بۆ بەرگری لە مان و نەمان تەرخان دەکران، چونکە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان ڕوویان کردە هەندەران و دەرەوە بەتایبەت ئەورووپا، ژمارەیەکی دیکەش لەدوای دەرکردنی بڕیاری (١٤٠) لە ١٤ی ئازاری ١٩٩٠دا لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعسەوە، کە تایبەت بوو بە لێبوردن لەو کەسانەی بەشدارییان لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان کردبوو بۆ عێراق گەڕانەوە.

لەلایەکی دیکەوە شەڕی عێراق و ئێران وەستابوو و، شاندی هەردوولا بەردەوام سەردانی یەکتریان دەکرد و لە کۆبوونەوەدا بوون. کەس توانای پێشبینیی ئەنجامی دیدارەکانی عێراق و ئێران و داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوانیانی نەبوو و نەشماندەزانی ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر پرسی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەبێت. هەر چەند بەرپرسانی ئێران هەمیشە داکۆکییان لەسەر ئەو خاڵە دەکردەوە کە بە هیچ شێوەیەک متمانەیان بە سەددام نییە و ئاستەمە لەگەڵیدا بگەنە ڕێکەوتن، یان ئەنجامێک، بەڵام پێویست بوو ئێمە خۆمان بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکەین.

# چاپکراوی نوێ






لە ساڵیادی ڕیفراندۆمە مێژووییەکەی گەلی کوردستاندا سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی پێنج کتێبی بە کوردی و عەرەبی چاپ کرد، پرۆژەی چاپکردنی کتێبەکان بریتییە لە کۆکراوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە وتارو شرۆڤەو لێدوانە سیاسی و دیپلۆماتییەکان لە ئاستی هەرێمی و جیهانیدا، کە بەتێڕوانینی جیاواز لەبارەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی گەلی کوردستان بە زمانی (عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی و ئەڵمانی) لەو کاتەدا لە میدیاکان بڵاوکراونەتەوە، لە چوارچێوەی پێنج بەرگدا ڕێکخراوە، بەرگەکانی ٢،١ بە زمانی کوردی و بەرگەکانی ٥،٤،٣ بە زمانی عەرەبین، بەرگی یەکەمیان بە ناونیشانی (ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان- هەڵوێست و دەنگدانەوەکان لە میدیای بیانیدا)، بەرگی دووەمیان بە ناونیشانی (ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان- هەڵوێست و دەنگدانەوەکان لە میدیای فارسیدا)، لە بەرگی یەکەمدا ئاماژە بەوە کراوە کە خەباتی سیاسی و مەدەنیی گەلی کوردستان لە پێناو مافەکانی زیاتر لە سەدەیەکە بەردەوامیی هەیە، لەبەر گرنگیی ئەو پرسە وەك وێستگەیەکی گرنگی مێژوویی لە ٢٠١٩/٢/٥ سەنتەرەکە دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك لەو لێدوان و گوتارە میدیاییانەی کە لەسەر ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە میدیاکاندا بڵاوکراونەتەوە.

بەرگی دووەمیش بریتییە لە هەڵوێستی حزبە کوردییەکانی ئێران لە بارەی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، وێڕای دەوڵەتانی ئیقلیمی و ڕۆژئاوا و ئەمریکا و کەسایەتییە سیاسییەکانیش لەسەر ئەم پرسە گرنگ و چارەنووسسازە، تێیدا دۆست و دوژمن بە ئاشکرا ڕاوبۆچوون و هەڵوێستەکانیان ڕاگەیاندووە.

لە چوارچێوەی ئەو پرۆژەیەشدا سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی (٣) بەرگی لە کتێبی (استفتاء استقلال كوردستان — الصدى والمواقف من الاعلام العربي) بە زمانی عەرەبی چاپ کردووە، لەم سێ بەرگەدا دەقی تەواوی ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی میدیاکارو نووسەرو ڕۆشنبیرانی عەرەب نووسراوەتەوە، کە لە گۆڤارو ڕۆژنامە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

دانەیەك لە هەر پێنج بەرگی ئەم کتێبانە بە دیاری پێشکەش بە گۆڤاری (گوڵان) کراوە، زۆ سوپاس بۆ سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی، بۆ ئەم بەرهەمە و بە دۆکیۆمێنتکردنی ئەو پرسە مێژووییە، بە هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتر.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی


بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

***Web: www.gulanmedia.com***

## پ.د.ئاریانا شێخ خالس بەرزنجی:



**بۆردی کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیی پزیشکی هاوتای بۆردی ئوردنی و عەرەبییە**

## ئەندازیار ئومێد ئەحمەد:



**لە کابینەی نۆیەم بەرهەمهێنانی کارەبا پتر لە ٦٠٠ مێگاوات زیاد کراوە**

## گلێن ئەریک:



**شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەرئەنجامی ڕەتکردنەوەی سیستمی نێودەوڵەتییە**

## ئەتالیا ئۆمێر:



**لە ئەنجامی نایەکسانییەوە جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی ڕاسترەو سەری هەڵداوە**

بروک شیڵدز:

## دایکم منی
## لە هۆڵیۆد پاراستووە



دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان:

## دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە بەشێکی زۆری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر دەکات



لە پەراوێزی ١١ی ئۆکتۆبەر و ڕۆژی جیهانیی کچاندا

## داوای وەبەرهێنانی سامانی مرۆیی کچان دەکرێت





## ڕۆبۆتێکی بچووک چووە ناو گینسەوە



## ئەوەی پێویستە بیزانیت سەبارەت بە ڤیتامین C




کۆڕاز نەسرەدین:

## ئاواتم ئەوەیە وەک باوکم ببمە پاڵەوانی ئەسپسواری



# گەلی کوردستان لە ڕیفراندۆمدا متمانە بەخۆبوونی بۆ گەڕایەوە تاوەکو زیاتر بەرگریی لە ناسنامە نەتەوەییەکەی بکات





**دکتۆر سامان سۆرانی**

**ڕاوێژکاری باڵا لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت بۆ کاروباری سیاسی، پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسییەت**

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕیفراندۆم وەکو پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەورە و گرنگ بۆ گەلی کوردستان وەرچەرخانێکی مێژوویی و بووژانەوەی هزری نەتەوەیی بوو. ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی وەکو مافێکی سرووشتیی گەلی کورد چەندین ڕەهەندی بەخۆوە بینی، ئەگەرچی لەلایەن نەیارانەوە بە مەبەستێك ناسێنرا، گوایە نەهێشتنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، بەڵام هەرگیز گەلی کوردی ناچار نەکرد بۆ دواخستن، یان ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم، بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە زانیاری و ڕێکلامە نەرێنییانە بەرامبەر ئەو هەنگاوە ڕەوایەی گەلی کوردستان و مەرجەعی سیاسی (مسعود بارزانی) تەنیا بۆ دژایەتیکردنی گەلی کوردستان و سیمبولی نەتەوەیی سەرۆك بارزانی و کەسایەتییە کوردستانییەکان بوو، ئەوە بوو حکومەتی عێراق بە سوپا و میلیشیاتەکانی حەشدی شەعبی و بە هاوکاریی وڵاتانی هەرێمی هێرشیان کردە سەر خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان، بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانی لە ماهیەت و گرنگیی ڕیفراندۆم کەم بکەنەوە. ڕیفراندۆم توانی تا ڕادەیەکی ڕەها دەنگ و ڕەنگی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بە جیاوازییان لە ڕوانگە و ئایدیۆلۆژیاکانیشەوە لە هەرێمی کوردستان یەك بخات و بەرەو ئامانجێکی بەرزی نەتەوەیی و نیشتمانی ئاراستەی بکات، کۆدەنگییەکی ڕاددەبەدەری دروست کرد و بەشداربووان بە ڕێژەی لە ٩٢,٧٪ دەنگیان بە بەڵێ دا بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، ئەمەش وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ ئەو زەوتکردنی ماف و پەراوێزخستنەی کە زیاتر لە ١٥٠ ساڵە دژ بە کورد و دۆزە ڕەواکەی لەم ناوچەیەدا پەیڕەو کراوە.

سەرۆك بارزانی کە هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستانە و میراتگری ڕێبازی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی-یە، ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە وەکو پێشمەرگە و سەرکردەیەکی دیاری ناوچەکە و جیهان لە پێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و کوردستان خەبات

**حکومەتی عێراق بە سوپا و میلیشیاتەکانی حەشدی شەعبی و بە هاوکاریی وڵاتانی هەرێمی هێرشیان کردە سەر خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان، بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانی لە ماهیەت و گرنگیی ڕیفراندۆم کەم بکەنەوە**

**سەرۆک بارزانی کە هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستانە و میراتگری ڕێبازی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی-یە، ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە وەکو پێشمەرگە و سەرکردەیەکی دیاری ناوچەکە و جیهان لە پێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و کوردستان خەبات دەکات**

**گەلی کوردستانی باشوور گەلێکی زیندووە و سەربەخۆییان مەبەستە و چیتر قبووڵی پەراوێزخستن و سڕینەوەی ناسنامە و هێرشی دڕندانە و گەمارۆ ناکەن**

**گەلی کوردستان لەم ڕیفراندۆمەدا ئەو متمانەبەخۆبوونەی بۆ گەڕایەوە تاوەکو بەرگری لە ناسنامە نەتەوەییەکەی بکات و چیتر بە پاساوی جۆربەجۆر داواکاری و مافە نەتەوەییەکانی دوانەخات**

**لەو عێراقەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دامەزرا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کورد وەکو هاووڵاتی دەرجە دوو پەراوێز دەخرا و مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و هەرجارەو هێرش و ئابڵووقە و پیلانێکیان لە دژی دەکرد**

**ئەو لایەنانەی ناوخۆ و هەموو ئەو گرووپانەش کە پێشنیاری دواخستنی ڕیفراندۆمیان دەکرد، من پێم وایە فشارێکی دەرەکییان لەسەر بوو کە نەیاندەتوانی وەکو سەرۆک بارزانی بەرگەی ئەو فشارانە بگرن**

دەکات. سەرۆک بارزانی خاوەنی کەسایەتییەکی کاریزما و لێهاتووە و توانی هەروەکو چۆن مەلا مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوول هەموو کوردی لە پێناو دۆزی پیرۆزی نەتەوەیی کورد، بە یەك ئاراستە و بە یەکگرتوویی بەرە و شۆڕشێکی سەرتاسەری برد و شاکاری شۆڕشی ئەیلوولی تۆمار کرد، بە هەمان شێوە سەرۆک بارزانی لە پرسی ڕیفراندۆمدا توانی سەرنجی گەل و پارتە سیاسییەکان بەرەو ڕیفراندۆم ڕابکێشێت و لەژێر چەتری خواست و ویستی گەلدا هەموویانی کۆکردەوە، تاوەکو گەلی کوردستان لە ناو فەلسەفەی سیاسیدا بگەیەنێتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە مافی کەلتووری و خودموختاری و فیدراڵی، وەکو جارێکی دیکە گەورەترین نەتەوەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تووشی هێرشی سڕینەوەی ناسنامە و کۆمەڵکوژی نەبێتەوە، کە لە ڕابردوودا چەندین جار ئەو کارە قێزەوەنەیان دژ بە مرۆڤایەتی دەرهەق بەکورد و کوردستانییان ئەنجام داوە. هەرچەندە لە سەردەمی گلۆباڵیزەیشن و بە هۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاری لە هەموو لایەکەوە هەوڵ دەدرێت ناسنامەی نەتەوەکان کاڵ بکرێتەوە و نەیارانی کوردستان بە ڕووکەش کار بۆ ڕازیکردنی کورد دەکەن، تاوەکو دەستبەرداری مافە ڕەواکانی بێت، بۆیە زۆر گرنگ بوو گەلی کوردستان لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە بە گەلانی ئازادیخوازی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕابگەیەنێت: گەلی کوردستانی باشوور گەلێکی زیندووە و سەربەخۆییان مەبەستە و چیتر قبووڵی پەراوێزخستن و سڕینەوەی ناسنامە و هێرشی دڕندانە و گەمارۆ ناکەن. گەلی کوردستان لەم ڕیفراندۆمەدا ئەو متمانە بەخۆبوونەی بۆ گەڕایەوە تاوەکو بەرگری لە ناسنامە نەتەوەییەکەی بکات و چیتر بە پاساوی جۆربەجۆر داواکاری و مافە نەتەوەییەکانی دوانەخات، تەنانەت ڕیفراندۆم بۆ حکومەتەکانی ناوچەکەش ئەوەی سەلماند کە دەبێت ددان بەو ڕاستییەدا بنێن کە کورد نەتەوەیەکی ڕەسەنی ناوچەکەیە و خاوەن خاك و ناسنامەی تایبەت بە خۆیەتی و دەبێت ڕێزیش لەمافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بگیرێت و مافە کەلتووری و ئابوورییەکانی پێشێل نەکرێت، هەموو ئەو هێرش و ئابڵوقە و ئازاردانەی گەلی کوردیش تۆزقاڵێك ساردی ناکاتەوە لە خەباتە نەتەوەییەکەی، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر پێداگری دەکات لەسەر مافە نەتەوەییەکانی و هزری نەتەوەیی زیاتر و گەشاوەتر دەبێت، بەداخەوە لەو عێراقەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دامەزرا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کورد وەکو هاووڵاتی پلە دوو پەراوێز دەخرا و مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و هەرجارەو هێرش و ئابڵووقە و پیلانێکیان لە دژی دەکرد، هەر ئەمەش بوو وای کرد جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعێکی سیاسیی گەلی کوردستان وێڕای فشار و پاڵەپەستۆ دەرەکییەکان، مکوڕ بوو لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و سازشی نەکرد لەسەر دواخستنی ئەم پرسە نەتەوەییەی گەلی کوردستان، بگرە خۆڕاگرییەکی بێ وێنەی ئەنجام دا لە بەرامبەر هەموو ئەو فشارانەی کرابوونە سەری و، بە سەرکەوتوویی پرۆسەکەی ئەنجام دا، تەنانەت ئەو لایەنانەی ناوخۆ و هەموو ئەو گرووپانەش کە پێشنیاری دواخستنی ڕیفراندۆمیان دەکرد، من پێم وایە فشارێکی دەرەکییان لەسەر بوو کە نەیاندەتوانی وەکو سەرۆك بارزانی بەرگەی ئەو فشارانە بگرن، یەکێکیش لەو فشارە دەرەکییانە ئەوە بوو کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕیفراندۆم ئەنجام نەدات، بەڵام لەمەشدا ڕیفراندۆم دەستکەوتێکی گەورەی تۆمار کرد و بۆ یەکەمین جار خەڵکی کوردستان لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئازادانە دەنگیان دا، ئەو کاتە کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە خوێنی پێشمەرگە لە تیرۆریستانی داعش ڕزگار کرابوون و ئازاد بوون، من وەکو کەرکووکییەك ئەمەم بە گەورەترین دەستکەوتی ڕیفراندۆم دەزانی، چونکە بە هۆی سەرکەوتنی پرۆسەکە و بەرزیی دەنگی بەڵێ لە ڕیفراندۆمەکەدا سەلمێنرا کە ئەم ناوچانە کوردستانین و خەڵکەکەی خوازیارن بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و سەربەخۆییان دەوێت، ڕیفراندۆم لە

کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەڵگەیەکی مێژوویی گرنگە، کە دەکرێت لە ئایندەدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنرێت.

ریفراندۆم ئەگەرچی دوژمنایەتییەکی زۆری هێزە عێراقی و ئیقلیمییەکانی لێ کەوتەوە و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێزیش تا رادەیەکی زۆر بەرامبەر جووڵاندنی هێزو سوپا و ئازاردان و کوشتن و وێرانکردنی ماڵ و حاڵی خەڵکی مەدەنی بێ دەنگ بوون، بەڵام شاکارێکی مەزن و دیکۆمێنتێکی گەورەیە لەسەر دەستی ئیرادەی نەتەوەیی تۆمار کراوە و بووەتە ئەمری واقیع، رۆژێك دێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و گەلانی ئازادیخواز بە دەنگ ئەو داواکاری و خواستەی گەلەوە بێن، ئەوان ناتوانن بەردەوام بن لەسەر پێشێلی ئەو پرەنسیپانەی کە خۆیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەری رێککەوتوون و بۆ گەلانی دیکەی ناوچەکە بە رەوای دەبینن و بۆ کورد بە رەوای نابینن. لەلایەکی دیکەوە لە لێکەوتەکانی ریفراندۆمدا بۆمان دەرکەوت کە دەبێت کورد زیاتر لەسەر هەزری نەتەوەیی کار بکات و نەتەوە بونیات بنێتەوە و ملکەچی ویست و خواست و بەرژەوەندییەکانی گەلانی دیکە و حکومەتەکانی ناوچەکە و ئایدیۆلۆژیا نامۆکان نەبێت، ئەو ئایدیۆلۆژییانەی نامۆن بە هەزری نەتەوەیی کورد و لە دەرەوەی سنوورەکان بۆمان نێردراون.

گەلی کوردستان بە دڵنیاییەوە دەتوانێت سنوورە دەستکردەکان کۆتایی پێ بهێنێت، وەکو نەتەوەیەکی زیندوو خاوەنی بەڵگەنامەیەکی یاسایی و دەستووری و نێودەوڵەتییە لەم ناوچەیەدا، لە ریفراندۆمدا ئەو راستییە مێژووییەمان بۆ زیندوو بووەوە، کە ئەگەر نەیارانی کورد لە زۆربەی پرسە سیاسییەکان ناکۆك بن، کەچی بۆ دژایەتیکردنی کورد و رێگریکردن لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کۆك و یەکریز و یەکدەنگن، بۆیە گەلی کورد لەم ریفراندۆمەدا ئەو راستییەی بۆ دەرکەوتووە کە نەیارانی هەرێمی دژی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستانن و بەردەوام لە رێگەی مەرام و پیلانی دژایەتیکردن و تێکدانی نێوماڵی کوردەوە، کار بۆ سڕینەوەی هەزری نەتەوەیی دەکەن و ژیانێکی شایستە و باش بە گەلی کورد رەوا نابینن، گەلی کورد جارێکی دیکە بە دەنگێکی بەرزی مەدەنی و دیپلۆماسی و سیاسی، بە هەموو ئەو دوژمن و نەیارانەی کوردی گوتەوە کە کورد گەلێکی زیندووە و ژێردەستەیی قبووڵ ناکات و داوای ئازادی و سەربەخۆیی خۆی دەکات.

ریفراندۆم وەکو پرۆسەیەکی مەدەنی و سیاسی، ئەو هەستەی لا دروست کردین کە دەبێت بە هەموو توانامانەوە کار لەسەر هەزری نەتەوەیی بکەین و ئایندەساز و دەوڵەتساز بین، هەروەکو چۆن لە ریفراندۆمدا کورد متمانەی بۆ خۆی گەڕاندەوە، بە هەمان شێوە دەبێت لە بەرگریکردن لە ناسنامە نەتەوەییەکەمان چیتر بە پاساوی جۆراوجۆر داواکاریی مافە نەتەوەییەکانمان پێشێل نەکرێت و بگرە داواکاریی ئەم مافە و جێبەجێکردنشی دوا نەخەین. پێویستە دەرئەنجامی ریفراندۆم لە رەشنووسی ئەو دەستوورەی کە کاری بۆ دەکرێت لە هەرێمی کوردستان بنووسرێتەوە، بە روونی ئاماژەی پێ بکرێت، تاوەکو کەس جورئەتی ئەوەی نەبێت لەکەداری بکات، یان لە ژێر هەر بەرژەوەندییەکی تایبەتی و فشار و پاڵەپەستۆیەکی دەرەکیدا پاشگەز ببێتەوە لێی و جێبەجێی نەکات. دەبا ئێمەش بۆ نەوەکانی داهاتوو کار لەسەر وانەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین و پرسی ریفراندۆم لە ناو پەروەردە و پرۆگرامەکانی خوێندن رەنگ بداتەوە و بچەسپێت و بە دەیان کتێبی لەسەر بنووسرێت و توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی ریفراندۆم ببێتە میتۆدێك و بەردەوام لە یادمان بێت و نەوەکانمان پێی ئاشنا ببن و نەوە لە دوای نەوە بابەتی زانستیی لەسەر بنووسن. بەرز و پیرۆزیی ریفراندۆم وەکو هەموو دەستکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دیکە رابگیرێت، هەروەها فۆرمەکانی بەهێزتر و تۆکمە بکرێت و خاڵە لاوازەکانی زیاتر پڕبکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا زیاتر و زیاتر بتوانین ئەو بەڵگەنامە دەستووری و یاساییە بە جیهان بناسێنین.

**ریفراندۆم لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەڵگەیەکی مێژوویی گرنگە، کە دەکرێت لە ئایندەدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنرێت**

**رۆژێک دێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و گەلانی ئازادیخواز بە دەنگ ئەو داواکاری و خواستەی گەلەوە بێن، ئەوان ناتوانن بەردەوام بن لەسەر پێشێلی ئەو پرەنسیپانەی کە خۆیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەری رێککەوتوون**

**لە ریفراندۆمدا ئەو راستییە مێژووییەمان بۆ زیندوو بووەوە، کە ئەگەر نەیارانی کورد لە زۆربەی پرسە سیاسییەکان ناکۆک بن، کەچی بۆ دژایەتیکردنی کورد و رێگریکردن لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کۆک و یەکریز و یەکدەنگن**

**مەلا حەیدەر بندیان**
نووسەر و شارەزا لە بواری فیقهی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# هەرکەسێک نیشتمانپەروەر نەبێت نوێژی هەینی لەسەر نییە

## ئەگەر هەموومان پشتیوانیی سەرۆک مسعود بارزانی بکەین، کوردستان دەچێتە قۆناغێکی دیکە

**مەلا حەیدەر بندیان نووسەر و شارەزا لە بواری فقهی ئیسلامی خاوەنی چەندین پەرتووکی تایبەت بە بواری ئایینی ئیسلام و نەتەوەییە. سەبارەت بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی ئایینی لەناو گەلی کوردستان و ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە پتەوکردنی گیانی تەبایی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، تەوەری سەرەکیی ئەم دیمانەیە بوون و مەلا حەیدەر بندیان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



*** بوونی کەلتووری پێکەوەژیان لە کوردستان کە شانازی پێوە دەکەین و لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئیسلامیدا بوونی نییە، بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان. سەرەتا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان دەبێت کەمێك لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە تاوەکو بزانین خۆڕسکیی و ڕەسەنایەتیی تێگەیشتنی کورد بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام بزانین. لە ساڵی ٢٠ی کۆچیدا لە سەردەمی ئیمامی عومەری کوری خەتاب (خ.ل) کە فەتحی عێراق و شامی کرد، کورد خۆی پێشوازی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کرد و بە پاك و بێگەردی هێشتیەوە. ئەگەرچی لە زۆر شوێنی دیکە تەیار و گرووپی توندڕەو و نامۆ بە ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دروست بوون و دەستکاریی زۆر بواریان کردووە، بەڵام کورد هەروەکو چۆن لە فەتح و بەهێزکردنی دەوڵەتی ئیسلامیدا ڕۆڵی گەورەیان هەبوو، هەر بەم شێوەیە ڕێگایان نەدا ئەو هزرە نامۆیانە ڕوو بکاتە ئایینەکەیان. لەو سەردەمەوە مزگەوتەکانی «خورماڵ و ئاکرێ» پێگە و ڕۆڵی لە پێگەیاندنی سەدان زانا و مامۆستای ئایینی ئیسلام هەبووە. لە ساڵەکانی سەدەی (٢ و ٣ی کۆچی)یەوە تا ئەم سەردەمە پێکەوەژیان لە ئایینی ئیسلامدا ڕەنگی داوەتەوە و سەرکردە گەورەکانی کوردیش لەسەر ئەم ڕێبازە پیرۆزە خەباتیان بۆ نەتەوەکەیان کردووە و بنەما پیرۆزەکانیان پاراستووە، هەروەکو چۆن پێغەمبەرمان (د.خ) لە مەدینەی پیرۆز ٢١ بەندی بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان نووسیبوە، کوردیش خۆی پێشوازی لە ئیسلام کردووە و ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پەیڕەو کردووە و لە ژێر سایەیدا هەموو ئایین

و ئایینزاکان ژیاون و لە قورئانی پیرۆزی ئیسلامیشدا هاتووە: «لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ».

*** باسی سەرکردە گەورەکانی کوردت کرد، ئایا کیانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییان بۆ ئەو بەرەوپێشچوونە فیکری و دیندارییە دەگەڕایەوە کە لە ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەیانبوو، کە هاوکات پەروەردەی مزگەوت و تەکییە و خانەقا و حوجرە بوون؟**

- کورد هەرگیز پێشوازی لە فیکری ئیرهابی و توندوتیژی و نامۆ بە ڕەسەنایەتیی ئیسلامی نەکردووە و بۆچوونی توندڕەویی ڕەت کردووەتەوە. زاناو مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش لەسەر ئەو نەهج و بیروباوەڕە بوون و سەرکردەکانی کوردیش پەیڕەوی ئەو مەدرەسەیە بوون کە لە مزگەوت و تەکیە و حوجرەدا خوێندوویانە، هەر بۆیە ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ناخی سەرکردەکانی کورددا بوونێکی بەهێزی هەیە، مزگەوتەکانی کوردستان لانە و بێشکەی تەسەوفی ڕاستەقینە و هزری کوردایەتیی ڕەسەن و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سوڵح و ئاشتی و تەبایی و ڕاستی و دروستی بوون، ئەو سەرکردانەی پەروەردە و ئەهلی مزگەوت و تەسەوف و دینداری بوون، دینەکەیان و نەتەوەکەیان پێیان دەڵێن خزمەتکاریی نەتەوەکەی خۆیان بن و لەخواترس بن و شۆڕش لە دوای شۆڕش لەپێناو لابردنی چەوسانەوە و زوڵم لەسەر نەتەوەکەیان بەرپا کردووە. قازی محەمەد، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی حەفید و مەلا مستەفای بارزان و کۆمەڵێك زانای گەورە هەر هەموویان ئەهلی حوجرەی مزگەوت و زکر و تەسەوف و خوداپەرستی بوون و، لەپێناو کەرامەت و مەزڵوومییەتی کورد و مافی نەتەوەکەیان تێکۆشاون. مەلا مستەفا بارزانی بێ جیاوازی لە نێوان نەتەوە و ئایینەکان و ڕەگەز و چین و توێژەکان لەپێناو هەموواندا تێکۆشاوە، ڕێبازی ئەو سەرکردەیە ڕێبازی کوردایەتی و ئایینی پیرۆزی ئیسلام بووە.

*** دەتوانین بڵێین تا ئێستاش ئەم هزر و ڕێبازە بەردەوامی هەیە و هزری نەتەوەیی و ئایینی گرێدراوی یەکترن؟**

- مسعود بارزانی جێگای شانازیی هەموو نیشتمانپەروەر و کەسایەتیەکی ئەم نەتەوەیەیە، سەرکردەیەکە بە هەمان ڕێبازی باوکی و سەرکردە مێژووییەکانی دیکە لەپێناو گەلەکەیدا خەبات دەکات، لەیادی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستاندا سەردانی کردین و دوو قسەی بۆ کردین، هەمووان هەستمان بە ڕەسەنایەتی و پەروەردەی ئەم سەرکردە گەورەیەی کورد کرد کە پەروەردەیەکی زۆر ڕێکوپێکە و قورئان خوێنە و ڕۆژوو دەگرێت و نوێژەکانی لە کاتی خۆیدا دەکات و لەسەر ڕێگای نەقشبەندیشە، ڕەسەنایەتی و درێژکراوەی ڕۆڵ و پێگەی سەرکردەکانی پێش خۆیەتی، بۆیە بەردەوام لەخەمی نەتەوەکەیدایەو نەیار و دوژمنانی کورد زۆر دژایەتی دەکەن، چونکە دەزانن سەرکردەیەکی زۆر ساڵح و دیندار و نەتەوەییە، خۆ ئەگەر لێی بگەڕێن، سەرۆك بارزانی هەرێمەکەمان دەکاتە شامی شەریف، بەڵام بەداخەوە فیتنەیی و دووبەرەکی و دەستتێوەردانی دەرەکی ڕێگا نادەن هەموو ئەو کارانە جێبەجێ بکات کە بڕوای پێیەتی، سەرکردەیەکی بەم شێوەیە ئەگەر هەمووان پاڵپشتی بکەین و حزبە سیاسییەکان لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان نەبنە ڕێگر و گوێڕایەڵی بن، نەك تەنیا کوردستان عێراقیش ئیسراحەت دەکات و ئاشتی و تۆوی تەبایی لە تەواوی عێراق و ناوچەکەدا دەبووژێتەوە. ئەگەر چاوێك بە کتێبەکانیدا بخشێنینەوە بە ڕوونی و ئاشکرایی ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییە مێژووییانەی بۆ دەربکەوێت، دەبێت زۆر بخوێنێتەوە و بە دوای زانست و خوێندندا بچێت، تاوەکو پڕ چەك بێت لە دژی فکری توندڕەوی و نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کوردایەتی.

*** باسی دەستتێوەردانی دەرەکی و دژایەتیی کوردت کرد، کورد گەلێکی موسڵمانە کەچی لەسەر دەستی ڕژێمەکانی ناوچەکە و دەسەڵاتدارانی عێراق تووشی زوڵم و چەوسانەوە بووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە دژایەتیکردنی گەلی کوردی موسڵمان تا چەند لە دژی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمانە؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەتان ڕەنگە لە دووتوێی هەموو لاپەڕەی گۆڤارەکەتان دەرفەتی تەواو نەبێت، باسی بکەین، بەڵام بە کوردی و کورتی دەتوانم ڕاستیی ئەم ڕژێمانەی یەك

**کورد هەرگیز پێشوازی لە فیکری ئیرهابی و توندوتیژی و نامۆ بە ڕەسەنایەتیی ئیسلامی نەکردووە و بۆچوونی توندڕەویی ڕەت کردووەتەوە**

**ئەگەر لێی بگەڕێن، سەرۆک بارزانی هەرێمەکەمان دەکاتە شامی شەریف، بەڵام بەداخەوە فیتنەیی و دووبەرەکی و دەستتێوەردانی دەرەکی ڕێگا نادەن هەموو ئەو کارانە جێبەجێ بکات کە بڕوای پێیەتی**

**گەلی کورد ٧٥٠ ساڵ پێش زایین حکومەتی میدیی هەبووە و ١٥٠ ساڵ حوکمی کردووە و کورد هەرگیز وەکو ئێستادا پەرتەوازە نەبووە**

**خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا و پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) بە ڕوونی و ئاشکرایی کوشتن و چەوساندنەوەی کورد و هەموو میللەتانی جیهانیان حەرام کردووە**

لەدوای هاتوونەتە سەر حوکم لە عێراقدا باسی بکەین مە هەموویان دەمارگیری و ڕەگەزپەرست بوون. ئەوان بە ناوی ئیسلام و مەزهەبەکانیانەوە کورد دەچەوسێننەوە، لە کاتێکدا ئیسلام بێبەرییە لەو هەڵسوکەوتانەیان، نەك هەر ڕژێمەکانی عێراق، بەڵکو ڕژێمەکانی هەموو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، وەکو میراتی هەر ڕژێمێك بە جیاوازی ئایدیۆلۆژیا و هزر و سیاسەتیانەوە کاریان چەوساندنەوە و دزینی سەروەت و سامانی کورد بووە و خۆیان پێگەیاندووە و ئێمەی کوردی موسڵمان و مەزڵوومیان چەوساندووەتەوە و ئێمەیان لەناو بردووە. لە کاتێکدا گەلی کورد ٧٥٠ ساڵ پێش زایین حکومەتی میدیی هەبووە و ١٥٠ ساڵ حوکمی کردووە و کورد هەرگیز وەکو ئێستادا پەرتەوازە نەبووە. ئەوانە عەلائەدین سەجادی باسی کردوون، لە مێژووی هاوچەرخیشدا بۆیە نایانەوێت کورد دەربکەوێت و سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، لە ئازایەتی و خێروبێری خاکەکەیان و بەهێزیی ئیرادە و شۆڕشگێڕییان دەترسن.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەشتان، خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا و پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) بە ڕوونی و ئاشکرایی کوشتن و چەوساندنەوەی کورد و هەموو میللەتانی جیهانیان حەرام کردووە، خوای گەورە فەرموویەتی: «مَن قَتَلَ نَفْساً بِغَيْرِ نَفْس أَوْ فَسَاد فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعاً وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعاً..». پێغەمبەرمان دەفەرموێت: «لهدم الكعبة حجراً حجرا أهون من قتل مسلم»، لە شوێنێکی دیکەدا لەسەر ئازاردانی موسڵمانان دەفەرموێت: «من آذى مسلماً بغير حقٍّ فكأنما هدم بيت الله». کوشتنی ئەو هەموو کوردە بە کیمیاوی و زیندەبەچاڵ و تۆپباران و مووشەکباران و درۆن و فڕۆکە لای خوای گەورە تاوانێکی زۆر گەورەیە. کورد هەموو نەتەوەی فارس و عەرەب و تورك بە برای موسڵمانی خۆی دەزانێت، کەچی ڕژێمەکانی ئەو گەلانە بەردەوام دەیانەوێت وا نیشانی گەلەکانیان بدەن کە کورد و حکومەتەکەیان هەڕەشەیە بۆ سەر ئەوان.

*** باسی حکومەتی هەرێمی کوردستانت کرد، ئایا تا چەند ئەم حکومەتە لە گەیاندنی پەیامی پێکەوەژیان و خزمەتکردنی هاووڵاتیان سەرکەوتوو بووە ؟**

- بەداخەوە زۆر جار بۆ دژایەتیکردنی گەلی کوردی موسڵمان پەنا بۆ دژایەتیکردنی حکومەتەکەی دەبەن، چونکە حکومەت پارێزەر و خزمەتکاری خەڵکە، ئەوان باش دەزانن کوڕی مسعود بارزانی سەرکردەی گەورەی کورد لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵدا وێڕای ئەو هەموو قەیران و گەمارۆیە چ هەنگاوێکی بۆ ڕێکخستنەوە و بەهێزبوونی نێوماڵی کوردی ناوە، ئەوان بەردەوام کاریان بۆ نانەوەی دووبەرەکی و فیتنە وئاژاوەگێڕی و ناسەقامگیری کردووە، پەنایان بۆ قەیرانی دارایی و نەمانی سیولە و تۆمەتبەخشینەوە بردووە، جێگای داخە زۆر لە حزبەکانی کوردستان بە مەبەست و نەزانین خزمەتی نەیار و دوژمنانی کورد دەکەن. لە شەرعی خوای گەورەدایە ئەگەر مرۆڤ نیشتمانی نەبێت، نوێژی هەینی لەسەر نییە، دەزگا نهێنی و هەواڵگرییەکانیان بەردەوام لە بۆسەدان بۆ کوردی چەوساوە و مەزڵووم. هەر دوێنێ بوو بۆ بەشداری لە چلەی ئیمام حوسێن بە سەدان زیارتکار لە حاجی ئۆمەرانەوە سەردانی کوردستانیان کرد و لەوێوە چوون بۆ زیارەتکردن، کەچی هەر کە گەڕانەوە بە مووشەك و درۆن و تۆپخانە وەڵامی خزمەت و چاکە و ڕێزگرتنیان داینەوە و منداڵ و دایك و ژن و پیر و پەککەوتە بوونە ئامانجی زەبری کوشندەی هێرشەکانیان.

لە کۆتایی قسەکانمدا داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ڕەسەنییەتی کوردەواری و ئەو مامۆستایانە بکات کە ئەهلی تەسەوفن و دینداری پاك و نیشتمانپەروەرن و دین و نیشتمان پێکەوە بەڕێوە دەبەن. پێویستە تاکی ئێمە دوای کەسان و گرووپێکی نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەکەوێت، هەرچی ئەو گرووپ و کەسانەیە وەکو تۆپێکی لاستیك وان، بیکێشە بە دیواردا ڕاستەوخۆ بۆ دەموچاوی خۆت دەگەڕێتەوە، بە هاوشێوەی ئوسامە بن لادن جێگایان بکەیت و هاوکارییان بکەیت، لە دژت هەڵدەگەڕێنەوە، دەبێت لێپرسینەوە و بەدواداچوونی جددیی بکرێت و پیاوی وڵاتانی هەرێمی و نەیارانی کورد و خراپەکار لێ بدرێن و پاکسازیی تێدا بکرێت.

**کورد هەموو نەتەوەی فارس و عەرەب و تورك بە برای موسڵمانی خۆی دەزانێت، کەچی ڕژێمەکانی ئەو گەلانە بەردەوام دەیانەوێت وا نیشانی گەلەکانیان بدەن کە کورد و حکومەتەکەیان هەڕەشەیە بۆ سەر ئەوان**

**جێگای داخە زۆر لە حزبەکانی کوردستان بە مەبەست و نەزانین خزمەتی نەیار و دوژمنانی کورد دەکەن**

**هەر دوێنێ بوو بۆ بەشداری لە چلەی ئیمام حوسێن بە سەدان زیارتکار لە حاجی ئۆمەرانەوە سەردانی کوردستانیان کرد و لەوێوە چوون بۆ زیارەتکردن، کەچی هەر کە گەڕانەوە بە مووشەك و درۆن و تۆپخانە وەڵامی خزمەت و چاکە و ڕێزگرتنیان داینەوە**

**پێویستە تاکی ئێمە دوای کەسان و گرووپێکی نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەکەوێت، هەرچی ئەو گرووپ و کەسانەیە وەکو تۆپێکی لاستیك وان، بیکێشە بە دیواردا ڕاستەوخۆ بۆ دەموچاوی خۆت دەگەڕێتەوە**

ئاگرین عەبدوڵڵا ئاگرین

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و کاروباری ڕێگاوبان بۆ گوڵان:

# بە یەک گوژمە ٦٠ ملیار دینار بۆ ڕێگای کەلار-دەربەندیخان تەرخان کراوە

**ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کارنامەیەکی گشتگیری هەیە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و باشترکردنی دەستەبەری خزمەتگوزارییە بنەڕەتی و سەرەکییەکان بۆ هاووڵاتییان، یەکێک لەو بوارانەی خزمەتگوزارییەکان دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانە و لەم ڕووەوە هەنگاوی باش و بەرچاو هەڵگیراوە، ئەم پرسە بووە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ئاگرین عەبدوڵڵا ئاگرین بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.**

*** هەروەك ئاشکرایە بایەخدان بە دروستکردن و چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان یەکێکە لە ئەولەوییەتە سەرەکییەکانی حکومەت، ئایا گرنگترین پرۆژەکانی ڕێگاوبان کە دەستیان پێ کردووە و جێبەجێ کراون چین؟**

- لە ئێستادا چەندین پرۆژەی گرنگ و ستراتیژیی ڕێگاوبان لە بواری جێبەجێکردندان، بە چەشنی پرۆژەی ڕێگای دۆڵی بالیسان کە نۆژەن دەکرێتەوە و بڕی سێ ملیار و حەوت سەد ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە و کۆمپانیای شارستێن تێیدا دەست بەکار بووە و درێژیی ئەو ڕێگایە نزیکەی ٥٠ کیلۆمەتر دەبێت، کە لە سنووری ئیدارەی ڕاپەرین لە حاجیاوا دەست پێ دەکات تا دەگاتە ناحیەی بالیسان، لەوێشەوە تا دەگاتە ڕێگای خەلیفان لەو ڕێگایە ئێستا ٢٣ کیلۆمەتری خراوەتەبەر نۆژەنکردنەوە بە شێوەیەکی زۆر باش و ستاندار. چونکە ئەو بەشە کێشە و گرفتی زۆری تێدا دروست ببوو، لەبەر ئەوەی بارهەڵگرێکی زۆر ئەو ڕێگایە بەکاردەهێنن. هەروەها پرۆژەی ڕێگای دۆڵی زەرزێش کە لە سنووری ئیدارەی سۆرانە، ئەوە کارکردن تێدا بەردەوامە. یەکێکی دیکە لە پرۆژە گرنگەکان، کە لەلایەن ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی بۆ دانرا، دروستکردنی ڕێگای دوو سایدی نێوان سپیلك — خەلیفانە کە بڕی ٦٤ملیار و دوو سەد



و چل و پێنج ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، ئەم ڕێگایە بەشێکە لە شادەماری ڕێگاوبانی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو بەشەی سپیلك بۆ خەلیفان بەشێکی گرنگی ئەو ڕێگا ستراتیژییەی نێوان پایتەختی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی سۆرانە و لەوێشەوە بەرەو دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران.

*** بەڵام چەندین پرۆژەی گرنگیش جێبەجێ کراون و خراونەتە خزمەتی هاووڵاتییانەوە، ئایا دەکرێت ئاماژەیان پێ بکەن؟**

- گرنگترین پرۆژە جێبەجێکراوەکان بریتین لە بەدووسایدکردنی ڕێگای نێوان هەولێری پایتەخت و پارێزگای دهۆك و ئیداری زاخۆ و دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، کە ئێستا ئەو ڕێگایە لە خاڵی دەستپێکی ئیبراهیم خەلیلەوە تا دەگاتە شاری هەولێر بە شێوەیەکی زۆر گونجاو و سەرکەوتوو جێبەجێ کراوە. تەنیا یەك بەشی بچووکی نەبێت کە دەکەوێتە نێوان چوارڕێیانی باعەدرێ و ئەڤریکی کە ئەو بەشەش بەرینە و کێشەی نییە، هەر بۆیە ئەم ڕێگایە لەلایەن هاووڵاتیان بەتایبەت بارهەڵگرەکان بە شێوەیەکی تەندروست و کەمترین کێشەی هاتوچۆ بەردەوام شەو و ڕۆژ هاتوچۆی لەسەرە و لەو ڕێگایە گرنگترین بەشی کە زۆر بە ئەندازەیی و ستاندار تەواو بووە پردی زێی گەورەیە. هاوکات پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی کە لەو کابینەیەدا تەواوبووە کە ئەویش تونێلی پیرمام و ڕێگا پێوەبەستراوەکانیەتی کە ئەم پرۆژەیە هەشت کیلۆمەتر ڕێگاشی لەگەڵدا بوو کە ئەو تونێڵ و هەشت کیلۆمەتر ڕێگایە پێش تەواوبوونی وەك گرێکوێرەیەك وابوو لە بەردەمی ئەو ڕێگا گرنگ و شادەماری هاتوچۆیە کە بە تەواوبوونی ماوەی نێوان شەقڵاوە - هەولێر ٢٠ خولەك کەم بووەوە.

*** ئایا بۆ ڕێگاوبانی سنووری سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کە کێشەی زۆریان تێدایە و ڕۆژانە ڕووداوی نەخوازراوی هاوچۆیان تێدا ڕوودەدات، چی کراوە و پلان و بەرنامەتان بۆیان چییە؟**

- بەداخەوە ئەو ڕێگاوبانانەی دەڤەری سلێمانی ڕێژەی ئەنجامدان و کارکردن تێیاندا هەر لە دواوە بوون، پرۆژەی ڕێگاوبانەکانی ئەو سنوورە پارەی زۆریان پێویستە و ئەو کۆمپانییانەی کە لە پرۆژەکانی ڕێگاوبانی سنووری سلێمانی کاردەکەن، بودجەی پێشینەیان دەوێت، بەڵام

**دروستکردنی ڕێگای دوو سایدی نێوان سپیلک – خەلیفانە کە بڕی ٦٤ملیار و دوو سەد و چل و پێنج ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، ئەم ڕێگایە بەشێکە لە شادەماری ڕێگاوبانی هەرێمی کوردستان**

**ئەو کۆمپانییانەی کە لە پڕۆژەکانی ڕێگاوبانی سنووری سلێمانی کاردەکەن، بودجەی پێشینەیان دەوێت، بەڵام ئەو کۆمپانییانەی لە ڕێگاوبانەکانی هەولێر و دهۆک کار دەکەن، داوای بودجەی پێشینە ناکەن، بەڵکو پڕۆژەکان تەواو دەکەن، لە پاشان وردە وردە بودجەی پڕۆژەکانیان وەردەگرن**

**تا ئێستا هیچ پڕۆژەیەکمان لە هەولێر نییە کە وەک ڕێگای نێوان کەلار – دەربەندیخان ئەو ژمارە گەورەیەی بودجە بە یەک وەجبە بۆ تەرخان کرابێت**

ئەو کۆمپانییانەی لە ڕێگاوبانەکانی هەولێر و دهۆك کار دەکەن، داوای بودجەی پێشینە ناکەن، بەڵکو پڕۆژەکان تەواو دەکەن، لە پاشان وردە وردە بودجەی پڕۆژەکانیان وەردەگرن، کە ئەم دیاردەیە لە سنووری سلێمانی گەرمیان نییە، هەر بۆیە پڕۆژەکانیان دواکەوتن و کارکردن تێیاندا ڕاوەستاوە، یان کارکردن تێیاندا زۆر سستە. هەرچەندە ئێستا جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگای نێوان کەلار – دەربەندیخان ٦٠ ملیار دیناری بە یەك وەجبە بۆ تەرخان کردوون، ئەمە گەورەترین بودجە تەرخانکردنە بۆ پڕۆژەیەك، تا ئێستا هیچ پڕۆژەیەکمان لە هەولێر نییە ئەو ژمارە گەورە و بودجەیەی بە یەك وەجبە بۆ تەرخان کرابێت، بەڵام بەداخەوە کێشەی نەبوونی نەختینە لە بانکەکانی سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان ڕێگرە لە بەردەمی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەی سنووری سلێمانی و گەرمیان. هەرچەندە وەزارەت هەوڵی داوە و یەکێك لە پێشنیارەکانمان بۆ ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەوە بووە، ئەگەر بکرێت مانگانە لە داهاتی نەوت ١٠ملیۆن دۆلار بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە تەرخان بکرێت، بۆ تەواوکردنی ئەو کۆمەڵە پڕۆژە دواکەوتوو و وەستاوانەی پێ تەواو بکرێن کە دەکەونە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەڕین. لەلایەکی دیکەوە تونێلی دەربەندیخان پرۆسەیەکی یەکجار ئاڵۆزە کە بودجە و ئیمکانیاتێکی یەکجار زۆری دەوێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، بەڵام ئەگەر بمانەوێت ڕێگای هاتوچۆ لە نێوان سنووری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان چارەسەر بکەین، پێشەکی دەبێت ڕێگای کەلار-دەربەندیخان تەواو بکەین کە ئەمەش ٦٠ملیار دیناری کاشی پێویستە. لە پاشان پێویست بەوە دەکات تونێلێکی تازە دروست بکەین لەگەڵ ڕێگا بەستراوەکانی کە بە مەزندەی ئێمە ٢٠٠ملیۆن دۆلاری پێویستە و دەبێت ڕێگای وارماوە-دەربەندیخانیش تەواو بکەین، ئەم ڕێگایەش نزیکەی ١٠ملیار دیناری دەوێت. لە پاش بە یەکەوە بەستنەوەی ئەو سێ ڕێگایە ئینجا دەتوانین بڵێین ڕێگای نێوان سلێمانی-گەرمیان دەبێت بە ڕێگایەکی دووسایدیی گونجاو. هەر بۆیە لە ئێستادا زۆر زەحمەتە ئەو بودجەیە هەر هەمووی بە یەکەوە بتوانرێت تەرخان بکرێت. هەر چەندە وەك ئاماژەم پێدا وەزارەت بۆ هەر هەمووی هەوڵی داوە و بە سوپاسەوە ڕێزدار سەرۆکی حکومەت ٦٠ملیاری تەرخان کرد بۆ ڕێگای کەلار-دەربەندیخان، بەڵام کارکردن تێیدا زۆر سستە، چونکە هەفتانە، یان دوو هەفتە جارێك ٢٠٠ ملیۆن دینار بە کاش لەلایەن بانکەکانی گەرمیانەوە دابین دەکرێت، کە ئەمەش پارەیەکی زۆر کەمە. هەروەها بۆ تونێلی دەربەندیخانیش لە گفتوگۆداین لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی کە بێت بە شێوەی قەرزی دواخراو جێبەجێی بکات و زۆر مەبەستمانەوە و لە هەوڵی بەردەوامداین و جەنابی سەرۆکی حکومەتیش زۆر پەرۆشە و تەئکید لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە دەکاتەوە، چونکە لە دەمی تونێلی دەربەندیخان تا وارماوە ڕووداوی نەخوازراو و دڵتەزێنی هاتوچۆی زۆر ڕوودەدات. لەبەر ئەوەی ئەو ڕێگایە بەرزە و گرێی تێدایە، ئەوە بارهەڵگرەکان بە خاوی دەڕۆن و ئۆتۆمبێلەکانی دواوەیان زۆر جار تووشی تەجاوز دەبن و لە ئەنجامدا پێکدادان و کێشەی هاتوچۆی نەویستراو و ناخۆش ڕوودەدەن، بۆ چارەسەری ئەو کێشانە وەك دەستپێك لە پڕۆژەکە تونێلی دەربەندیخان نۆژەن دەکەینەوە و ڕووناکی و نیشانەی هاتوچۆی باش و گونجاو و پێویستی بۆ دادەنین و لەو شوێنانەی تکەی ئاوی هەیە، چارەسەری دەکەین. لە پاشان ڕێگای وارماوە - ناوتاق دەربەندیخان کە لەپلانیش نییە، بە سوپاسەوە جەنابی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ ئەو پڕۆژەیە ٥ملیار و ٧٠٠ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کرد کە ئەو ڕێگایە کە قیرتاو بکەین و درێژییەکەی ٢٢ کیلۆمەترە و دەبێتە ڕێگایەکی بەدیل و گونجاو کە ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان بگوازرێنەوە سەر ئەم ڕێگایە و بە ناو دەربەندیخان و تونێلی دەربەندیخاندا هاتوچۆ نەکەن، بەمەش ڕووداوی ترافیك کەم دەبێتەوە. هەر چۆنێك بێت، ڕەزامەندیمان بەدەست هێناوە بۆ ئەم دوو کارو پڕۆژەیەی ئەم دەڤەرە و لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. هاوکات بۆ هەمان ڕێگا بەرنامەیەکی دیەکەمان هەیە تاوەکو زیاتر بتوانین ڕووداوی هاوچۆ کەم بکەینەوە. هەر چەندە مەرج نییە ڕووداوەکان هەر

هەمووی پەیوەندی بە ڕێگاوبانەوە هەبێت، ئەو بەرنامەش بریتییە لەوەی کە لە دەمی تونێلی دەربەندیخانەوە بۆ وارماوا ئەو ڕێگایە بەرفراوان بکەین و نیشانەکانی هاتوچۆی تەواوی بۆ دابنین و بە شێوەیەکی ئەندازەیی و گونجاو هێڵکاری و نەخشەکێشی بۆ بکەین، تاوەکو هەر ئۆتۆمبێلێك ئەو هێڵ و نەخشانە بەکار بێنێت کە دەبێتە هۆی سەلامەتیی خۆی و هاووڵاتیان و کەمبوونەوەی ڕووداوەکانیش.

*** ئەی ڕێگای هەولێر – کۆیە کەی تەواودەبێت کە ڕێگایەکی گرنگی هاتوچۆیە بە تایبەت بۆ بەستنەوەی هەولێر بە سلێمانییەوە؟**

- ڕێگای هەولێر- کۆیە پێنج قۆناغە و کێشەکە لەوەدایە بودجەیەکی یەکجار زۆری پێویستە کە ٣٦٠ملیار دیناری پێویستە و قۆناغی پێنجەمی ئەو پرۆژەیە تەواوکردنی تونێلی هەیبەت سوڵتانە و لە ئێستادا نەتوانراوە پارەی پێویست بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژەیە دابین بکرێت.

*** باشە تونێلی چیای بەنی هەریر بەچی گەیشت کە چەندین ساڵە لە بەرنامەدایە؟**

- ئەو پرۆژەیە لە ئێستادا وەستاوە، چونکە بودجەیەکی یەکجار زۆری پێویستە، بەڵام بۆی هەیە بەدووسایدکردنی ڕێگای سپیلك – خەلیفان بە تەواوبوونی قەرەبووی ئەو تونێلەی بەنی هەریر بکاتەوە بۆ هاتوچۆکردنی هاووڵاتیان.

*** پرۆژەی هێڵی ئاسنینی هەرێمی کوردستان بە چی گەیشتووە؟ ئایا ئەو پرۆژەیە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان بە یەك دەگەیەنێت، یان سنووردارە؟**

- پرۆژەی هێلی ئاسنین لە بەرنامە و پلاندایە و لەلای ئێمە و حکومەتیشەوە گرنگی تایبەت و ستراتیژی هەیە و لە جێبەجێکردنی ئەو هێڵەدا هیچ شارێکی سەرەکیی هەرێمی کوردستان بەتایبەت شاری سلێمانی لە بیر ناکات و لە ناو پرۆژەکەدایە، بەڵام پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەر لە هەرێمی کوردستان لە دراسەکردن و دانانی کەڵك و سوودی ئابووریدایە و ئەو جۆرە پرۆژانە لە هەموو وڵاتانی دونیادا بە پێشکەوتووەکانیشەوە ٥ تا ٦ ساڵی پێویستە تا تەواو دەبێت.

*** چ ڕێکارێك گیراوەتەبەر بۆ ئەو زێدەڕۆییانەی کراوەنەتە سەر ڕێگاوبانەکان؟**

- لە سەردانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن باسی زێدەڕۆییەکانی سەر ڕێگاوبانەکان کرا، خۆشبەختانە بڕیارێکی دەرکردووە کە هەماهەنگییەکی باش لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی هەبێت و لیژنەیەکی هاوبەش پێکهێنراوە و هەموو زێدەڕۆییەکان دەستنیشان کراون و لە هەوڵی نەهێشتن و چارەسەرکردنی ئەو بابەتەین.

**پرۆژەی هێلی ئاسنین لە بەرنامە و پلاندایە و لە لای ئێمە و حکومەتیش گرنگیی تایبەت و ستراتیژی هەیە**



**بۆ تونێلی دەربەندیخان لە گفتوگۆداین لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی کە بێت بە شێوەی قەرزی دواخراو جێبەجێی بکات**



**پ.د.ئاریانا شێخ خالس بەرزنجی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان:**

# بۆردی کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیی پزیشکی هاوتای بۆردی ئوردنی و عەرەبییە

**ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیی پزیشکی یەکێکە لە دامەزراوە گرنگەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٩ بە بڕیاری پەرلەمان و لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دامەزراوە، خاوەنی ٥٦ لقی پسپۆڕی و پسپۆڕیی وردی پزیشکییە و هەتا ئێستا ٧٣٧ پزیشک هەڵگری بڕوانامەی کوردستانن بۆ پسپۆڕی پزیشکی، هەروەها ٨٣٥ پزیشکی بوارە جیاوازەکان لە قۆناخی خوێندن و ڕاهێناندان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم دامەزراوە گرنگە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ پ.د. ئاریانا شێخ خاڵس بەرزنجی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیی پزیشکی ئەنجام دا و بەم جۆرە وڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان، یەکێکە لە دامەزراوە زانستی و پزیشکییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئایا کەی ئەم ئەنجومەنە دامەزراوە؟**

- ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان لە ساڵی ٢٠٠٩ بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان و لەژێر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، بۆیە ئەنجومەنەکەمان دامەزراوەیەکە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان. سەرەتا لە ژمارەیەك لقی پسپۆڕی پزیشکی پێك هاتبوو، بەڵام لەبەر پێویستیی کۆمەڵگەی کوردی بە پسپۆڕییە جیاوازەکانی پزیشکی، بە درێژایی ئەم ساڵانەی دوایی چەندین پسپۆڕیی دیکەی تیادا کراوەتەوە و، ئێستا لە ٥٦ پسپۆڕی و پسپۆڕی وردی جۆراوجۆر پێك هاتووە، کە ڕاهێنراوانمان خوێندن و ڕاهێنانی تیادا ئەنجام دەدەن لە بوارەکانی پزیشکی و پزیشکی ددان و دەرمانسازیدا، ساڵانە ڕاهێنراوان لەو پسپۆڕییانەدا وەردەگیرێن و هەر یەکەو بەپێی پسپۆڕییەکەی، کە هەیانە چوار ساڵە و هەیانە پێنج ساڵە لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی ڕاهێنان ئامادە دەکرێن و، دوای تەواوکردنی ڕاهێنان و مەرجەکانی دیکەی خوێندن، بڕوانامەی بۆردی کوردستانیان پێ دەدرێت.

**بڕوانامەی بۆردی کوردستانی بەرزترین بڕوانامەی پیشەییە لە بواری پسپۆڕییە پزیشکییەکاندا، لە ڕووی ماف و جیاوکەکانەوە هاوتایە لەگەڵ بڕوانامەی دکتۆرا، بەڵام لە ڕووی پرۆگرامی خوێندنەوە، بۆرد لەگەڵ دکتۆرا جیاوازە، بۆرد کلینیکییە، دکتۆرا ئەکادیمییە**

*** هەتا ئێستا چەند پزیشك لە کوردستان بڕوانامەی بۆردی کوردستانیان پێ دراوە و چەندی دیکەش لە قۆناخی ڕاهێناندان؟**

- تا ئێستا ٧٣٧ پزیشك لە کوردستان بڕوانامەی بۆردی کوردستانیان پێ دراوە و بوونەتە هاوەڵی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ

**تاقیکردنەوە بە ڕاهێنراو دەکرێت لە ڕووی پڕاکتیکی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەخۆش و پەیوەندیی نێوان نەخۆش و پزیشک و هەروەها چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی کە دێتە بەردەمیان**

**ڕاهێنراوانی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان خۆیان پزیشکن و نیشتەجێی دێرینن لە نەخۆشخانەکاندا، بەڵام ئەوان لە ژێر سەرپەرشتیی پزیشکی پسپۆڕ و خاوەن نازناوی زانستیی بەرز مەشق و ڕاهێنان دەکەن**

**وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی فیدراڵی بە بیانووی ئەوەی نابێت لە وڵاتێکدا دوو بۆرد هەبێت، متمانەی (Accreditation) بە بۆردی کوردستانی نەداوە، ئەمە لە کاتێکدا ڕاهێنراوانی هەردوو بۆردی عێراقی و عەرەبیش لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان کە سەنتەری ڕاهێنانی بۆردی کوردستانین، مەشق و ڕاهێنان دەکەن**

پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان، ژمارەی ئەوانەشی ئێستا ڕاهێنراون لە ئەنجومەنەکەمان و لە خوێندن بەردەوامن ٨٣٥ ڕاهێنراوە.

*** بڕوانامەی بۆردی کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیی پزیشکی هاوتای چییە؟**

- بەپێی ڕێکخراوی فیدراسیۆنی پزیشکیی جیهانی (World Federation for Medical Education – Postgraduate) بڕوانامەی بۆردی کوردستانی بەرزترین بڕوانامەی پیشەیییە لە بواری پسپۆڕییە پزیشکییەکاندا، لە ڕووی ماف و جیاوکەکانەوە هاوتایە لەگەڵ بڕوانامەی دکتۆرا، بەڵام لە ڕووی پرۆگرامی خوێندنەوە، بۆرد لەگەڵ دکتۆرا جیاوازە، بۆرد کلینیکییە، دکتۆرا ئەکادیمییە.

ڕاهێنراو لە بۆردی پزیشکیی کوردستان لە پسپۆڕییە جیاوازەکاندا کە هەیانە چوار ساڵە، هەیانە پێنج ساڵە، خوێندن و ڕاهێنان دەکات، ئەگەر پسپۆڕیی وردیش بخوێنێت، ئەوا ماوەی خوێندن و ڕاهێنانی دەبێتە حەوت ساڵ لە نەخۆشخانەکان و سەنتەرەکانی ڕاهێنان، لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی پزیشکی پسپۆڕ مەشق و ڕاهێنان دەکات، کە زۆربەیان نازناوی زانستییان پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ڕاوێژکارە. هەر ڕاهێنراوێکیش ماوەی ١٤ ڕۆژ بە بێ هیچ بیانوویەك و هۆیەك لە خوێندن و ڕاهێنان دابڕێت، ئەوا تەرقین قەید دەکرێت.

دوای ئەنجامدانی پرۆگرامەکانی ڕاهێنان، ڕاهێنراوان پێش قۆناغی کۆتایی دەچنە قۆناغی تاقیکردنەوەی زانستە بنەڕەتییەکان کە پێی دەگوترێت (OSCE) لەم تاقیکردنەوەیەدا ڕاهێنراو هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، تا بزانرێت گەیشتووەتە ئەو ئاستەی تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەنجام بدات و بڕوانامەی بۆردی پزیشکی کوردستانی پێ بدرێت، یان نا. پاش تەواوبوون و دەرچوونی قوتابی لە تاقیکردنەوەی OSCE، دەبێت ڕاهێنراو توێژینەوە (Article) ئامادە بکات و لە گۆڤاری بۆردی پزیشکیی کوردستان، یان لە گۆڤارێك بڵاوی بکاتەوە کە (Impact factor)ی بەرزبێت.

ئێمە لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان، خاوەن گۆڤاری سەربەخۆی خۆمانین بە ناوی (Advanced Medical Journal) و ڕاهێنراوان دەتوانن توێژینەوەکانیان تیادا بڵاوبکەنەوە.

*** ئایا لە ماوەی ساڵانی ڕاهێنانیاندا ڕاهێنراوانی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان، سەردانی وڵاتانی دەرەوە دەکەن بۆ ئەوەی ئەزموونی زیاتر وەربگرن؟**

- تا ساڵی ٢٠١٤ و پێش بڕینی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان ساڵانە ڕاهێنراوەکانی خۆی دەنارده (ئینگلتەرا، هیندستان، تورکیا و ئوردن) و لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی ڕاهێنانی ئەو وڵاتانە بۆ ماوەیەك مەشق و ڕاهێنانیان دەکرد، بەڵام بەداخەوە لەبەر قەیرانی دارایی ئێستا ناتوانین پێداویستی و خەرجیان بۆ دابین بکەین و چەند ساڵێکە وەستاوە، ئەوکات ڕاهێنراوان تەنیا دەیانتوانی لەو وڵاتانە ڕاهێنان بکەن، بەڵام نەیاندەتوانی لە دوای دەرچوونیان لەو وڵاتانە وەك پزیشکی پسپۆڕ کاربکەن، کەچی ئێستا دوای ئەوەی متمانەمان لەلایەن ئەنجومەنی پزیشکی پێ دراوە و سکوولەر شیپمان لە سەنتەری (الحسین) بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە بۆ ڕاهێنراوانمان هەیە و ڕاهێنراو دەتوانێت لەسەر ئەرکی خۆی بچێت بخوێنێت و، بەهۆی ئەوەشی متمانەمان پێ دراوە، دوای دەرچوونیان ڕاهێنراوانمان دەتوانن لە سەنتەرە بەناوبانگەی وڵاتی ئوردن بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە کاریش بکەن. لەلایەکی دیکەوە توانای ئەوەشمان هەیە بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی، پزیشکی زۆر باش لە پسپۆڕییە جیاوازەکاندا لە دەرەوەی وڵات بانگهێشت بکەین و بەشداری لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ڕاهێنراوانمان بکەن. تاقیکردنەوەی کۆتایی ڕاهێنراوانی بۆردیش بە شێوەی پراکتیکییە لە ناو قاوشی نەخۆشخانەکاندا ئەنجام دەدرێت، واتە تاقیکردنەوەیەکی کلینیکییە، تاقیکردنەوە بە ڕاهێنراو دەکرێت لە ڕووی پڕاکتیکی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەخۆش و پەیوەندیی نێوان نەخۆش و پزیشك



دکتۆره ئاریانا لەکاتی وەرگرتنی متمانەی ئەنجوومەنی پزیشکی ئوردن

و هەروەها چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی کە دێتە بەردەمیان، هاوکات شارەزایی و لێهاتوویی کلینیکییان تاقی دەکرێتەوە، دەبێت ڕاهێنراو لەمانە هەمووی سەرکەوتوو بێت، ئینجا بڕوانامەی بۆردی لە پسپۆڕییەکەی خۆی پێ دەدرێت و دەبێتە هاوەڵی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان.

*** ئەو مەرجانە چین کە پێویستە لەو نەخۆشخانە و سەنتەرانەی ڕاهێنان هەبێت، تا ڕاهێنراوانی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان ڕاهێنانیان تیادا ئەنجام بدەن؟**

- پێش کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنان لە هەر نەخۆشخانەیەکی وڵاتەکەماندا، لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان لیژنەی تایبەت پێك دەهێنێت و سەردانی ئەو نەخۆشخانانە دەکات و، دەبێت کۆمەڵێك مەرج و تایبەتمەندی تیایاندا هەبێت، وەك (ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆش، چەند نەشتەرگەری تیادا ئەنجام دەدرێت، هەروەها بوونی هۆڵی خوێندن، هۆڵی خوێندنی بەردەوام، هۆڵی گەورە بۆ پێشکەشکردنی کۆڕ و سیمینار، کتێبخانەی زانستی) و چەندین مەرجی دیکە، ئینجا لیژنە تایبەتەکەی ئەنجومەنەکەمان پەسەندی دەکات و دەبێتە سەنتەری ڕاهێنانی ڕاهێنراوان. ڕاهێنراوانی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان خۆیان پزیشکن و نیشتەجێی دێرینن لە نەخۆشخانەکاندا، بەڵام ئەوان لە ژێر سەرپەرشتیی پزیشکی پسپۆڕ و خاوەن نازناوی زانستیی بەرز مەشق و ڕاهێنان دەکەن.

*** ئایا ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان (بۆردی کوردستانی) لەلایەن بۆردی عێراقییەوە دانی پێدا نراوە؟**

**ئەم هاوتاکردنەی بۆردی پزیشکی کوردستان بە ئەنجومەنی پزیشکی ئوردنی یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پشتگیرییەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بواری تەندروستی و خوێندنی باڵا لە کوردستاندا**

- بەداخەوە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی فیدراڵی بە بیانووی ئەوەی نابێت لە وڵاتێکدا دوو بۆرد هەبێت، متمانەی (Accredita-tion) بە بۆردی کوردستانی نەداوە، ئەمە لە کاتێکدا ڕاهێنراوانی هەردوو بۆردی عێراقی و عەرەبیش لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان کە سەنتەری ڕاهێنانی بۆردی کوردستانین، مەشق و ڕاهێنان دەکەن، هەر لێرەش تاقیکردنەوە ئەنجام دەدەن، لە کاتێکدا بۆردی کوردستانی لە ڕووی خوێندن و ڕاهێنان و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، قورسترە لە هەردوو بۆردی عێراقی و عەرەبی.

*** هیچ هەوڵێکتان داوە لە ئاستی وڵاتانی دەرەوە متمانە بۆ بۆردی کوردستانی وەربگرن؟**

- ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە، ئەم کێشە گەورەیە ئەمساڵ لە سایەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پشتگیری جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت بۆ ئەم بوارە، توانرا هەنگاوی گرنگ بنێین و لەگەڵ «ئەنجومەنی پزیشکی ئوردنی -Jordan Medical Council» بگەینە لێکتێگەیشتنێکی زۆر باش لەسەر ئەم پرسە، لە ٧ تا ١٤ی ئایاری ئەمساڵ ٢٠٢٢ شاندێکی ئەنجومەنی پزیشکی ئوردنی کە پێك هاتبوو لە چوار ڕاگری کۆلێژی پزیشکی، کە ئاستێکی باڵای کۆلیژەکانی ئوردنن، هاتنە کوردستان و سەردانی (هەولێر، سلێمانی و دهۆك)یان کرد، زۆر بە وردی هەڵسەنگاندنیان بۆ نەخۆشخانەکان و سەنتەرەکانی ڕاهێنانی بۆردی پزیشکیی کوردستان کرد و، زۆر خاڵی گرنگیان بۆ دەستنیشان کردن، سەرەنجام توانرا متمانەی ئەنجومەنی پزیشکیی ئوردنی بۆ بۆردی پزیشکیی کوردستان وەربگرین لە ڕووی سەنتەرەکانی ڕاهێنانەوە، ئەم هاوتاکردنەی بۆردی پزیشکی کوردستان بە ئەنجومەنی پزیشکی ئوردنی یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پشتگیرییەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بواری تەندروستی و خوێندنی باڵا لە کوردستاندا. بڕیاریشە بەم زووانە شاندێکی دیکەی پزیشکی ئوردنی بێت بۆ بەشداری لە تاقیکردنەوەی کۆتایی بۆردی پزیشکیی کوردستان.

*** کاردانەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی فیدراڵیی عێراق بەرامبەر ئەم متمانەپێدانە چی بوو؟**

- ددانەنانی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی ناوەندی عێراق بە بڕوانامەی بۆردی پزیشکیی کوردستان، بیانوویەکە بۆ ئەوەی پسپۆڕی پزیشکی و پسپۆڕی وردی پزیشکیی لە کوردستان پێش نەکەوێت، لە ناو بۆردی عێراقیشدا ئەو هەموو پسپۆڕییە نییە کە پێویستمان پێیانە.

ئێستا ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان ٥٦ لقی پسپۆڕی جیاوازی هەیە، بۆیە پێویستمان بە بۆردێکی سەربەخۆ هەبوو، بۆ ئەوەی بەپێی پێداویستیی وڵاتی خۆمان کاری تیادا بکەین و پەرلەمانی کوردستانیش بڕیاری دامەزراندنی بۆ دەرکرد، بۆردەکانی عێراقی و عەرەبیش دەزانن کە مەرج و ستاندەردەکان لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی ڕاهێنانی کوردستان هەیە، بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بۆردی پزیشکیی کوردستان، خۆیان ڕاهێنراوەکانیان بۆ سەنتەر و نەخۆشخانەکانی ئێمە دەنێرن، تا ڕاهێنان تیایاندا ئەنجام بدەن، بۆیە متمانەپێنەدانی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق تەنیا بیانوو بووە و ناتوانێت هیچ کاردانەوەیەکی هەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك بۆردی پزیشکیی کوردستان هاوتا دەکرێت لەگەڵ ئەنجومەنی پزیشکی ئوردنی، ڕاستەوخۆ لەگەڵ بۆردی عەرەبیش هاوتا دەبێت، بۆیە عێراق هیچی پێ ناکرێت.

سیاسەتی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان ئەوەیە پسپۆڕیی زیاتر بکاتەوە لە پسپۆڕییەکان و پسپۆڕی ورد و کارگێڕیی تەندروستی و ددان و دەرمانساز و ئابووری دەرمان، هەروەها بە نیازین بۆردی (پەرستار)یش بکەینەوە، بە نیازیشن پسپۆڕی (داد پزیشکی) بکەینەوە و، بۆ ئەو مەبەستە لە ڕووی لۆجیستییەوە هەماهەنگی لەگەڵ خاچی سووری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەکەین، لە سەرووی هەموو ئەمانە ئێمە دەمانەوێت هەموو پزیشکان ببنە هەڵگری بڕوانامەی بۆردی پزیشکی کوردستان، تا بتوانن باشتر خزمەتی نەخۆشەکانی وڵاتەکەمان بکەن.

ددانەنانی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی ناوەندی عێراق بە بڕوانامەی بۆردی پزیشکیی کوردستان، بیانوویەکە بۆ ئەوەی پسپۆڕی پزیشکی و پسپۆڕی وردی پزیشکیی لە کوردستان پێش نەکەوێت

بۆردەکانی عێراقی و عەرەبیش دەزانن کە مەرج و ستاندەردەکان لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی ڕاهێنانی کوردستان هەیە، بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بۆردی پزیشکیی کوردستان، خۆیان ڕاهێنراوەکانیان بۆ سەنتەر و نەخۆشخانەکانی ئێمە دەنێرن

کاتێک بۆردی پزیشکیی کوردستان هاوتا دەکرێت لەگەڵ ئەنجومەنی پزیشکی ئوردنی، ڕاستەوخۆ لەگەڵ بۆردی عەرەبیش هاوتا دەبێت، بۆیە عێراق هیچی پێ ناکرێت

*** بۆ متمانەوەرگرتن تەنیا لەگەڵ وڵاتی ئوردن ئەو هەنگاوەتان ناوە، یان هەنگاو و هەوڵی دیکەشتان لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا هەیە؟**

- ئامانجی سەرەکیی ئێمە ئەوە بوو متمانە لە ئەنجومەنی پزیشکی ئوردنی وەربگرین، بۆ ئەوەی ئەو متمانەیە ببێتە متمانەیەك لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، هاوکات لەگەڵ بۆردی پزیشکی میسری و سعوودی و ئیماراتیش هەوڵمان داوە و، ئێستا دەمانەوێت ئەم متمانەوەرگرتنە عەرەبییە بۆ متمانەوەرگرتنی نێودەوڵەتی بگۆڕین، بۆ ئەمەش سەردانێکی فەرمیم بۆ دوو زانکۆی ئەمریکی ئەنجام دا، کە بە فەرمی بانگهێشت کرابووم، لەوێ توانیمان لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش دروست بکەین و بڕیاریان دا نوێنەریان بۆ کوردستان بنێرن، تا نەخۆشخانەکانی کوردستان و سەنتەرەکانی ڕاهێنانی بۆردی پزیشکیی کوردستان ببینن، ئەوە بوو ڕێکەوتی ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ ٢٠٢٢ پزیشکێکی هاوەڵی بۆردی ئەمریکی سەردانی کوردستانی کرد و چووە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی ڕاهێنان لە هەولێر و دهۆك، بەڵام بە داخەوە بە هۆی بۆردومانی ئێران بۆ سلێمانی و کۆیە نەمانتوانی ببیەین بۆ سلێمانی و نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی ئەویش بەسەر بکاتەوە، لەم سەردانەدا باسمان لە (پزیشکیی فریاکەوتن) کرد و بە نیازین لەگەڵ زانکۆکانی (تێنیسی و پێنسیلڤانیا)ی ئەمریکی پرۆگرامی خوێندن و ڕاهێنانی (پزیشکیی فریاکەوتن) دابڕێژین، هەروەها ڕێکەوتی ١٢ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵیش ٢٠٢٢ سەبارەت بە متمانەوەرگرتن لەگەڵ بۆردی ئەمریکی کۆبینەوە. جگە لەمە لە بەریتانیاش پەیوەندیمان لەگەڵ زانکۆکانی (NHS، London College Royal) لەو وڵاتەدا هەیە.

*** ئێوە وەك ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان پەیوەندیتان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

- ئێمە لە ڕووی توانای مرۆیی پلانی ستراتیژیی وەزارەتی تەندروستی جێبەجێ دەکەین، لە هەمان کاتیشدا ڕاهێنراوەکانمان نیشتەجێی دێرینن و سەر بە وەزارەتی تەندروستین، هەر نەخۆشخانەیەك ڕاهێنراوی بۆردی تیادا بێت، ئەوە خزمەتی بەرز بە نەخۆشەکان دەکرێت.

لە زۆربەی وڵاتان بۆردی پزیشکی دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە، بۆ نموونە ئەنجومەنی پزیشکیی ئوردن دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو وڵاتەیە، ئێمەش لەو ڕوانگەیەی کە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی کەسایەتییەکی ئەکادیمییە و سەرۆکی بۆردی زانکۆی ئەمریکییە لە دهۆك و لە وردەکاریی خوێندنی باڵا پسپۆڕە، بۆیە ئێستا هەوڵێکمان لەبەر دەستە کە یاسای ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان هەموار بکەینەوە و لەسەر بنەمای دەستەیەکی سەربەخۆی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دووبارە یاساکە دابڕێژینەوە.

*** بەرنامەی داهاتووتان بۆ پێشخستنی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییە پزیشکییەکان لە ئایندەدا چییە؟**

- بەرنامەیەکمان لە بەردەستە پێویستی بە زەمینەسازی و ئامادەباشییە، دڵنیام بگاتە بەردەستی جەنابی کاك مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیریی دەکات، ئەویش ئەوەیە متمانە بە هەموو نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی ڕاهێنان وەربگرین و هەموو نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی و تایبەتی بگرێتەوە، بۆیە ئەگەر ئەو متمانەیە وەربگرین و بەدەستی بهێنین، ئەوا دەتوانین سەنتەرەکانی ڕاهێنان و نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەتیش بۆ خوێندن و ڕاهێنان بەکار بهێنن، بۆیە ئەگەر ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت و لەمەدا پشتگیریمان بکرێت، ئەوا پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دروست دەبێت، بە نیازیشین پرۆگرامی پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام (CPD) بۆ هەموو کارمەندانی تەندروستی و پزیشکان و پزیشکی ددان و پزیشکانی دەرمانسازی و پەرستاری پەیڕەو بکەین و پەرەی پێ بدەین.

**لەگەڵ بۆردی پزیشکی میسری و سعوودی و ئیماراتیش هەوڵمان داوە و، ئێستا دەمانەوێت ئەم متمانەوەرگرتنە عەرەبییە بۆ متمانەوەرگرتنی نێودەوڵەتی بگۆڕین**

**ئەمساڵ ٢٠٢٢ پزیشکێکی هاوەڵی بۆردی ئەمریکی سەردانی کوردستانی کرد و چووە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی ڕاهێنان لە هەولێر و دهۆك، بەڵام بە داخەوە بە هۆی بۆردومانی ئێران بۆ سلێمانی و کۆیە نەمانتوانی ببیەین بۆ سلێمانی و نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی ئەویش بەسەر بکاتەوە**

**بە نیازین لەگەڵ زانکۆکانی (تێنیسی و پێنسیلڤانیا)ی ئەمریکی پرۆگرامی خوێندن و ڕاهێنانی (پزیشکیی فریاکەوتن) دابڕێژین**

دیمانەی تایبەت



**گلێن ئەریک**

**پڕۆفیسۆر لە بەشی مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی نەرویج بۆ گولان:**

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەرئەنجامی ڕەتکردنەوەی سیستمی نێودەوڵەتییە

**گلێن ئەریك ئەندرێ دیزەن زانایەکی سیاسیی نەرویجییە و بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری دامەزراوە و تەنگژە ئەمنییەکان لە زانکۆی ئازاد لە ئەمستردام بەدەست هێناوە. پێشتر نیشتەجێی ڕووسیا بووە و لە سکوولی باڵای ئابووری لە مۆسکۆ کاری کردووە و شارەزا و تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا و ئاوێتەبوونی ئەوروپایە. لە ئێستادا پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی نەرویج. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاتوێ کردن کە پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕەوە.**

*** چۆن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و درێژەکێشان و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم شەڕە دەڕوانن، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە ئەو بۆچوونە لەبەرچاو بگرین کە پێی وابوو ئەگەرەکانی پەنابردنە بەر شەڕ لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کەم بوونەتەوە، چونکە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان بە چەشنێکن کە بواری پەنابردنەبەر هەڵگیرساندنی شەڕیان کەم کردووەتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی ئەم شەڕە، یان بۆ هۆکار و پاڵنەرەکانی هەڵگیرساندنی، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە هەمیشە ڕووسیا باسی ئەوە دەکرد کە بەرفراوانبوونی ناتۆ بە چەشنێکە کە نیگەرانییە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتەی لەبەرچاو نەگرتووە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ڕووسیا بڕیاری داگیرکاری بدات. هەرچەندە پێشتر هەوڵ و کۆششەکان بۆ خاوکردنەوەی بارگرژییەکان کۆتاییان هات لە شێوەی گەیشتن بە ڕێککەوتنەکان، بە چەشنێك ئۆکرانیا ڕازی بوو بە پەسەندکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ دۆنباس، بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئاقار و ئاراستەیەکی دیکەدا کاری کرد و لە ئەنجامدا ئەم هەوڵ و ڕێککەوتنانە لەبار بران. ئێمەش دەزانین ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی ئەم شەڕەش- هەروەك لەلایەن ڕووسیاوە ڕاگەیەندراوە- بریتییە لەوەی کارێك بکرێت کە ڕێگری لە بەرفراوانبوونی ناتۆ بکرێت.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ڕەنگە ڕەوا نەبێت بوترێت ئەمە تەنیا شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیاییە، بە واتایەکی دیکە ئەم**

**ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا هەوڵیدا لەسەر حیسابی ڕووسیا برەو بە قەڵەمڕەوی ئاسایشی خۆی بدات**

**شەڕە دووبارە ململانێ و ڕکابەریی نێوان هێزە جیهانییە گەورەکانمان بۆ بەرجەستە دەکات، بە چەشنێك کە دەرئەنجامەکەی هەرچییەك بێت، ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕینی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی جیهانی، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەگەر ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارە گرێ بدەینەوە بە وەڵامی پرسیاری پێشووەوە، ئەوا دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم شەڕە بەرجەستەبوونی شکستێکی گەورەترە لەسەر ئاستی دامەزراوە و ڕێکارە نێودەوڵەتییەکان، واتە دەکرێت بڵێین دەرئەنجامی ناکۆکبوون و نەگەیشتنە بە هاوڕابوون و کۆدەنگییەك لە نێوان هێزە جیهانی و نێودەوڵەتییە دەستڕۆیشتووەکانی جیهانەوە، بە واتایەکی دیکە کۆتاییهاتنی شەڕی سارد ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانەی نەهێنایە ئاراوە کە جێی کۆدەنگی بن. بەڵکو بارودۆخی دوای ئەو ڕۆژگارە (ڕۆژگاری دوای شەڕی سارد) ناهاوسەنگییەك باڵی بەسەردا کێشابوو و ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵیدا لەسەر حیسابی ڕووسیا برەو بە قەڵەمڕەوی ئاسایشی خۆی بدات. لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە بتوانرێت بوترێت لە ئێستادا شەڕێکی دیکەی سارد سەری هەڵداوەتەوە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە ئێستا شەڕەکە شەڕی بە وەکالەتە کە لە نێو جەرگەی ئەوروپادا ڕوو دەدات.

*** وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەنتۆنی بلینکن ڕایگەیاند، ڕووسیا بەم شەڕ و داگیرکارییەی کە هەڵیگرساندووە، ئەوا سیستمی نێودەوڵەتیی «بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان»ی هەڵتەکاندووە، تێڕوانین و شرۆڤەکاری ئێوە چییە لەم ڕووەوە و ئایا پێتان وایە پایەکانی ئەم سیستمە بە چەشنك لەق بوون کە بتوانین بڵێین بەرەو ئاوابوون و لە ناوچوون دەچێت؟**

- ئەگەر ئێمە سەرەتا ئاماژە بە ناوەرۆك و جەوهەری ئەم سیستمە بکەین، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەم سسیتمە بە چەشنێك پێکهاتووە و دامەزراوە کە کەلێن و کەلەبەرێك لەخۆ دەگرێت، واتە بە چەشنێکە کە جەخت لەسەر پابەندبوون و پەیوەستبوون دەکاتەوە بە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا بوار دەدات کە لە حاڵەت و بارودۆخی نائاساییدا ئەم بنەما و پرەنسیپانە فەرامۆش بکرێن، ئەویش تەنیا بۆ هێزەکانی ڕۆژئاوا. واتە ئەم مافە تەنیا بە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕەوا بینراوە. ئەوە بوو کە سیستمێکی هاتەئاراوە و باڵادەست بوو و باڵی کێشا بەسەر جیهاندا کە دەوڵەتان خاوەن سەروەرییەکی یەکسان نەبن، بە پێچەوانەی ئەو بانگەشانەوە کە ئاماژەیان بەوە دەکرد، سەرجەم وڵاتان بە چەشنی یەك یەکسانن لە بواری سەروەری و سەربەخۆییدا. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین کە ئەم شەڕە دەرهاویشتە و دەرئەنجامی ڕەتکردنەوەی ئەم سیستمەیە.

*** هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا پەرەسەندن و پێشهاتەکانی شەڕ گۆڕانکارییان بە سەردا هاتووە و بەشێکی ئەو خاك و شارانەی کە ڕووسیا توانیویەتی دەستیان بەسەردا بگرێت، لە دەستی داوە و ئێستاش تا ڕاددەیەك ڕەوتی شەڕەکە پێچەوانە بووەتەوە، ئایا پێت وایە ئاقار و ئاراستەی شەڕەکە بەرەو کوێ دەچێت؟ ئایا پێشبینی درێژەکێشانی زیاتری ئەم شەڕە و هەڵکشانی بەرەو شەڕێکی ناوکی دەکەن، یان پێتان وایە دەکرێت دەروازەیەك و ڕێگاچارەیەك بۆ کۆتایی پێهێنانی بدۆزرێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ڕەوت و ڕەوڕەوەی شەڕەکە بە چەشنێك هەڵکشاوە کە چاوەڕێ و پێشبینی ئەوە ناکرێت لە ئێستادا بتوانرێت لە ڕێی گفتوگۆوە کار و کۆشش بکرێت بۆ کۆتاییهێنان و ڕاگرتنی ئەم شەڕە. ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ وەڵامەکانی پێشوو لە پەیوەندی بە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی ڕووسیا لە ئاست ئەم شەڕەدا، ئەوا ڕووسیا پێی وایە ئەم شەڕە و ئەم بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە پەیوەستە بە بوون و چارەنووسی وڵاتەکەیەوە. لە لایەکی دیکەوە نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ناتۆ و خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چەشنێك سەنگ و قورسایی خۆیان خستووەتە نێو ئەم شەڕەوە کە ئاسان نییە بتوانن وێنای ئەوە بکەن کە دۆڕان لەم شەڕە بە وەکالەتەدا قبووڵ بکەن.

*** ئاشکرایە کە ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا پاڵپشتی**

**لە ئێستادا شەڕێکی دیکەی سارد سەری هەڵداوەتەوە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە ئێستا شەڕەکە شەڕی بە وەکالەتە کە لە نێو جەرگەی ئەوروپادا ڕوو دەدات**

**ناتۆ و ئەمریکا بە چەشنێك سەنگ و قورسایی خۆیان خستووەتە نێو ئەم شەڕەوە کە ئاسان نییە بتوانن وێنای ئەوە بکەن کە دۆڕان لەم شەڕە بە وەکالەتەدا قبووڵ بکەن**

**ئەم سزا ئابووری و داراییانە کە ڕووسیایان کردووەتە ئامانج، نەیانتوانیوە ئەو دەرئەنجام و ئاکامە خوازراوانەیان لێ بکەوێتەوە کە ڕۆژئاوا و ئەمریکا چاوەڕێییان دەکرد**

**و هاوکاریی سەربازی بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر ناکەن، بەڵکو هەنگاوی بەرچاو و گەورەیان گرتووەتەبەر بۆ سەپاندنی سزا ئابووری و داراییەکان بەسەر ڕووسیادا، ئایا پێتان وایە تا چەند ئەم سزایانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر حیساباتی شەڕەکە و ناچارکردنی ڕووسیا بە گۆڕینی هەڵوێستەکانی لە ئاست ئەم شەڕەدا؟**

- ئەوەی تا ئێستا ڕوونە ئەوەیە کە ئەم سزایانە و ئەم ڕێکارە ئابووری و داراییانە کە ڕووسیایان کردووەتە ئامانج نەیانتوانیوە ئەو دەرئەنجام و ئاکامە خوازراوانەیان لێ بکەوێتەوە کە ڕۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاوەڕێییان دەکرد، یان ئومێدی ئەوەیان هەبوو بەدییان بهێنن. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە داڕووخان و تێکشکانێکی خێرای ئابووری ڕووسیامان بەدی نەکرد. لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین کە ئەم سزایانە کاریگەری پێچەوانەیان هەبووە لەسەر خودی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی وڵاتانی ئەوروپا، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە پرسی وزەوە. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی کەمکاریگەریی سزاکانی ڕۆژئاواش لە دژی ڕووسیا ئەوە بێت کە ڕۆژئاوا نەیتوانی و سەرکەوتوو نەبوو لەوەی کارێک بکات کە وڵاتانی دیکە هەمان هەنگاو هەڵبگرن، مەبەستم ئەوەیە بچنە پاڵ ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا بۆ ئەوەی سزا بەسەر ڕووسیادا بسەپێنن. هەرچەندە دەبێت لەم ڕووەوە ورد و وریا بین لە شرۆڤەکاری و هەڵسەنگاندنەکەماندا، چونکە دەکرێت لە مەودای دووردا ئەم سزایانە ئابووریی ڕووسیا تووشی دژواری بکەنەوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێت لەو گۆشەنیگایەوە حوکم لەسەر کاریگەریی ئەم سزایانە بدەین کە ئایا بوونەتە هۆی ئەوەی کاریگەرییان بووبێت لەسەر سیاسەتەکانی پەیوەست بە پێداچوونەوە بە بڕیاری بەردەوامیدان و درێژەدان بە شەڕەکەوە، ئەوا ڕەنگە بتوانین بڵێین کە ئەم سزایانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە و ئامانجەکانی خۆیان بەدی نەهێناوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەم سزایانە کاریگەرییەکی تێکشکێنەری ڕاستەوخۆیان نەبووە لەسەر ئابووری ڕووسیا، بە پێچەوانەوە ئەوەتا وڵاتانی ئەوروپا کەوتوونەتە بارودۆخێکەوە کە تووشی کێشە و تەنگژەی پەیوەست بە وزەوە بوونەتەوە، ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە وڵاتانی ئەوروپا -بە تایبەتی ئەڵمانیا- لە هەوڵی ئەوەدان سەرچاوەی بەدیلی هاوردەکردنی وزە بدۆزنەوە و خۆیان لە پشتبەستن بە هاوردەکردنی وزەی ڕووسیا دوور بخەنەوە، ئێوە چۆن لەم گۆڕانکارییانە دەڕوانن؟**

- به تێڕوانینی من وڵاتانی ئەوروپا زیاتر لە



ڕێگاچارەیەکیان لە بەردەمدا بوو لە پەیوەندی بە پرسی هاوردەکردنی وزەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەوروپا یان وڵاتانی ئەم کیشوەرە دەیانتوانی کارێك بکەن کە چیتر پێداگری نەکەن لەسەر بەرەودان بە ئامانجە هەژمونخوازییەکانیان و لەم ڕووەوە دەیانتوانی بە چەشنێك کار بکەن کە نیگەرانییە ئەمنییەکانی ڕووسیا لەبەر چاو بگرن. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی پەیوەندی بە پرسی دەستهەڵگرتن لە وزەی ڕووسیاوە بێت، ئەوا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ڕووسیا وەك کاردانەوەیەك کاری لەسەر ئەوە کردووە کە خۆی لە ئاوێتەبوون و تێکەڵبوون لەگەڵ ئابووریی ئەوروپا دابڕێت.




**ئەتالیا ئۆمێر**
پڕۆفیسۆری دیراساتی ئایینی و ئاشتی لە زانکۆی نۆتردام:

# لە ئەنجامی نایەکسانییەوە جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی ڕاسترەو سەری هەڵداوە

**ئەتالیا ئۆمێر پرۆفیسۆری دیراساتی ئایین و ناکۆك و ئاشتییە لە ئەنستیتوتی کرۆك بۆ دیراساتی ئاشتیی نێودەوڵەتی لە سکووڵی کیوە بۆ کاروبارە جیهانییەکان لە زانکۆی نۆتردام. بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری ئایین و ئەخلاق و سیاسەت لە زانکۆی هارڤارد بەدەست هێناوە. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ئایین و توندوتیژی و بنیاتنانی ئاشتی، هەروەها تیۆر و ڕێچکەکانی دیراسەتی ئایینی، ناسیۆنالیزم و ئاڵوگۆڕی ناکۆکی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد سەبارەت بە پرسی ناسیۆنالیزم و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** زۆجار کە باس لە ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان دەکرێت، ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە ئێستادا مەیلێك هەیە بۆ دووبارە گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم، بەو واتایەی کە وڵاتانی جیهان دەیانەوێت پتر جەخت لەسەر گرنگیدان بە پرس و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بکەن و کەمتر بایەخ بە پرسە نێودەوڵەتییەکان بدەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێمە لە جیهانێکی پێکەوەگرێدراودا دەژین، سەرەتا دەمانەوێت لە پێناسەی ناسیۆنالیزمەوە دەست پێبکەین، ئێوە چۆن پێناسەی دەکەن؟**

- من پێم وایە ئەوەی پەیوەست بێت بە ناسیۆنالیزمەوە ئەوا دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە بکەین کە دەتوانرێت ڕەگ و ڕیشە و بەرفراوانبوونی ناسیۆنالیزم گرێ بدرێتەوە بە شاڵاوی کۆلۆنیاڵیزمی سەدەی ١٥ کە لەلایەن ڕۆژئاواوەوە ئەنجام درا. دواتر ئەگەر پێناسەی ئەم پرسە بکەین، ئەوا بە دید و تێڕوانینی من دەکرێت بەو شێوەیە لێی بڕوانرێت کە پەیوەستە بە ڕەوایەتپێدانێکی سیاسی بە بونیاد و پێکهاتەی دەوڵەتەوە.

*** هەروەك لە پرسیاری پێشوو ئاماژەمان پێ کرد، لە ئێستادا گەڕانەوەیەك هەیە بۆ ناسیۆنالیزم، ئێوە چۆن لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم گەڕانەوەیە دەڕوانن و پێتان وایە هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت ئەم پەرەسەندنە چین؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە نەتوانین بڵێین ئەمە گەڕانەوە، یان سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزمە، چونکە ناسیۆنالیزم هەر لە ئارادا بووە و دەکرێت بە دەربڕین و گوزارشتێکی دیکە ئاماژە بەم پرسە بکەین و بڵێین: ئەوەی لە

**هەندێ ڕەوت و تەوژمی دادپەروەریخواز لە ئارادا هەن کە دەیانەوێت پەردە هەڵبدەنەوە لەسەر ئەو دەسەڵاتخوازی و باڵادەست و ئیستیغلالکردنەی لەژێر پەردەی جیهانگەرایدا دەگوزەرێت**

ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە جۆرێك لە ناسیۆنالیزم هاتووەتە ئارا کە پتر جەخت لەسەر دوورخستنەوە و پەراوێزخستن دەکات. ئەوەی پەیوەست بێت بە هۆکار و پاڵنەرەکانیشەوە، ئەوەیە لە ئێستادا و لەسەر ئاستی جیهان ئەوە بەدی دەکرێت کە جۆرێك، یان فۆرمێك لە ناسیۆنالیزمی ڕاستڕەو سەری هەڵداوەتەوە لە ئەنجامی ئەو نایەکسانییەی لە سەر ئاستی جیهاندا هاتووەتە ئاراوە.

*** هەندێ لە توێژەران و نووسەرانی ئەم بوارە باس لەوە دەکەن کە شان بە شانی ناسیۆنالیزم پەرەسەندنێکی دیکە هاتووتە ئاراوە ئەویش پۆپۆلیزم و ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتخوازییەوە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ڕەنگە نەتوانین پۆپۆلیزم یەکسان بکەین بە دەسەڵاتخوازی و شۆڤینیزم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەدی دەکرێت و ئەو پەرەسەندنەی دروست بووە، بریتییە لە سەرهەڵدان و هاتنەئارای هەندێ لە شێوە و فۆڕمەکانی تاکڕەوی و دەسەڵاتخوازی و دژ بە دیموکراتییە کە ڕەوایەتی دەدەن بە مەیل و ڕەوتێك کە برەو بە پەراوێزخستن دەدات، ئەم ڕەوتە پێی وایە پێشتر ڕۆژگارێکی پڕ لە شکۆمەندی و شانازی هەبووە کە دەبێت دووبارە بگەڕێنرێتەوە و کەسانێکیش هەن بوونەتە بەربەست لەم ڕووەوە، ئەمەش دۆخێکی خوڵقاندووە کە دژایەتی و ناکۆکی و یەکتر تۆمەتبارکردن دروست ببێت لە نێوان ناسیۆنالیستە ئیتنی و ئایینییەکاندا و هەندێ جار وەك دژ و دوژمن ئاماژە بە یەکتری دەکەن.

*** ئێوە لە یەکێك لە وەڵامەکانتاندا ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەم شێوە نەخوازراوەی ناسیۆنالیزم زادە و دەرهاویشتەی ئەو نایەکسانییەیە کە لەسەر ئاستی جیهان سەری هەڵداوە و هاتووەتە ئاراوە، ئەمە لە کاتێکدا کە بە جیهانگەرایی هەڵگری مژدەی باشترکردنی بار و گوزەرانی بۆ هەمووان هەڵگرتبوو، کەواتە پێت وایە دەبێت نارازیبوون و تەنانەت نائومێدبوون لە جیهانگەرایی بە جددی وەربگیرێت و هەڵوەستەی لەسەر بکرێت؟**

- بە تێڕوانینی من جیهانگەرایی بە چەشنێك هاتووەتە ئاراوە کە ڕەنگە بتوانین بڵێین پێچەوانە نابێتەوە و ناکرێت باس لەوە بکەین یان پێشبینی ئەوە بکەین کە لە ئارادا نەمێنێت، بەڵام ڕەنگە لە بەرگ و شێوە و فۆرمی دیکەدا گوزارشت لە خۆی بکات و بەرجەستە ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕەوت و تەوژمی دادپەروەریخواز لە ئارادا هەن کە دەیانەوێت پەردە هەڵبدەنەوە لەسەر ئەو دەسەڵاتخوازی و باڵادەست و ئیستیغلالکردنەی لەژێر پەردەی جیهانگەرایدا دەگوزەرێت.

*** هەر لە پەیوەندی بە سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزمەوە، ئەوانەی بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەوە لەم پرسە دەڕوانن، لە ڕووی مێژووییەوە ئۆباڵی چەندین کاولکاری و کوشتاری بەربڵاو و بەرفراوان دەخەنە ئەستۆی ناسیۆنالیزم، کەواتە دەمانەوێت پرسیارەکە ئەوە بێت ئایا دەکرێت بە ڕەهایی بڵێین ناسیۆنالیزم بۆ مرۆڤایەتی مایەی نەهامەتی و کارەسات بووە؟**

- ڕەنگە بتوانین بڵێین گیروگرفت هەیە لەم گوزارشت و بانگەشەیەی لە پرسیارەکەی ئێوەدا هەیە. من باوەڕم وایە دەکرێت گفتوگۆ لەبارەی مانا و واتاکانی هاووڵاتیبوون و ئینتیماوە بکەین، مەبەستم ئەوەیە مەرج نییە ناسیۆنالیزم بەرگ و ڕواڵەت، یان ڕەهەندێکی توندوتیژ و پەراوێزخستن وەربگرێت، هەروەها پێم وایە پێویست بەوە دەکات کە ئەو نادادی و ستەمە مێژووییانە ڕاست بکرێنەوە کە بە ناوی ناسیۆنالیزمەوە لە گەلان کراون.

*** چەمك و زاراوەیەکی دیکەی پەیوەندیدار بریتییە لە ناسیۆنالیزمی داخراو، ئایا چۆن دەکرێت پێناسەی ئەم چەمکە بکرێت و ئایا ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە ڕەنگدانەوەی لە شێوەی گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکی و گۆشەگیر و داخراودا دەبێت؟**

- من پێم وایە مەبەستی ئێوە بریتییە لەو بوونی ئەو ڕەوت و تەوژمانەی کە پێداگری لەسەر پەراوێزخستنی کەسانێك، یان پێکهاتەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگە دەکەن، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە یاد بێت کە لەسەر ئاستی جیهانیش سیاسەتەکان بە چەشنێکن کە سوودمەندبوونە بۆ نوخبەیەکی سیاسی و

**مەرج نییە ناسیۆنالیزم بەرگ و ڕواڵەت، یان ڕەهەندێکی توندوتیژ و پەراوێزخستن وەربگرێت، هەروەها پێم وایە پێویست بەوە دەکات کە ئەو نادادی و ستەمە مێژووییانە ڕاست بکرێنەوە کە بە ناوی ناسیۆنالیزمەوە لە گەلان کراون**

**وابەستەیی و ڕایەڵ و پەیوەندییەك لە نێوان ئایین و ناسیۆنالیزمدا هەیە**

**چەندین دەستتێوەردانی ئاشکرای ئایینی هەبوون کە ڕەنگرێژی ڕەوتی مێژوو و پەرەسەندنەکانیان کردووە**

**ئێمە ناتوانین لە دژایەتیکردنی سامییەتی هاوچەرخ تێبگەین، بە بێ شرۆڤەکردنی ڕەگ و ڕیشەکانی لە نێو توندوتیژی مەسیحییەتی کلاسیکیدا لە دژی جوولەکە**

ئابووریی دیاریکراو. لە دەرئەنجامدا دۆخێك دروست بووە كە كۆمەڵێك كەس لە نێو كۆمەڵگەكاندا وەك دوژمن بە ئامانج دەگیرێن، لە كاتێكدا ئەم كەسانە تەواو بێبەش كراون لە خێر و خۆشییەكانی سیستەمە ئابوورییە جیهانییەكان.

*** ئێوە توێژەر و تایبەتمەندی بواری دیراساتی ئایینین، ئایا هیچ جۆرە رایەڵ و پەیوەندییەك لە نێوان ئایین و ناسیۆنالیزمدا بەدی دەكەن؟**

- بەڵێ من باوەڕم وایە وابەستەیی و رایەڵ و پەیوەندییەك لە نێوان ئایین و ناسیۆنالیزمدا هەیە. خۆ ئەگەر ئێمە وەك بەرجەستەبوونی پرۆژەیەكی سیاسیی رۆژگاری هاوچەرخ لە ناسیۆنالیزم بڕوانین كە پێگەی بنەڕەتی ئایینی گرتووە لە رەنگرێژكردن و دارشتنەوەی سەرجەم لایەنە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانی ئەورووپا، ئەوا لە هەمان كاتدا دەتوانین ئاماژە بەو راستییە بكەین كە ئەم هەوڵ و پرۆژەیە تەواو خاڵی نەبووە لە ئایین. لە هەمان كاتدا دەكرێت جۆری ئەم پەیوەندی و رایەڵەش بە تێپەڕبوونی رۆژگار و سەردەمەكان گۆڕانكارییان بەسەردا بێت.

*** بەڵام ئاشكرایە كە پرسی ئایین قووڵ رۆچووەتە چەندین پرس و دۆزی نیشتمانییەوە لەسەر ئاستی جیهان، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و ئایا پێتان وایە ئەمە تا چەند لەسەر ئەو پرس و دۆزانە كاریگەری هەبووە؟**

- ئەگەر وەڵامێكی كورتی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەوا دەكرێت بڵێین بەڵێ هەندێ جار پێكداچوون ئاڵۆزی دروست كردووە. ئەگەر ئێمە لەم رووەوە ناكۆكیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لەبەرچاو بگرین، ئەوا ئەوەی بەدی كراوە ئەوەیە لەلایەن ئیسرائیلەوە پەنا براوەتە بەر راڤەی ئایینی و پرسە ئایینییەكان بۆ ئەوەی رەوایەتیدان و پاساوهێنانەوە بۆ هەندێ لە كردار و هەڵوێستەكانیان و ئەمە بە درێژایی داگیركارییەكەیان ئەنجام دراوە. هەرچەندە دەبێت لەم رووەوە بە حەزەر بین، واتە سەرەڕای ئەوەی كە ئاماژەمان پێ كرد و خستمانە روو، ئەوا ناكرێت بڵێین سەرجەم هەڵوێست و سیاسەتەكان لەم وڵاتەدا لە روانگە و گۆشەنیگایەكی ئایینییەوە لێیان دەڕوانرێت و ئەنجام دەدرێت،

بەڵام ئەوەی ئەنجام دراوە ئەوەیە كە ئایین كراوەتە بنچینە و بناغەی سیستەمەكە. هەر چۆنێك بێت چەندین دەستتێوەردانی ئاشكرای ئایینی هەبوون كە رەنگرێژی رەوتی مێژوو و پەرەسەندنەكانیان كردووە. دەتوانین ئاماژە بە رۆڵی مەسیحییە زایۆنییەكان بكەین. كەواتە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین كە ئایین پەیوەندیدارە بە شرۆڤەكردن و لێكدانەوەی



پەرەسەندن و پێشهاتە سیاسییەكانەوە، بە واقیعی كۆلۆنیالیزمەوە، بە داگیركاری و بە چۆنیەتی پاساوهێنان و رەوایەتی پێدانیانەوە بە درێژایی چەندین دەیە. هەروەها پرسی دژایەتیكردنی سامییەت هەیە كە لە دەرئەنجامدا بووە هۆی كۆمەڵكوژی دژ بە جوولەكەكان لە سەروەختی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەڵام دواتر بووە هۆی پتەوكردنی پرۆژەی سیاسی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینییەكان. لە هەمان كاتدا ئێمە ناتوانین لە دژایەتیكردنی سامییەتی هاوچەرخ تێبگەین، بە بێ شرۆڤەكردنی رەگ و ریشەكانی لە نێو توندوتیژی مەسیحییەتی كلاسیكیدا لە دژی جوولەكە.

**دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان:**
بیرمەند و ئەکادیمیستی عێراقی بۆ گولان:

# دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە بەشێکی زۆری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر دەکات

## ٤٢ ساڵە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و پێویستە دیالۆگی هاوبەش بۆ جیبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەست پێ بکات

پرۆسەی سیاسیی عێراق لە لێواری هەرەس و نایەقینی و چەقبەستووییدایە، هیچ ڕۆشناییەك لە ئاسۆدا بۆ دەرچوون لەو تونێلە تاریکە بەدی ناکرێت، هەر هەوڵێکیش کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە بدرێت سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت، چ لەسەر ئاستی لایەنە سیاسییەکانی عێراق، چ لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، بۆیە پێشبینی ناکرێت بەم زووانە ئەم وڵاتە لەسەر ئاستی سیاسی و ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەقامگیر بێت، ئەمانە و چەند تەوەری دیکە ناوەرۆکی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گولان لەگەڵ بیرمەند و ئەکادیمیستی عێراقی دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان پێك دەهێنن.



*** ئێستا پرۆسەی سیاسیی عێراق بە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا تێدەپەڕێت، هەندێ لە چاودێران ئاماژەیان بەوە کردووە کە عێراق لە لێواری هەرەس و نایەقینیدایە، ئەم دۆخەش وەك بنەمایەك بۆ پرۆسەی سیاسیی داهاتوو دەمێنێتەوە، وەك بیرمەندێکی عێراقی کە شارەزاییەکی دوورودرێژت لە سیاسەتی عێراقدا هەیە، ئایا پێتوایە عێراق وەك دەوڵەتێکی مەدەنی و سەردەمییانە بەرەو دەوڵەتی میلیشیا، یان حاڵەتی نادەوڵەت هەنگاو دەنێت؟**

- لەو کاتەی هێزەکانی ئەمریکا هاتنە نێو عێراق و داگیریان کرد لە ساڵی ٢٠٠٣، پرۆسەی عێراق ڕووەو هەرەس و نایەقینی چووە، ئەو پرۆسە سیاسییەی کە پۆل بریمەر هێنایە کایەوە، ئەنجامەکەی پشکپشکێنە و دابەشکاری بوو لە ڕووی ئیتنی و تایفەگەرییەوە، ئەویش لە میانی ئەنجومەنی حوکم، کە کورسییەکانی بە پێی هاوکێشەیەکی تازە دابەش کرا، کە بریتی بوون لە ١٣ کورسی بۆ شیعە و «شیعەی سیاسی» و ٥ کورسی بۆ سوننە و «سوننەی سیاسی» و ٥ کورسیش بۆ کورد، مەبەست هەردوو حزبی سەرەکی لە کوردستان و یەك کورسیش بۆ تورکمان و یەکێکی دیکەش بۆ کلد و ئاشووری.

ئەمە لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا چەسپا، کە دواتر بە پرەنسیپی پێکهاتەکان ناو نرا، دوو جار لە دەستووردا بە دەق هاتووە، لە ماددەکانی ٩، ١٢، ٤٩، ١٢٥ و ١٤٢، ئەمە تەنیا سیستمیکە پشت بە پشکپشکێنەی تایفەگەری و ئیتنی دەبەستێت، هەروەها تاقمێك سیاسەتمەدار سوود و دەستکەوتیان پێ دەبڕێت لەسەر حیسابی لێهاتوویی و دڵسۆزی و ناسنامەی خەڵکی عێراق.

بۆیە ئەگەر هەندێ دیمەن و دیاردە بەر چاو بکەون تایبەت بە گواستنەوەی دەوڵەت، لە شێوازە مەدەنییەکەی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٢١ تا داگیرکاریی ئەمریکا، بۆ

> **میلیشیا و هێزە چەکدارەکانی دیکە کە لایەنی دەسەڵاتدار پاڵپشتییان دەکەن، ڕۆڵیان هەبوو لەم جۆرە دابەشبوونە بۆ بەرژەوەندیی مەزهەبی و ئایینی، تەنانەت ئەم هێزانە بێ هیچ سنوور و بەربەستێک، خۆیان بەسەر دەوڵەتدا سەپاندووە**

> **ئەگەر وا بڕوا دوور نییە شەڕی ناوخۆ لە هەموو لایەکەوە دەست پێ بکات، سەرەنجام دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەروەریی دەوڵەت**

> **هەژموون و دەسەڵاتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لە نێوان واشنتۆن و تاراندا دابەش بووە، تا ئێستا عێراق نیوەی لای ئەمریکایە و نیوەکەی دیکەی لای تارانە**

شێوازێکی تێکەڵی بەرایی لە ڕێی ئەوەی پێی دەگوترێت هەڵمەتی ئیمانی دوای ئۆپەراسیۆنی داگیرکردنی کوەیت لە ساڵی ١٩٩٠، ئەوا ئەم دیمەن و دیاردانە هەر لە سەرەتاوە لە دوو شێوەی بانگدانی جیاوازیی فەرمیی سوننە و شیعەدا دەرکەوت، جگە لە بوونی دوو وەقفی ئیسلامی، یەکیان بۆ شیعە ئەوی دیکە بۆ سوننە، ئەمە وێڕای بوونی چەندین وەقفی مەسیحی و ئێزدی و سابئیی مەندائی، دەکرێ چەندین نموونەی دیکەش بهێنینەوە. هەروەها میلیشیا و هێزە چەکدارەکانی دیکە کە لایەنی دەسەڵاتدار پاڵپشتییان دەکەن، ڕۆڵیان هەبوو لەم جۆرە دابەشبوونە بۆ بەرژەوەندیی مەزهەبی و ئایینی، تەنانەت ئەم هێزانە بێ هیچ سنوور و بەربەستێك، خۆیان بەسەر دەوڵەتدا سەپاندووە، بە تایبەتیش کاتێك دروشمی تایفەگەری بۆ مەرامی سیاسیی خۆویستیی تەسك بەکار دەهێنن، بە شێوەیەك کە ئەم هێزانە لە سەرەوەی دەوڵەتن و دەستوەردان لە کاروباریشیدا دەکەن، ئەوانە بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم ڕەفتارەیان نابن، ئەگەر وا بڕوا دوور نییە شەڕی ناوخۆ لە هەموو لایەکەوە دەست پێ بکات، سەرەنجام دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەروەریی دەوڵەت.

*** ئەگەر ئەم حاڵەتەی (نایەقین) لە پرۆسەی سیاسیدا بەردەوام بوو و، پێکهاتە سەرەکییەکان نەگەیشتنە ڕێککەوتنێك، بەتایبەتی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی شیعە، سەرەڕای بەردەوامبوونی دەستوەردانی دەرەکی (ئێران، کەنداو، تورکیا، ئەمریکا و...تاد)، ئایا عێراق دەبێتە گۆڕەپانێك بۆ تەسفیەی حیساباتی هەموو ئەو لایەنانەی کە بەرژەوەندییان لە ناسەقامگیریی عێراقدا هەیە و، ئایا دواجار ڕێگە خۆش دەکات بۆ پارچەپارچەکردنی عێراق، یان بۆ ئەوەی ببێتە چەند دەوڵەتۆکەیەك لە ناو یەك دەوڵەتدا؟**

- بە ڕاستی عێراق بووەتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی حیساباتی لایەنەکان، نەخاسمە بوونی چەندین دەوڵەتی بچووك لە نێو یەك دەوڵەتدا، لەگەڵ نەبوونی یەك ئیدارە و بڕیار و کاردا، ئەو کارە لەوەتەی داگیرکاریی ئەمریکا هەیە، دیارە هەژموون و دەسەڵاتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لە نێوان واشنتۆن و تاراندا دابەش بووە، تا ئێستا عێراق نیوەی لای ئەمریکایە و نیوەکەی دیکەی لای تارانە، ئەمە وێڕای بوونی سەربازی تورکی، کە بە دامەزراندنی بنکە لە کوردستان بەرچاو دەکەوێت، سەرەڕای بەردەوامیی بۆردومانی شار و گوند و ناوچەکانی کورد لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە، بەڵکو موخابەراتی نێودەوڵەتی بە هەموو شێوەکانیەوە گۆڕەپانی عێراقیان قۆستووەتەوە.

*** لە ساڵی ٢٠١٠ تاکو ئێستا، واتا دوای سەرکەوتنی لیستی ئەلعراقییە بە سەرۆکایەتیی دکتۆر ئەیاد عەللاوی بەسەر لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی، دەبینین کە گۆڕانکارییەك لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هاتووەتە ئاراوە، ئێران بە ئاشکرا دەستوەردان دەکات لە پێناو مانەوەی جڵەوی دەسەڵات بە دەست شیعەوە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو، دابەشبوونێك لە نێوان ڕەوتی سەدر کە نوێنەرایەتیی شیعەی عێراق دەکات و چوارچێوەی هەماهەنگی کە نوێنەرایەتیی وەلائییەکان دەکات، هاتە کایەوە، بە ڕای ئێوە ئەم جارە ئێران لە پاڵپشتیکردنی چوارچێوەی هەماهەنگی و پێکهێنانی حکومەتدا بەو ئاسانییە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت؟**

- بە چاوپۆشی لەوەی کێ سوودمەندی گەورەیە، چوارچێوەی هەماهەنگی، یان ڕەوتی سەدر، پرۆسەی سیاسی هەر لە سەرەتاوە هەڵە و دابەشکراو بووە، ئەوەی لەسەر هەڵە و چەوتی بێت، بێگومان هەر چەوت دەبێت، هەڵەی جەوهەری تەنیا بە ڕێکاری جەوهەری چارەسەر دەکرێت، ئەویش بە پێداچوونەوە بە سەرجەم پرۆسەی ئێستای سیاسیی وڵاتدا، دیارە ئەم کارەش پێویستی بە سازانێکی نیشتمانی و ئیرادەیەکی سیاسی هەیە، لەگەڵ قەناعەتبوونی لایەنە بەشداربووەکان، جگە ئەو ڕۆڵەی کە ڕەنگە یەکێتی و سەندیکا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بیگێڕن.

من پێموایە بەردەوامبوونی ئەم دۆخە وەك ئێستا، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیتا پەیتای دەوڵەت، دواجار پەل دەکێشێت بۆ دابەشبوونێکی توند کە شەڕی خوێناوی بەدوادا بێت، بەتایبەتیش بڵاوبوونەوەی چەك بە ئاشکرا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی وەك ئامرازێك بۆ چارەسەری کێشەکان. تەنیا ئێران نییە کە دەیەوێت ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە لە عێراق

وەك خۆی بمێنێتەوە، تا ڕۆڵی چاودێریی خۆی تێدا ببینێت، بەڵكو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كە عێراقی داگیر كرد، ئەم وڵاتەی وەك نێچیرێك جێی هێشت بۆ تاڵان و كاولكاری و ڕكابەریی نارەوای نێوان هێزە سیاسییەكان، تاوەكو ئیرادەی خۆی بەسەردا بسەپێنێت و دەستكەوتی باشتر مسۆگەر بكات، بەتایبەتیش دابینكردنی بەردەوامی گواستنەوەی نەوت و هەڵسوكەتكردن لەو سامانەدا، ئەمە سەرباری ئەوەی كە جیهانی عەرەبی لەبەر دوو فاكتەر پشتیان تێ كرد، یەكەم: هێزە خاوەن دەسەڵاتەكان لە دوژمنایەتیكردنی یەكدی، درێژدادڕییان كرد لە وەلابوونیان بۆ ئێران، بە هۆكاری مەزهەبی و بەرژەوەندیی خۆویستیی تەسك.

دووەم: هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبییەكان بەو چاوە سەیری دەكەن، وەك بڵێیت گۆڕەپانێكی ئێرانییە بە ڕوویەكی دیكەی تێڕوانینی تایفەگەریی عێراقی.

ڕاستییەكەی هەردووكیان هەڵەن، عێراق كە عومەری كوڕی خەتتاب(خوا لێی ڕازی بێت) بە سەری عەرەب ناوی بردووە، ئەگەر هەستێتەوە و ساغ ببێتەوە، دەبێتە توخمێكی هاوسەنگ لە ناوچەكەدا و سنوورێك بۆ چاوتێبڕینی توركیا دادەنێت، ئەمە وێڕای ڕۆڵی بەرچاوی لە گەیشتن بە چارەسەرێكی دادپەروەرانە و ئاشتییانەی كێشەی فەلەستین، بەتایبەتی بە دداننان بە مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین، كە پایتەختەكەی قودس بێت، لەبەر ئەوەی خاوەن توانا و كاریگەری و مێژوو و شارستانیەتە.

*** حوكمداریی بیست ساڵی ڕابردوو دەریخست كە حزبە سیاسییەكانی شیعە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا بە شێوەیەكی تەندروست شكستیان هێناوە، مەبەست (پارێزگاكانی ناوەڕاست و باشووری عێراقە) كە كەمترین خزمەتگوزاریی بنەڕەتییان تێدا نییە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان، كار گەیشتە ئەوەی خۆپیشاندانی بەردەوام لە هەموو پارێزگاكانی شیعە و بەغدای پایتەخت ڕێك بخرێت، ئایا پێشبینیی سەرهەڵدانی (بەهاری عێراقی)دەكەن وەك ئەوەی لەساڵی ٢٠١١ لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا ڕووی دا؟**

- بەهاری عەرەبی بە دوو فاكتەر لەبارچوو، سەركوتكردنی بەردەوام لەلایەكەوە، حاڵەتی بێ ئومێدی كە خەڵكەكە تووشی بوون لە لایەكی دیكەوە، بەم شێوەیە جۆرێك لە پەرتەوازەیی و پەرشوبڵاوی هاتە ئاراوە، كە مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەی تازەی لێ چاوەڕوان دەكرا، بەتایبەتی تێكچوون گوزەرانی خەڵك.

جووڵانەوەی خۆڕسكانەی میللیی تشرین تەزوویەكی هیوابەخش و هەڵهاتنی خۆرێكی ئازادیی لێ چاوەڕوان دەكرا، چونكە هێزی گەنج و لاوانی ناحزبی هاتبوونە مەیدان، هێزە نەریتییەكانی دیكەش پاڵپشتییان كردن، بەڵام بە داخێكی زۆرە ئامانجەكانی نەپێكا، ئەمەش لەبەر نەبوونی شارەزایی و هەندێ داواكاری كە واقیعی نەبوون، تەنانەت جێبەجێش ناكرێن، چۆن داوا دەكەیت ئەوانەی سەركوتكارییان ئەنجام داوە بەرپرسان بدەنە دادگا، هەروەها دروشمی بنبڕكردنی گەندەڵی و ئەوانەی گەندەڵن بدرێنە دادگا، لەم هەلومەرجەی ئێستادا مەحاڵە، وا پێشبینی دەكرا جووڵانەوەكە كە هەست و سۆزی خەڵكی ڕاكێشابوو، چەندین ڕێكار و ڕێوشوێنی خێرا بگرێتەبەر لەوانە: ڕووخاندنی حكومەت و هەڵپەساردنی دەستوور و دەركردنی بڕیارێك بە دامەزراندنی حكومەتێك و سەرۆكێكی وەزیران بۆ ماوەی گواستنەوە، كە لە دووساڵ زیاتر نەبێت، بۆ چاوخشاندنەوە بە پرۆسەی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی پرەنسیپی پێكهاتەكان و پشتبەستن بە هاووڵاتیبوونی هاوكوف و یەكسان، وەك ڕێگەخۆشكەرێك بۆ سازانێكی تازەی نیشتمانی، یان گرێبەستێكی كۆمەڵایەتیی سیاسیی جیاواز، كە ئێستا لەئارادایە بەپێی ڕاگەیاندنێكی دەستوورییانە بۆ ڕێكخستنی ژیانی سیاسی، بەو هیوایەی لەو قەیرانە دەربچێت و لەو تەنگژەی كە عێراقی تێكەوتووە دەربازی ببێت، ئەو عێراقەی كە لە پێشەوەی دەوڵەتە شكستخواردووەكانە، بەتایبەتی كە بە دەست گەندەڵی و دیاردەی توندوتیژی و چەكی بێ مۆڵەتەوە دەناڵێنێت.

ڕاستە كە بارودۆخە هەرەس و ناجێگیرەكەی ئێستای وڵات فاكتەرێكە بۆ هاندانی بەرپابوونی نارەزایی، كە ئەمە بناغەی سەرەكییە و پێویستی بە بوونی فاكتەری خود هەیە، بە گەڕاندنەوەی ڕوحی جووڵانەوەی تشرین، بەپێی هاوكێشەگەلێكی تازە، ئەم كارەش هەر بەردەوامە،

**پرۆسەی سیاسی هەر لە سەرەتاوە هەڵە و دابەشكراو بووە، ئەوەی لەسەر هەڵە و چەوتی بێت، بێگومان هەر چەوت دەبێت**

**بەردەوامبوونی ئەم دۆخە وەک ئێستا، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیتا پەیتای دەوڵەت، دواجار پەل دەكێشێت بۆ دابەشبوونێكی توند كە شەڕی خوێناوی بەدوادا بێت**

**عێراق كە عومەری كوڕی خەتتاب(خوا لێی ڕازی بێت) بە سەری عەرەب ناوی بردووە، ئەگەر هەستێتەوە و ساغ ببێتەوە، دەبێتە توخمێكی هاوسەنگ لە ناوچەكەدا و سنوورێک بۆ چاوتێبڕینی توركیا دادەنێت**

**زۆربەی ماددە بنەڕەتییەکانی دەستووری عێراق پشت بە شێوازی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە دەبەستێت، کە لە سەردەمی بەدناو پۆل برێمەر لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٤دا دەرچوو**

**ئەگەر هەندێ لایەنی ئەرێنی لە ڕووی تیۆرییەوە لە دەستووردا هەبێت، وەک پەیڕەوکردنی پرەنسیپەکانی هاووڵاتیبوون و ددانان بە دیموکراسی و حوکمی یاسادا، بەڵام ئەم ماددانە بە دەستی ڕاست پێشکەش کراون و بە دەستی چەپ ڕاکێشراونەتەوە**

**٣٠٪ی گەلی عێراق لە هێڵی هەژاریدایە، ئەمە جگە لە نەخوێندەواری و دواکەوتن و بڵاوبوونەوەی دیاردەی دینداریی ساختە، کە پڕیەتی لە ئەفسانە و جادووگەری، وێڕای بێکاری کە ڕووبەڕووی لاوان بووەتەوە**

مادامەکی بارودۆخە خراپەکە هەر وەك خۆی ماوەتەوە.

*** شەقامی عەرەبیی عێراقی بە شێوەیەکی گشتی (شیعە و سوننە) داوای گۆڕین و هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق دەکەن، لە کاتێکدا کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەستوورمان نووسییەوە، گەلی عێراق بە ڕێژەی ٨٠٪ دەنگی پێ دا، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا کەموکووڕی لە دەستوورەکە، یان لە جێبەجێ نەکردنیدا هەیە بە شێوەی دروست و پراکتیکی؟**

- چەندین مینی هەمەجۆر لەبەردەم دەستووردا هەن، ئەگەر دۆخەکە هەر وا بڕوا، ئەوا ناو بەناو دەبێتە هۆی تەقینەوەی ئەم مینانە، ئەمەش پێویستی بە سازانێکی تازەی نیشتمانی هەیە بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور و ڕاستکردنەوەی ئاراستەکانی و گۆڕینی هەندێ لە ئەحکامەکانی، بگرە هەر لە پێشەکییەکە و دواجار ڕێوشوێنی هەموارکردنەکە، ئەم دەستوورە یەکێکە لە دەستوورە وشك و زەحمەتەکان، چەندین فاکتەر دەستوەردانیان کردووە تاکو بیسەپێنن، لەوانە کە ئیدارەی داگیرکاری ئەمریکا دابینابوو کە دەبێت بنووسرێتەوە و لە ١٥ی ئابی ٢٠٠٥ ڕادەست بکرێت، لە ١٥ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵیشدا ڕاپرسیی بۆ بکرێت، هەڵبژاردنیش بەپێی ئەم دەستوورە لە ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ ئەنجام بدرێت، ئەم هەموو مەرجانە وایان کرد دەستوورەکە پەك بخرێت، زۆربەی ماددە بنەڕەتییەکانی دەستووری عێراق پشت بە شێوازی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە دەبەستێت، کە لە سەردەمی بەدناو پۆل برێمەر لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٤دا دەرچوو، نوح فیلدمان شێوازەکانی سەرەتایی داناو پیتەر گالبرێس هەندێ مین و ئەشکالیاتی بۆ زیاد کرد. ئەگەر هەندێ لایەنی ئەرێنی لە ڕووی تیۆرییەوە لە دەستووردا هەبێت، وەك پەیڕەوکردنی پرەنسیپەکانی هاووڵاتیبوون و دداننان بە دیموکراسی و حوکمی یاسادا، بەڵام ئەم ماددانە بە دەستی ڕاست پێشکەش کراون و بە دەستی چەپ ڕاکێشراونەتەوە، چونکە هەندێ ماددەی دیکەی بەرانبەر بۆ دانراوە کە ڕەتیان بکاتەوە، بەتایبەتی پرەنسیپی پێکهاتەکان کە بە کردار بووە هۆی دابەشبوونی ئیتنی و تایفەگەری لە شێوەیەکی شێوێندراوی وێنەی دەوڵەتی عێراقدا، ئەمە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ و کوشتار و گەندەڵی و وەدەستهێنانی دەستکەوت لەسەر حیسابی ئەو دەستکەوتانەی کە گەل چاوەڕوانی دەکردن، بەتایبەتی کە ٣٠٪ی گەلی عێراق لە هێڵی هەژاریدایە، ئەمە جگە لە نەخوێندەواری و دواکەوتن و بڵاوبوونەوەی دیاردەی دینداریی ساختە، کە پڕیەتی لە ئەفسانە و جادووگەری، وێڕای بێکاری کە ڕووبەڕووی لاوان بووەتەوە، لەگەڵ بەرزبووونەوەی ڕێژەی ئەوانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون، بەڵکو عێراق بووە بە بارەگاو ڕێڕەوی ئەم ماددە مەترسیدارە، کە پێش داگیرکاریی ئەمریکا لە عێراق خەڵك پێی نامۆ بوو.

کەموکووڕی لە دەستووردا دوو شت دەگرێتەوە، کەموکووڕی لە جەوهەر و ناوەرۆك و داڕشتن، کەموکووڕی لە جێبەجێکردن و پیادەکردندا، بەتایبەتی دەستوەردان لە کاروباری دادگا و ساختەکردنی هەڵبژاردنەکان، ئەمەش وای لە زۆرینە کرد، کە مافی هەڵبژاردنیان هەیە بایکۆتی بکەن، چونکە بڕوایان بە ئەنجامەکانی نییە، بۆیە هەڵبژاردن لە نێوان دەستەبژێرێکی بەشدار و دابەشبووی پرۆسەی سیاسی لە نێو خۆیاندا دەخولێتەوە، ئەنجامەکانیش هەمیشە دەخرێنە ناو چەکمەجەکانەوە، سەرۆك وەزیران شیعەیە هەتا ئەگەر لێهاتووش نەبێت، سەرۆکی پەرلەمان سوننەیە هەتا ئەگەر کارامە نەبێت، سەرۆك کۆماریش کوردە، هەتا ئەگەر لە فەرمانبەرێك کەمتر بێت بە پلەیەکی سووك، یان مامناوەند، هەموو ئەمانە لە ئەنجامی دابەشکاریی تایفەگەری و مەزهەبی و ئیتنییە، لە کاتێکدا عێراق پڕیەتی لە بەهرەدار و کارامە و بەتواناو شارەزا، بەڵام پشتگوێ دەخرێن.

*** پەیوەندیی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند نادیار و ناجێگیرە، ئەمڕۆ وتووێژ لەسەر پێکهێنانی حکومەتی تازە و بەشداریکردنی کورد لە پرۆسەی سیاسی دەکەن لەسەر بنەمای (هاوسەنگی و شەراکەت)، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر گرووپە چەکدارەکان کە خاوەن چەکی بێ مۆڵەتن، بنکە و دامەزراوەکانی مەدەنیی کوردستان تۆپباران دەکەن، ئەمەش بەو واتایەی کە لەلایەك بە زمانی دیپلۆماسی و مەدەنییانە قسەمان لەگەڵدا دەکەن، لە لایەکی**

**دیکە بە زمانی چەك، بە ڕای ئێوە، ئایا هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەگەنە لێکگەیشتنێکی هاوبەش بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکی هاوسەنگییانە و چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەر دوو لا؟**

- بۆردومانکردنی هەر ناوچەیەکی عێراق، یان بەکارهێنانی چەك دژی ئەو ناوچانە شتێکی قبووڵکراو نییە، تەنانەت بە تەواوی ڕەت کراوەتەوە، جا لە ژێر هەر بیانوو و پاساوێکدا بێت، کوردستان بەشێکی خۆشەویستی عێراقە، بەڵام بوونی حکومەتێکی عێراقیی لاواز و زەوتکراوی ئیرادە بە هۆی دەستوەردانەکانی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی، وای کردووە ئەمە دووبارە ببێتەوە و بەردەوام بێت، ئەمەش ئەگەر خوانەخواستە درێژەی هەبێت و زیاتر بێت، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و لێکدابڕان، جگە لە تێکدانی پەیوەندیی نێوان عەرەبی عێراق و کورد، هەروەها لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمدا.

بەکارهێنانی چەك لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەت، واتا زاڵبوون بەسەر دەوڵەتدا و ڕێز لێ نەگرتن و کەمکردنەوەی هەیبەتی دەوڵەت، دواتر لاوازکردنی متمانەیە، بۆیە ئەگەر سنوورێك بۆ ئەم دیاردەیە دانەنرێت، دەبێتە هۆی لاوازکردنی متمانەی دەوڵەت بە خودی خۆی و دواجار هەرەسهێنانی.

پێویستە دیالۆگێکی سەرتاسەری بێتە ئاراوە و ببێتە پاڵنەرێك بۆ تێگەیشتنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، نەك لە نێوان لایەنەکانی پرۆسەی سیاسیی شکستخواردوودا، بەڵکو دیالۆگ و گفتوگۆیەکی کراوە، هەندێکیان بەشداربووانی پرۆسەی سیاسی شانبەشانی بەشدارنەبووان بگرێتەوە، یان ئەوانەی پێگەی فەرمییان نییە، وەك سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵەکان، بۆ نموونە دەکرێت سەندیکای پارێزەران و یەکێتیی مافناسان و یەکێتیی نووسەران و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکاران، هەروەها چەندین ڕێکخراوی پیشەیی، لە پاڵ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەشدارییان پێ بکرێت، ئەم توێژ و چینانە ژمارەی ئەندامەکانیان لە سەرووی سەدان هەزارە، بگرە ملیۆنان کەسن، پلە و پایەیان لە زۆربەی هێزە سیاسییەکان بەرز و باڵاترە، چونکە ئەگەر ئەو دابەشکارییەی تایفەگەری و ئیتنی نەبوایە، ئەو ڕۆڵ و ئیمتیازەیان نەدەبوو.

پەیوەندیی نێوان کوردستان و بەغدا پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، لەوانە: پێکهێنانی ئەنجومەنی ئیتیحادی، جێبەجێکردنی دروست و تەواوی سیستمی فیدراڵی، بە تایبەتی دیاریکردنی پەیوەندی و دەسەڵات و پسپۆڕییەکان بە شێوەیەکی دروست و ورد، ئەوەی کە پەیوەستە بە دەسەڵاتی ئیتحادی، وەك: پەیوەندییەکانی دەرەوە و دیپلۆماسی و هێزی چەکدار و کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکان و دراو و پلانی سەنتراڵیی ئابووری، جگە لەمە، ئەوانەی دیکە لە دەسەڵات و پسپۆڕیی هەرێمدا دەبن بەپێی پەیوەندیی هاوکوفی، بەڵام بە متمانە و هاریکاری، لە پاڵ ئەمەش دەرکردنی یاسای نەوت و گاز کە ئەو کێشانە چارەسەر دەکات کە لە مادده دەستوورییەکاندا هاتوون، بەتایبەتی هەردوو ماددەی ١١١ و ١١٢ کە هەموو گومان و کێشەکانی کەڵەکەبووی ساڵانی ڕابردوو وەلاوە دەنێت، نەخاسمە دوای داگیرکاریی داعش و ئەو کردەوە تاوانکارییانەی دوای ساڵی ٢٠١٤ ئەنجامی دان، کە دواجار لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ ڕووبەڕووی شکستی سەربازی بووەوە، پێویستە دیالۆگ هەبێت و ڕەچاوی چارەسەری ئەو کێشانە بکات بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، کە لە ئەنجامی گۆڕینی ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە بۆ ئەو ماددەیە کەوتە دەستوورەوە، ئەوەی کە پەیوەستە بە ناوچە کێشە لەسەرەکان، لەوانە کەرکووك لەوەتەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ هەر بە هەڵپەساردراوی ماوەتەوە.

یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانە بە گرتنەبەری سیاسەتێکی تازە و ستراتیژیی دوورمەودا و لەسەر بنەمای هاوکاری و شەراکەت و بەشداریکردن، هۆکارە بۆ ئەوەی ململانێیەکە شێوەی ئاشتی و مەدەنی بگرێتە بەر و سوودی بۆ هەموو خەڵکی ناوچەکەو دانیشتوان هەبێت، بە تایبەتی بەتینکردنی ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی لەگەڵ ڕێزگرتن لە ناسنامە لاوەکییەکان و ئەو تایبەتمەندییانەی کە گوزارشت لە بوونی خۆیان دەکەن، لە چوارچێوەی کۆکردنەوەی هاوبەشییەکان و کەمکردنەوەی جیاوازییەکان، ئەمەش بە دەستەبەرکردنی گوزەران و ژیانێکی ئاسوودەی شەراکەت و یەکسانی و دادپەروەر دێتە دی.

**هەڵبژاردن لە نێوان دەستەبژێرێکی بەشدار و دابەشبووی پرۆسەی سیاسی لە نێو خۆیاندا دەخولێتەوە، ئەنجامەکانیش هەمیشە دەخرێنە ناو چەکمەجەکانەوە**

**بۆردومانکردنی هەر ناوچەیەکی عێراق، یان بەکارهێنانی چەک دژی ئەو ناوچانە شتێکی قبووڵکراو نییە، تەنانەت بە تەواوی ڕەت کراوەتەوە، جا لە ژێر هەر بیانوو و پاساوێکدا بێت**

**بەکارهێنانی چەک لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەت، واتا زاڵبوون بەسەر دەوڵەتدا و ڕێز لێ نەگرتن و کەمکردنەوەی هەیبەتی دەوڵەت، دواتر لاوازکردنی متمانەیە**



شەعبان خەلیل بەرواری

قایمقامی قەزای ئاکرێ بۆ گوڵان:

# بەم نزیکانە لێژنەیەکی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەدواداچوون و دیراسەتکردنی داواکاری و پڕۆژەکانی ئاکرێ دەستبەکار دەبێت

■ پڕۆژەی ستراتیژیی ئاوی ئاکرێ هەنگاوی گرنگی بۆ نراوە و دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێتەوە

**ئاکرێ شاری نێرگز و یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز، ڕووبەرێکی ٧٢٥ هەزار دۆنم زەوی هەیە و، ژمارەی دانیشتووانەکەی ٢٠٠ هەزار کەسە، زۆربەی دانیشتووانەکەی لە ناو سەنتەری قەزاکە نیشتەجێن و ناحیەکانی بجیل و دینارتە و گردەسێن و ٢٦١ گوند لەخۆ دەگرێت. بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی قەزاکە و چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و داواکارییەکانیان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ شەعبان خەلیل بەرواری قایمقامی قەزای ئاکرێ سازدا، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** ئاکرێ بە شێوەیەکی زۆر خێرا فراوان و گەورە بووە و ژمارەی دانیشتووانەکەشی زیاد بووە، وەکو دەڵێن، ئاکرێ ئاکرێی جاران نییە، لەگەڵ ئەم گەورەبوونەشی پێویستی بە پڕۆژەی خزمەتگوزاریی زیاتر هەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئاکرێ دەستی پێ کردەوە؟ گرنگترینی ئەو پڕۆژەیانە چین کە لە پلان و بەرنامەدایە بۆ خەڵکی ئاکرێ جێبەجێ بکرێن؟**

- لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە هۆی شەڕی داعش و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانەوە کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دژ بە خەڵکی کوردستان جێبەجێ کرا، ڕووبەڕووی قەیرانێکی سەختی دارایی بووینەوە کە وێڕای پاشەکەوت و دواکەوتنی پێدانی مووچە، زۆربەی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیش ڕاگیرابوون، لە سەردەمی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوتیشدا گرفتی گەورە لە بەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا دروست بوو، بە خۆشحاڵییەوە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا توانرا بە سەر زۆربەی ئاستەنگ و بەربەستەکاندا زاڵ بین و، مووچەکان لە کاتی خۆیدا دابەش کرا و وردە وردە کارکردن لە پڕۆژەکانیش، بەتایبەتی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دەستیان پێ کردەوە، وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا درێخییان نەکردووە لە گەیاندنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ هەموو قەزا و ناحییەکان، من وەکو قایمقامی قەزای ئاکرێ کە ماوەیەکی کەمە بە وەکالەت دەستبەکار بووم، لەگەڵ ئەوەشدا وردەکارییەکی زۆرن و داتاو زانیاریی باشم لەسەر کەموکورتییەکان و پێداویستییەکان و داواکارییەکانی خەڵکی خۆشەویستی ئاکرێ کۆ کردووەتەوە.

قەزای ئاکرێ و خەڵکەکەی بە سەنتەری قەزاکە و ناحییەکان و گوندەکانی دەوروبەریەوە گرفت و کێشە و داواکاریی زۆریان هەیە، بە هۆی فراوانبوونی خێرا و گەورەبوونی قەزاك ەو هەڵکشانی ژمارەی دانیشتووانەکەی بۆ ٢٠٠ هەزار کەس، کە ٦٠٪ی لە ناو سەنتەری شاری ئاکرێ نیشتەجێن، پێداویستییەکی زۆر بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و پەروەردە و تەندروستی و بوارەکانی دیکە دروست بووە، هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەناهەندەش ئەوەندەی دیکەی بارگرانی لەسەر دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانمان دروست کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا پڕۆژە و کار و چالاکییەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانیان لە دروستکردنی ڕێگەوبان و قیرتاوکردنی شەقام و دابینکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەکو پاککردنەوەی شار و ڕاکێشانی ئاو و ئاوەڕۆ و چەندین کار و پڕۆژەی دیکە دەستی پێ کردووەتەوە، بە خۆشحاڵییەوە ئەنجومەنی وەزیران بە دەنگ داواکارییەکانمانەوە هاتووە و لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێناوە بۆ بەدواداچوون و دیراسەتکردنی داواکاری و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئاکرێ و دەوروبەری، کە منیش ئەندامم تێیدا، بەم نزیکانە ڕەنگە لەم هەفتەیەدا سەردانی ئاکرێ بکەن و دەست بە کارەکانیان بکەن، پشت بە خودا لە ماوەیەکی نزیکدا ژمارەیەکی زۆری پڕۆژەی دیکە بۆ قەزای ئاکرێ دەردەچێت. لەلایەکی دیکەوە خودی پارێزگاری دهۆك بایەخێکی تایبەتی بە

**جەنابی پارێزگاری دهۆک پاڵپشتییەکی باشی ئێمەیە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بۆ خەڵکی ئاکرێ**

**پارێزگاری دهۆک بۆ قەزای ئاکرێ بودجەیەکی تەرخان کردووە بە گۆژمەی دوو ملیار و ٤٠٠ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دینار، بۆ پڕۆژەی چاککردنەوەی ڕێگەوبان و شەقام**

**سەنتەری قەزای ئاکرێ و ناحیەکانی لە فراوانبوونی بەردەوامدایە و وەکو ماستەرپلان پێویستیمان بە فراوانکردن هەیە**

قەزای ئاکرێ و دەوروبەری داوە و هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونمدا، بەڕێزیان سەردانی قەزاکەی کرد و چەند ناوەندێکی خوێندن و نەخۆشخانەی بەسەر کردەوە و، بەڵێنی جێبەجێکردنی کۆمەڵێکی زۆر پڕۆژەی داوە.

*** لەو پڕۆژەیانەی کە بڕیارە ئەنجام بدرێن ڕیزبەندی بە کام سێکتەر و پڕۆژە دەدەن، وەکو ئاماژەتان پێدا پێداویستییەکانی ئاکرێ زۆرن، دەکرێت گرنگترین ئەو سێکتەرانەمان بۆ باس بکەیت کە بەنیازن بیخەنە بەرنامەی کارکردنەوە؟**

- گرنگترینی ئەو پڕۆژەیانەی لە پلاندایە و داوامان کردووە لە ناوەندی قەزا و ناحیەکان و گوندەکان جێبەجێ بکرێن، لە سێکتەرەکانی ڕێگەوبان و تەندروستی و پەروەردە و شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و بوارەکانی گەشتیاری و کشتوکاڵدایە، جەنابی پارێزگاری دهۆك پاڵپشتییەکی باشی ئێمەیە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بۆ خەڵکی ئاکرێ.

*** ئاکرێ ژمارەیەکی باش پڕۆژەی ڕێگەوبانی بۆ جێبەجێ کراوە، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی ڕووداوی ئۆتۆمبێل و کارئاسانیی باش بۆ هاووڵاتیان و جووتیاران، ئایا هیچ پڕۆژەیەکی دیکەتان لە بواری ڕێگەوبان و شەقام لە بەردەستدایە؟**

- پارێزگاری دهۆك بۆ قەزای ئاکرێ بودجەیەکی تەرخان کردووە بە گوژمەی دوو ملیار و ٤٠٠ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دینار، بۆ پڕۆژەی چاککردنەوەی ڕێگەوبان و شەقام و دروستکردنی شەقامی نوێی ناو گەڕەکەکان، هاوکات بۆ چاککردنی ڕێگەی ناحیەی دینارتە بە گوژمەی نزیکی چوار ملیار دینار کە ٢١ کیلۆمەترە، کار لەسەر ئەم ڕێگەیەش بەردەوامە و، ڕێگەی گەلی زنتە و زوراتەسکەش چاك دەکرێتەوە، ئەمە وێڕای قیرتاوکردنی شەقامی قوتابخانە و گەڕەکی دەواجن و کۆنکرێتی شەقامی گەڕەکی شەڤیلکاش، بەم نزیکانە ژمارەیەکی دیکەی پڕۆژەی ڕێگەوبان و نۆژەنکردنەوەش ڕادەگەیەنین. سەنتەری قەزای ئاکرێ و ناحیەکانی لە فراوانبوونی بەردەوامدایە و وەکو ماستەرپلان پێویستیمان بە فراوانکردن هەیە، ناحیەکانی بجیل و دینارتە و گردەسێن زۆر گەورە بوون، ئەم گەورەبوونەش هاوکاتە لەگەڵ تێکچوونی زۆر لە پڕۆژەکانی ڕێگەوبان لەبەر کۆنی و نادروستی، بەردەوامیش هاووڵاتیان پێویستیان بەوە هەیە پڕۆژەکان نۆژەن بکرێنەوە و سیمایەکی جوانتریان هەبێت.

*** لە بواری پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی کارەبا کە لەگەڵ فراوانبوون و زۆربوونی هاوبەشانی کارەبا، ئاکرێ پێویستی بە کارەبای زیاتر هەیە، ئایا لەم ڕووەوە چ پڕۆژەیەك هاتووەتە جێبەجێکردن؟**

- لە ئاکرێ وەکو هەموو قەزاو ناحیەکانی دیکە زۆربەی هەرە زۆری هاوبەشانی کارەبا پێوەری زیرەکیان بۆ بەستراوە، کە بووە هۆی کەمبوونەوەی بچڕان و سووتانی محاویلە و ڕێکخستنەوەی تۆڕی دابەشکردنی کارەبا و دانانی هاوبەشی کارەبا، بۆ ئەو هاوبەشانەی تۆماری فەرمییان نەبووە و دادپەروەرییەك لە پێدانی کارەبا دروست بوو، بەڵام وەکو بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی کارەبای ئاکرێ، گەلێك پێداویستیی تایبەت بە ئامێر و ئۆتۆمبێل و کارمەندی شارەزامان پێویستە، چونکە دامەزراندن نییە و کرێکار و کارمەندەکانی دیکە خانەنشین بوون، یان چوونەتە تەمەنەوە، وەکو لە سەرەتای قسەکانیشمدا ئاماژەم پێدا، ڕووبەری ئاکرێ ناوچەیەکی فراوانە و بەردەوام گوندی تێدا ئاوەدان دەکرێتەوە و پێویستمان بە وێستگەی کارەبا و هێڵ و تۆڕی کارەبای نوێ هەیە، بەتایبەتی بۆ گەڕەکە نوێیەکان و ئەو گوندانەی ئاوەدان دەکرێنەوە.

*** کەرتی گەشتوگوزار و شوێنەوارەکانی ئاکرێ و خانووە کەلەپوورییەکانی ئاکرێ بە یەکێك لە شوێنەوارە دێرینەکان دادەنرێت، ئایا لە ڕووی گرنگیدان بە گەشتیاری و شوێنەوار و خانووە کەلەپوورییەکانەوە چی کراوە؟**

- ئاکرێ بە شوێنە گەشتوگوزار و دڵڕفێن و جوانەکانی بەناوبانگە، ئەمە وێڕای شوێنەوار و خانووە کەلەپوورییەکانی، لەگەڵ جەنابی پارێزگای دهۆك بەرنامەمان هەیە کە ناوچە گەشتیارییەکانی ئاکرێ نۆژەن بکرێنەوە و، چەند پڕۆژەیەکی وەبەرهێنانی گەشتیارییش لە ناوچە گەشتیارییەکانی ئاکرێ جێبەجێ بکرێت، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی

**ڕووبەری ئاکرێ ناوچەیەکی فراوانە و بەردەوام گوندی تێدا ئاوەدان دەکرێتەوە و پێویستمان بە وێستگەی کارەبا و هێڵ و تۆڕی کارەبای نوێ هەیە، بەتایبەتی بۆ گەڕەکە نوێیەکان و ئەو گوندانەی ئاوەدان دەکرێنەوە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گوژمەی ٩٠٠ ملیۆن دینار بودجەی تەرخان کردووە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی خانووە کەلەپوورییەکانی ئاکرێ**

**بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری ئاکرێ بە گوژمەی ١٦٦ ملیۆن ١٢٨ هەزار و ٧٠٠ دینار لەسەر داهاتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار قشڵەی ئاکرێ نۆژەن دەکاتەوە**

کوردستان بە گوژمەی ٩٠٠ ملیۆن دینار بودجەی تەرخان کردووە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی خانووە کەلەپوورییەکانی ئاکرێ، لەم چوارچێوەیەشدا قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆژەیە ڕەزامەندیی لەسەر دراوە و دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری ئاکرێ بە گوژمەی ١٦٦ ملیۆن ١٢٨ هەزار و ٧٠٠ دینار لەسەر داهاتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار قشڵەی ئاکرێ نۆژەن دەکاتەوە، قشڵەی ئاکرێ یەکێکە لە بینا کەلەپوورییەکانی قەزای ئاکرێ و دەکەوێتە سەنتەری بازاڕی ئاکرێی کۆن، بە یەکێك لە شوێنەوارە گرنگەکانی قەزاکە دادەنرێت، بە تەواوبوونی پرۆژەکە سیمایەکی جوانتر بە شارەکە دەبەخشێت. لە ڕووی گەشتیارییشەوە ئاکرێ بە یەکێك لە جوانترین شارەکانی کوردستان دادەنرێت و بە جوانی و سرووشتەکەی ناوبانگی دەرکردووە، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیار سەردانی دەکەن، کۆنترین شوێنی گەشتیاری لە ئاکرێ سەیرانگەی سیپەیە کە دەکەوێتە ناو ڕەزوباخی ناوەندی شاری ئاکرێ و بەرزیی تاڤگەکەی ١٨ مەترە و سەرچاوەی ئاوەکەش لە کانیی زەرکەوە دەرژێت، شوێنێکی هەمیشەیی گەشتیاری و خاڵێکی گرنگە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ دەڤەری ئاکرێ.

*** سەبارەت بە پرۆژەکانی شارەوانی و گەشتوگوزار بەتایبەتی لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ چی کراوە و چی ئەنجام دەدەن؟**

- لە بواری ئاوەڕۆدا، پرۆژەیەکی گەورەی ئاوەڕۆ لە ئاکرێ دروست دەکرێت کە دروستکردنی ئاوەڕۆی سندوقی لە گەڕەکی ١١ی ئادار لە نزیك مزگەوتی مێرسیدا لە قۆناغی یەکەمدا و گوژمەی ئەو قۆناغەش (١١٥،٩٢٠،٠٠٠)دینارە، لەسەر ڕێژەی ١٥٪ی داهاتی سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئاکرێ بۆی خەرج کراوە، هاوکات لە بواری دروستکردنی دیواری پاڵپشت لە چەند گەڕەکێکی قەزای ئاکرێ ژمارەیەك دیواری پاڵپشت دروست کراون، بە مەبەستی پاراستنی شەقام و خانووی ماڵان لە داڕووخان و ڕۆچوون، کە بەهۆی هەڵکەوتەی ئەو گەڕەکانەوە ئەگەری ڕۆچوونی شەقامەکان هەمیشە لەئارادایە، کە زۆرجار دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر گیانی هاووڵاتییان و دروستکردنی ئاستەنگ لە بەردەم هاتوچۆی شوفێراندا، هاوکات وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیژیی ئاوی ئاکرێ هەنگاوی گرنگی ناوە، تاوەکو بەم نزیکانە دەست بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە گرنگە بکرێت.

*** لە ڕووی پەروەردە و تەندروستییەوە، ئایا گرنگترین پرۆژەکانی تایبەت بە کەرتی پەروەردە لە ئاکرێ چین؟**

- پێش دەستپێکی وەرزی خوێندن توانیمان ١٠ قوتابخانە لە سنووری ئاکرێ نۆژەن بکەینەوە، کە بە خۆشحاڵییەوە لەسەر ئەرکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی پرۆژەکە جێبەجێ کرا، هەروەها چەند بینایەی دیکەی قوتابخانە لە پلان و جێبەجێکردندان. سەبارەت بە کەرتی تەندروستییش بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە گوژمەی ٦٦٨ هەزار دۆلار بەشی نوێی زارۆك و لەدایکبوون کرایەوە، لە ناو ئەو پرۆژانەی پارێزگاری دهۆك ئامادەی کردووە جێبەجێ بکرێت، هەردوو کەرتی پەروەردە و تەندروستی بایەخێکی زۆری پێ دراوە.

*** سەبارەت بە کەرتی کشتوکاڵ کە ئاکرێ بە برنج و بەرهەمی میوەجات ناوبانگێکی زۆری هەیە، ئایا تا چ ڕادەیەك توانیوتانە پرۆژە و کاری گەورە لەم ناوچەیەدا ئەنجام بدەن؟**

- کەرتی کشتوکاڵ لە ئاکرێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرەوپێشچوونی بەردەوامدایە، چەند بەنداوێکی کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ناوچە جیاجیاکانی ئاکرێ بڕیاری لەسەر دراوە و چەند بەربەستێکی دیکەشی بۆ دروست کراوە. وەك ئاشکرایە لە بارەی برنج و میوەجاتەوە ئاکرێ ناوبانگێکی زۆری هەیە و چەندین دەواجن و شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵی تێدایە، لە بەرنامەدایە سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بکەین، تاوەکو هەرچی پێداویستیی ئەم کەرتە هەیە لەگەڵیاندا باس بکەین، تا لە ڕووی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و دروستکردنی بەنداوەوە گرنگییەکی زیاتر بە ئاکرێ بدرێت.

**کۆنترین شوێنی گەشتیاری لە ئاکرێ سەیرانگەی سیپەیە کە دەکەوێتە ناو ڕەزوباخی ناوەندی شاری ئاکرێ و بەرزیی تاڤگەکەی ١٨ مەترە و سەرچاوەی ئاوەکەش لە کانیی زەرکەوە دەرژێت**

**پێش دەستپێکی وەرزی خوێندن توانیمان ١٠ قوتابخانە لە سنووری ئاکرێ نۆژەن بکەینەوە، کە بە خۆشحاڵییەوە لەسەر ئەرکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی پرۆژەکە جێبەجێ کرا**

**بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە گوژمەی ٦٦٨ هەزار دۆلار بەشی نوێی زارۆک و لەدایکبوون کرایەوە**



**ئەندازیار ئومێد ئەحمەد**

وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەم بەرهەمهێنانی کارەبا پتر لە ٦٠٠ مێگاوات زیاد کراوە

**کارەبا یەکێکە لەو خزمەتگوزارییە سەرەکییانەی کە حکومەت لە هەوڵی جددیدایە بۆ باشترکردنی بەرهەمهێنان و دابینکردنی بۆ هاووڵاتییان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیداری لەگەڵ ئەندازیار ئومێد ئەحمەد وتەبیژی وەزارەتی کارەبا تاوتوێ کرد.**

*** لە زۆربەی سێکتەرەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پڕۆژەی باش جێبەجێ کراون، ئایا دەکرێت بزانین لەم کابینەیەدا ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا چەند زیاد کراوە؟**

- بە دیاریکراوی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمهێنانی کارەبا پتر لە ٦٠٠ مێگاوات زیاد کراوە، ئەو زیادکردنە بە هەوڵ و هیممەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی کارەبا و سامانە سرووشتییەکان بووە، کە لە هەقیقەتدا ژێرخانەکە ئامادە بوو، ئەمەش بەشێکی لە ڕێگای وێستگەی کارەبای خەباتی هەڵمی کە ڕێزدار سەرۆکی حکومەت خۆی پڕۆژەکەی کردەوە، کە توانای بەرهەمهێنانی ٣٠٠ مێگاوات کارەبای هەیە، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانیش توانیویەتی لە ڕێگای زیادکردنی سووتەمەنی و دابینکردنی بۆ چەندین یەکەو بەشی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا زیاتر لە ٣٠٠ مێگاوات کارەبای دیکە بەرهەم بهێنرێت بۆ تێکڕای بەرهەمی گشتی کارەبا. لەلایەکی دیکەوە وێستگەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی کارەبامان تەواو بووە، کە وێستگەی بەرهەمهێنانی ١٠٠٠ مێگاوات کارەبای دهۆکە، ئەم وێستگەیە بەغاز کار دەکات و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بەوەیە کە بۆڕیی غازی بۆ ڕابکێشرێت، ئەمەش تێچووی زۆرە بۆیە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە. ئەگەرچی لە وێستگەی کارەبای دهۆك تەنیا یەك یەکە و هەندێك کات لە یەك یەکەش کەمتر بە گازوائیل دەخرێتە کار بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئاو و نەخۆشخانەکان. کەواتە ئەگەر ئەو وێستگەیەی دهۆکیش بکەوێتە کار ئەوی بڕی بەرهەمهێنانی کارەبا بە شێوەیەکی بەرچاوتر بەرز دەبێتەوە.

*** لە بواری گواستنەوەی کارەبادا چەندین پڕۆژەی وێستگە و هێڵی کارەبا بونیات نراون، بەڵام گرنگترینی ئەو وێستگە و پڕۆژەیانەی هێڵی کارەبا چین کە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراون؟**

- ئێمە لە دەستپێکی کابینەکە دوو هێڵی کارەبای ستراتیژیمان ڕاکێشاوە لە نێوان هەولێر — دهۆك، کە هێڵی کارەبای کەورگۆسك — ئاکرێ و کەورگۆسك — زەنگانەیە، هەروەها هێڵی سۆران — شقڵاوە و بازیان — ڕانیەمان ڕاکێشاوە، لە سلێمانییش هێڵی کارەبای باشوور سلێمانی — سەید سادق تەواو کراوە. هەموو ئەو هێڵانەی ئاماژەمان پێ داوە، هێڵی (KV 132) ن، هاوکات چەندین هێڵی کارەبای (KV 133)ی ڕاکێشراون بۆ چەندین ناوچە و دەڤەر و شوێنی جیاواز لە هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە: (چۆمان — حاجی ئۆمەران) و ١٥تا١٦ مۆبایڵی ١٣٢کەی ڤی دانراون بۆ ئەو ناوچانەی گرفتی ئۆڤەرلۆد و خراپیی خزمەتگوزاریی کارەبایان بووە و زیاتر لە (٥ تا ٦) وێستگەی ١٣٢کەی ڤی دانراون، وەك وێستگەی کارێزان و نیشتمان و نووسەران و.. هتد، هاوکات هەر لەو کابینەیەدا چەندین وێستگەی کارەبا تەواو بوون و بە تۆڕی کارەبا بەسترانەتەوە. هەر بۆیە بەهۆی ئەو هێڵ و وێستگانەوە بارودۆخی گواستنەوەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی زۆر باش و گرنگ بەرەوپێشەوە چووە. هەروەها هەر لەم کابینەیەدا زیاتر لە ١٠٠ گوند لە ناوچە جیاوازەکاندا ئاوەدان کراونەتەوە و کارەبایان بۆ ڕاکێشراوە.

*** کەرتی دابەشکردنی کارەبا زۆرترین گرفتی تێدایە، ئایا پێوەری زیرەك توانیویەتی چارەسەری بکات؟**

- بێگومان پێوەری زیرەك لە کارەبادا ئامانجی یەکەمی خۆی پێکاوە و هەر سەرپێچیەك بوویێت، کۆتایی پێ هاتووە و دەتوانێت هۆکارێك بێت

**وێستگەی بەرهەمهێنانی ١٠٠٠ مێگاوات کارەبای دهۆک تەواو بووە کە بەغاز کار دەکات پێویستی بەوەیە کە بۆڕی غازی بۆ ڕابکێشرێت، ئەمەش تێچووی زۆرە بۆیە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە**

**هەر لەم کابینەیەدا زیاتر لە ١٠٠ گوند لە ناوچە جیاوازەکاندا ئاوەدان کراونەتەوە و کارەبایان بۆ ڕاکێشراوە**

**پێوەری زیرەک لە کارەبادا ئامانجی یەکەمی خۆی پێکاوە و هەر سەرپێچیەک بوویێت، کۆتایی پێ هاتووە و دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی ئاستی خزمەتگوزاری بەرز بکاتەوە و بەکارهێنان سنووردار بکات**

**توانیومانە ٨٠٠٠ حاڵەتی سەرپێچی و زێدەڕۆیی سەر تۆڕی کارەبا کۆتایی پێ بهێنین**

**بە پێدانی نرخی کارەبا بە شێوەی پێشەکی، کارەبای نیشتمانی دەبێتە ٢٤ کاتژمێر و موەلیدەکان نامێنن و لەو ژاوەژاو و بۆنی گازوایل و پیسبوونی ژینگەیە ڕزگارمان دەبێت**

**وەزارەتی کارەبا ڕێگەی داوە هاوشانی کارەبا کە قەرزارن بە چەند قست پارەکانیان بدەن و ژمارەی قستەکانیش بە پێی توانای دارایی هاوبەشەکان بوو**

**فەرمانگە و دەزگاکانی کارەبا دەستکراوەن بۆ ئەوەی هەر هاوبەشێکی کارەبا سێ جار پسوڵەی کارەبای بۆ بچێت و پارەکەی نەدات، هێڵی کارەباکەی ببڕدرێت، بەڵام ئەو ڕێنماییە لەلای ئێمە لەبەر ڕەچاوکردنی بارودۆخی دارایی خەڵک جێبەجێ نەکراوە**

بۆ ئەوەی ئاستی خزمەتگوزاری بەرز بکاتەوە و بەکارهێنان سنووردار بکات، بەکارهێنانی کارەباش خرایە سەر ڕێگا ڕاست و ئابووری و زانستییەکەی و لە ئایندەدا دەتوانرێت ئەو پرۆژەیە بە چەندین ئۆپشن و توانای تەکنیکییەوە بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی زیاتر سیستمی کارەبا بە شێوەیەکی ئابووری و سەلامەت و زانستی بەڕێوەبچێت.

*** بۆچی بەتایبەتکردنی کەرتی کارەبا نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم بابەتە لە وەزارەتی کارەبا و لە ڕووی ئیداری و تەکنیکی هەموو شتێکی تەواو بووە، پاشان ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە و لەلای ئەوانیش چەندین پسپۆڕ و شارەزا پێداچوونەوەیان بۆ بابەتەکە کردووە، ئێستا ئێمە بۆ جێبەجێکردنی چاوەڕوانی فەرمانی ئەوان دەکەین.

*** هێشتا سەرپێچییەکان لەسەر هێڵی کارەبا بەردەوامیان هەیە، ئایا بیر لە ڕێگەیەکی نوێ نەکراوەتەوە بۆ ئەوەی چیتر سەرپێچییەکان ڕوونەدات؟**

- ئێمە لە وەزارەتی کارەبا جگە لە دانانی پێوەری زیرەك وەك ئاماژەمان پێ دا کە کۆتایی بە سەرپێچییەکان دەهێنێت، ئەوا تیمەکانی نەهێشتنی سەرپێچی لەسەر تۆڕەکانی کارەبا لە بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی دابەشکردنی کارەبای شارەکان بەردەوامن لە کار و بەدواداچوونی خۆیان و لە هەر شوێنێك سەرپێچی هەبێت، چارەسەری دەکەن، بەم هۆیانەوە توانیومانە ٨٠٠٠ حاڵەتی سەرپێچی و زێدەڕۆیی سەر تۆڕی کارەبا کۆتایی پێ بهێنین و لەو ڕووەشەوە لە کارەکانمان بەردەوامین.

*** زۆر باسی بریبەیتی کارەبا واتا کارتی کڕینی یەکەی کارەبا دەکرێت، ئەم پرۆژەیەتان بەکوێ گەیشتووە؟**

- ئێمە بۆ ئەو مەبەستە وەك نموونە لە شاری هەولێر لە بازاڕی لەنگەی هەولێر وەك تاقیکردنەوە و تێست دامانناوە، کە بە پێی قسەی خاوەن دووکان و بازاڕەکە زۆر لێی ڕازین و سەرکەوتوو بووە و ٢٤ کاتژمێر بێ کێشە کارەبای بەردەوامیان هەیە، بە پیادەکردنی سستەمی پری پەید، واتە پێدانی نرخی کارەبا بە شێوەی پێشەکی، لە ڕووی ئابوری و بەردەوامیی خزمەتگوزارییەکەوە زۆر سەرکەوتوو دەبێت. ئێمە ئەو نموونەیەی هەولێرمان بردووەتە بازاڕێکی دهۆك و لە ئایەندەیەکی نزیکدا لە چەند شوێنێکی سلێمانییش جێبەجێی دەکەین. خۆ ئەگەر زانرا دەرئەنجامەکانی ئەم پرۆژە و سیستمە زۆر باش و سەرکەوتووە و لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیانە، ئەوا هەنگاو بە هەنگاو لە هەموو بازاڕ و شوێن و گەڕەکەکانی شارەکانی هەرێم جێبەجێی دەکەین. هەروەها بە جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە کارەبای نیشتمانی دەبێتە ٢٤کاتژمێر و موەلیدەکان نامێنن و لەو ژاوەژاوو بۆنی گازوایل و پیسبوونی ژینگە ڕزگارمان دەبێت.

*** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو چەند بەنداوێکی دروست کردووە، بەڵام بۆچی دیزاینی دانانی تۆڕبینی نییە، خۆ ئەگەر بڕە کارەبایەکی کەمیش بتوانێت دابینی بکات، ئەوە بۆ دەوروبەری بەنداوەکە و کارپێکردنی دامەزراوەکانی گرنگە؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت دروستکردنی بەنداو لە شوێنێکی گونجاو بێت و قووڵی و بەرزیی ئەو شوێنەی کە ئاوەکەی تێدا گل دەدرێتەوە شیاو بێت بۆ دانانی تۆڕبین و ماکینەی بەرهەمهێنانی کارەبا، کە پێویستە ئەم پرسانە لە دیزاینی بەنداوەکەدا هەبێت، خۆ ئەگەر لەگەڵ دروستکردنی بەنداوەکەدا دروست نەکرێت، ئەوا دەکرێت دیزاینەکەی هەبێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بتوانرێت وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای لێ دروست بکرێت. ئێمە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەماهەنگین و کاری پێکەوەییمان لەگەڵ یەکتر هەیە، ئەگەرچی هەندێ بەنداو بەپێی ئەو خەسڵەت و ناوچەیەی کە تێیدا دروست دەکرێت، تەنیا بۆ گلدانەوەی ئاو و ئاودێری و ئاوی خواردنەوە دەشێت و ناتوانرێت وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای لێ دروست بکرێت، بەڵام هەر بەنداوێك قووڵیی گلدانەوەکەی شیاو بێت بۆ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا، ئەوە ئەنجومەنی وەزیران و هەر دوو وەزارەتی پەیوەندیدار هەماهەنگین بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە بەنداوەکەدا.

*** ژمارەیەکی زۆری هاوبەشانی کارەبا قەرزاری کارەبان، بۆ وەرگرتنی ئەو قەرزانە بڕیاری چی دراوە؟**




- لە ماوەی ڕابردوو ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی کارەبا جۆرێك لە کارئاسانی و لێخۆشبوونێك بە بڕی ١٥٪ی قەرزی سەر هاوبەشانی کارەبا کرا و چەند جارێکیش ماوەی ئەم هاوکارییە نوێ کرایەوە، هاوکات وەزارەتی کارەبا ڕێگەی داوە هاوشانی کارەبا کە قەرزاران بە چەند قست پارەکانیان بدەن و ژمارەی قستەکانیش بەپێی توانای دارایی هاوبەشەکان بووە، بۆ ئەوەی کاریگەری و قورسایی لەسەر ژیانیان دروست نەکات. وەزارەتی کارەبا هەموو کات بارودۆخی هەرێمی کوردستان و کاریگەریی قەیرانەکانی لەسەر هاووڵاتییان لەبەرچاو گرتووە. ئەگەرچی بەپێی یاسا بەرکارەکان و ئەو ڕێنماییانەی لە وەزارەتی کارەبا هەیە، فەرمانگە و دەزگاکانی کارەبا دەستکراوەن بۆ ئەوەی هەر هاوبەشێکی کارەبا سێ جار پسوڵەی کارەبای بۆ بچێت و پارەکەی نەدات، هێڵی کارەباکەی ببڕدرێت، بەڵام ئەو ڕێنماییە لەلای ئێمە لەبەر ڕەچاوکردنی بارودۆخی دارایی خەڵك جێبەجێ نەکراوە، هەر بۆیە لێرەدا داواکارین هاوبەشانی کارەبا بەپێی توانای دارایی خۆیان بەدەم ئەو هاوکاری و ئەو ئاسانکارییانەی حکومەت و وەزارەتی کارەبا بێن. ئێمە لە سەرووی تریلیۆنێك دینار قەرزمان لەلای تەواوی هاوبەشانی کارەبا هەیە کە ئەو قەرزەش لەسەر هاوبەشانی ماڵان و بازرگانی و پیشەسازی و فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومەتە کە ئەگەر ئەو بڕە پارە زۆرەش وەربگیرێتەوە، ئەوا دەتوانرێت بۆ چەندین پرۆژەی دیکە بەکار بهێنرێت.

*** لەلایەن هاووڵاتیانەوە گلەیی زۆر لەسەر گرانیی نرخی پێدانی کارەبای مۆلیدە دەکرێت، ئایا سنوورێك بۆ ئەو گرانییە دانانرێت، بەتایبەتی بەرەو وەرزی زستان دەچین، چونکە بۆی هەیە ئەو گرانییەی مۆلیدەکان بارگرانییەکی زۆر لەسەر هاووڵاتیان دروست بکات؟**

- لە ڕاستیدا کارپێکردنی مۆلیدە ئەهلییەکان و دیاریکردنی کاتژمێر و نرخی ماوەی پێدانی کارەباکەشیان ئەوە وەزارەتی کارەبا دوور و نزیك هیچ پەیوەندییەکی پێوەی نییە، بەڵکو مۆلیدە ئەهلییەکان سەرپەرشتی و بەدواداچوون و هەموو کارێکیان لە ڕێگەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانیانەوەیە و قائمقامیەت و ناحیەکانیش خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. بەڵام ئەوەی بەرپرسیارێتی وەزارەتی کارەبایە بریتییە لە دابینکردنی زۆرترین کاتەکانی کارەبا. دواتر مەرج نییە نرخی کارەبای مۆلیدە ئەهلییەکان تەنیا پەیوەست بێت بە کاتژمێرەکانی کارکردنیانەوە، بەڵکو نرخی گازوایلیش ئەگەر گران بوو، ئەوا دەبێتە هۆکاری گرانبوونی نرخی کارەبای مۆلیدە ئەهلییەکان، هەروەها گازوایل لە شارێك بۆ شارێکی دیکە نرخی جیاوازە و بۆی هەیە لە هەولێر لە چاو سلێمانی گرانتر بێت، لەبەر ئەوە ئەمپێری کارەبا لە هەولێر گرانتر دەبێت لە سلێمانی یان دهۆك.

**ئێمە لە سەرووی تریلیۆنێک دینار قەرزمان لەلای تەواوی هاوبەشانی کارەبا هەیە کە ئەو قەرزەش لەسەر هاوبەشانی ماڵان و بازرگانی و پیشەسازی و فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومەتە**

# بوونی کچ مایەی ڕزگاربوونە لە دۆزەخ

کچ یەکێکە لە نیعمەت و خەڵاتەکانی خودای گەورە کە بە ژن و پیاوێکی دەبەخشێت دوای هاوسەرگیرییان، بۆیە زۆر گرنگە بزانین چۆن دەتوانین بە چاکەکردن لەگەڵیان مافی ئەو خەڵاتە گەورەیەی خودا بدەینەوە.

لە سەردەمی نەزانی لەناو عەرەب کچیان خۆش نەدەویست و بگرە ئەوەندە ڕکیان لێ دەبووەوە، تا دەگەیشتە ئەوەی دەیان کوشت و زیندەبەچاڵیان دەکرد و سزای ژنەکەشیان دەدا کە بۆ کچت بووە!

خودای باڵادەست دەفەرموێ:

قال الله تعالى: {وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ * يَتَوَارَى مِنَ القَوْمِ مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ}(النحل الآية ٥٨: ٥٩).

واتە: کاتێك موژدەیان دەدا بە کەسێك کە کچی بووە، دەموچاوی ڕەش هەڵدەگەڕا لە تووڕەیی و خەفەت خواردن، لەبەر قسە و ناو وناتۆرەی خەڵکی کە دواتر بۆی هەڵدەواسن و پێی شەرمەزار دەبوو. لەسەر کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی منداڵی کچ تەنیا لەبەر ئەوەی کچە خودای گەورە دەفەرموێ: {وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ * بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ}(التكوير الآية: ٨: ٩) .

واتە: لە ڕۆژی دوایی لە منداڵەکە دەپرسن: بە چ تاوانێك کوژرای؟؟

قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ (مَنْ وُلِدَتْ له ابنةٌ فلم يئدْها ولم يُهِنْها، ولم يُؤثِرْ ولَده عليها ـ يعني الذكَرَ ـ أدخلَه اللهُ بها الجنة) رواه أحمد.

واتە: پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: هەرکەسێك کچێکی بوو، هیچ ئەزیەت و ئازاری نەدا و سووکایەتی و گاڵتەی پێ نەکرد و هەروەها کوڕەکەی لە سەرروویەوە دانەنا (لە خۆشەویستی و گرنگی پێدان وبە گوێگرتن لێی و... هتد)، لە پاداشتیدا خودای گەورە دەیباتە بەهەشتەوە.

لەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، لەناو عەرەب و سەردەمی نەفامی وجەهالەت، کچیان بە شێوەیەکی زۆر قێزەون لە ناو دەبرد، بۆیە هەر ئەوەندە بەس نەبووە کە نەکوژرێن و ئازار نەدرێن، بەڵکو نابێ لەگەڵ کوڕەکانیشتان هیچ جیاوازییان لە نێواندا بکەن، بگرە دەبێ لە هەندێ کات گرنگی زیاتریشیان پێ بدرێت. هەروەها نرخی ژیان و مرۆڤبوون بۆیان فەراهەم بکات و یەکسانی بۆ مرۆڤەکان بکات.

**کچان مافی خوێندنیان هەیە هەر وەک براکانیان، چی بۆ کوڕەکانت دەکەیت، دەبێ بۆ کچەکەشت بکەیت**

قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ ( مَنْ عال جارتين (بنتين) حتى تبلغا، جاء يوم القيامة أنا وهو وضم أصابعه ) رواه مسلم ..

واتە: سەروەرمان (د.خ) دەفەرمووێ:

هەرکەسێك دوو کچ بەخێو بکات تا گەورە دەبن (لە بەخێوکردن و خزمەتکردن و پەروەردەکردن و تا بە شوویان دەدات بە پیاوی چاك) ئینجا فەرمووی: من و ئەو کەسە لە ڕۆژی قیامەت ئەوهاین پێکەوە (ئاماژەی بە پەنجەی شەهادە و ئەوەی تەنیشتی کرد) کەواتە لەگەڵ پێغەمبەر(د.خ) دەبێت.

لە دایە عائیشەوە بۆمان گێڕدراوەتەوە، دەڵێن: جارێکیان ئافرەتێکی هەژار لە دەرگای ماڵی پێغەمبەری داوە و داوای هاوکاری کردووە، دایە عائیشەش خوای لێ ڕازی بێت، دەڵێت: دوو دەنکە خورمام پێ دا، ئەویش بەشی کرد لە نێوان هەر دوو کچەکەی. دواتر ئەو ڕووداوەی بۆ پێغەمبەر (د.خ) گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: بەو کارەی کردی، لە ئاگری دۆزەخ پارێزراو دەبێت.

قال رسول الله ـ صلى الله على وسلم ـ (ليسَ أَحَدٌ من أمتي يعولُ ثلاثَ بنات، أو ثلاثَ أخوات، فيُحْسِنَ إليهنَّ إلا كُنَّ لهُ سِتراً من النارِ ) رواه الطبراني

**کچ وەکو براکانی پێویستە ڕاوێژی پێ بکرێت لە کاروباری ناوخۆیی خێزان و گوێ لە سەرنج و تێبینیەکانی بگیرێت**

سەروەرمان (د.خ) فەرموێ: هەر کەسێك سێ کچ، یان سێ خوشك بەخێو بکات (بە جوانترین شێوە) ئیللا دەبێتە پەردە و حیجابێك لە نێوان کەسەکە و ئاگری دۆزەخ.

ئەوەی لەم فەرموودانا فێری بووین:

- ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: بە نەرمونیانی و سۆز و خۆشەویستی کچ گەورەی بکەیت.
- هەروەها کچەکەت هەست بە لاوازی و کەموکورتی نەکات لەبەرئەوەی کچە.
- بوونی کچ مایەی ڕزگاربوونە لە دۆزەخ و نزیکبوونەوەیە لە بەهەشت و ڕەزامەندیی خودای گەورە.

هەروەها ئەوەنەش بەس نییە کە لە خواردن و جلوبەرگ هیچ کەمتەرخەمیت نەکردووە، دەبێ لە تەواوی ژیانیان شان بە شانی کوڕەکانت مافیان پێ بدەیت، وەکو:



**مەلا ڕەعد نووری ئۆمەربلی**

**بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

١: کچان مافی خوێندنیان هەیە هەر وەك براکانیان، چی بۆ کوڕەکانت دەکەیت، دەبێ بۆ کچەکەشت بکەیت .
٢: کچ وەکو براکانی مافی شوفێری هەیە .
٣:وەکو براکانی مافی موڵکداری هەیە، ئەوەیش خاوەن ماڵ بێت.
٤: کچ وەکو براکانی مافی هەڵبژاردنی هاوسەری و ڕەتکردنەوەی هەیە، بە مەرجێك پیاوەکە کەسێکی خەراپ و تەڵەکەباز نەبێ .
٥: کچ وەکو براکانی پێویستە ڕاوێژی پێ بکرێت لە کاروباری ناوخۆیی خێزان و گوێ لە سەرنج و تێبینیەکانی بگیرێت.
٦: مافی وەرگرتنی بەشە میراتی هەیە و نابێ تووشی شەرمە بکرێت و لە ترس و شەرم و عەیبە نەتوانێ بەشی خۆی وەربگرێت.
٧: لە سەردان و بەسەرکردنەوە و هەواڵپرسین دەبێ وەکو کوڕەکانت حیسابی بکەیت.

● خاڵێکی دی کە زۆر گرنگە ئەوەیە هەرکوڕێك کە باڵغ بوو یان تەمەنی لە (١٨) ساڵ تێپەڕی، مافی بەخێوکردنی لەسەر دایك و باوکی نامێنێ و دەبێ خۆی هەوڵبدات، بەڵام کچ تەمەنی هەرچەندە گەورەش بێ، تا شوو نەکات مافی بەخێوکردنی لە سەر دایك و باوکیەتی.

نموونەیەکی زۆر ناشیرین لە ناو کۆمەڵگەکەمان هەیە، دەبینین باوکێك بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات بۆ خوێندنی کوڕەکەی لە زانکۆی بەرز و ئەهلی و پارەیەکی زۆر دەدات و واسیتەی دەکات بۆ دامەزراندن و سەیارەی بۆ دەکرێت و پارەی بۆ ڕوو دەکات، بەڵام بۆ کچەکەی کە لە براکە زیرەکترو بەتواناترە و بە ئەدەبتر و بێ کێشە و بێ مەسروفتریشە، باوکی لە قوتابخانەیەکی ئاسایی دایناوە و دەبێ بەپێ ڕێگایەکی دوور ببڕێت و بێ نازە و لە کۆتایی لەبەر عەیبە و پاراستنی شەرەف و نامووس کچەکی لە خوێندن بێبەش دەکات.

خەڵکێکی زۆر وا حاڵی بووە، ئەگەر کچەکەی کارێکی نارەوا بکات حەیا و ئابڕووی دەچێت، نازانێ بە کاری نارەوای کوڕەکەشی حەیا و ئابڕووی دەچێت و گرفتی زیاتریشی تووش دەبێت .

پێغەمبەری سەروەرمان (د.خ) هەرکاتێك فاتیمەی کچی دەهاتەوە، لە بەری هەڵدەستایەوە و سەری ماچ دەکرد و لە جێی خۆی، یان لە تەنیشتی خۆی دایدەنا و قسە و گفتوگۆی لەگەل دەکرد و ڕێزێکی زۆر زۆری لێ دەگرت .

پیاوێکی بە تەمەن هەر کاتێك زاوایەکی دەهات بۆ لای، ڕێزێکی تایبەتی لێ دەگرت، ڕۆژێك کوڕەکان پرسسیان لە بابیان و گوتیان: ئەوەندەی ڕێز لە زاواکەت دەگری» ئەوندە ڕێز لە ئێمە ناگری. بابیشیان گوتی: لەبەر ئەوەی پارچەیەك لە جەرگی خۆم پێ داوە (مەبەستی کچەکەی خۆی بوو)، ئەو زۆر ڕێز لە کچەکەم دەگرێت، منیش ڕێزی زیاتری دەگرم، ئەمەش حۆشەویستیی باوکێکە بۆ کچەکەی لە دوای بەشوودانیشی .

**پێغەمبەری سەروەرمان (د.خ) هەرکاتێک فاتیمەی کچی دەهاتەوە، لە بەری هەڵدەستایەوە و سەری ماچ دەکرد و لە جێی خۆی، یان لە تەنیشتی خۆی دایدەنا و ڕێزێکی زۆر زۆری لێ دەگرت**

عیمران و خێزانەکەی لە خۆشەویستی بۆ خودای گەورە نەزریان کرد ئەو کۆرپەیەی لە ڕێگایە کە بوو بیکەنە خزمەتکاری (بيت المقدس) بەڵام لە دوای لە دایکبوون کچیان بوو (مەریەمی پاکیزە) زۆر بێتاقەت بوون لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە لێ نەدەگەڕان ئافرەت بچێتە پەرستگا و خزمەت بکات، بۆیە دایکی گوتی:

يقول تعالى: {إِذْ قَالَتِ امْرَأَتُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (٣٥) فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنْثَى وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ} [آل عمران: ٣٥، ٣٦].

دواتر خودای گەورە پاراستی مەریەم و چووە ناو بەیتولموقەدیس، هەروەها خودای باڵادەست موعجیزەیەکی پێ دا بە لە دایکبوونی حەزرەتی (عیسى عیله السلام) بەو پێوەرەی لە کۆمەڵگەی خۆمان دەبینین، ئەو سۆز و بەزەییەی لە لای کچ بۆ دایك و باوك هەیە، لە لای کوڕ نییە، زۆرێك لە دایك و باوکان لە لایەن کوڕەکانیان بەخێو ناکرێن و دەردەکرێن، بەڵام کچەکان دێن و خزمەتیان دەکەن، لەگەڵ ئەوەی ئەگەر غەدری زۆریشیان لێ کردبێ، بۆیە هیوام وایە کەس لەبەر خاتری کوڕەکانی ستەم لە کچەکانی نەکات.

**مافی وەرگرتنی بەشە میراتی هەیە و نابێ تووشی شەرمە بکرێت و لە ترس و شەرم و عەیبە نەتوانێ بەشی خۆی وەربگرێت**



# بۆ پاڵنەرەکانی پشت خواستی بەدەستهێنانی بڕوانامە ڕوانگەی جیاواز هەیە

سالانە ڕێژەیەکی زۆری قوتابییان قۆناغی زانکۆ و پەیمانگە تەواو دەکەن و بەدەستهێنانی بڕوانامە خواستی زۆرینەیانە، وێڕای زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان ژمارەیەکی زۆری زانکۆ و پەیمانگەی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە، لە بەرامبەردا حەزی دووبارە خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە لەلایەن هەردوو ڕەگەز بە شێوەیەکی بەرفراوان لە هەڵکشاندایە. هاوکات دامەزراوە ئەکادیمییەکانمان لەو ئاستەدان کە ببنە یارمەتیدەری پرۆسەی پێشخستن و گەشەپێدانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە گشتی، بەڵام ئایا لە سەردەمی ئێستادا پرسی بەدەستهێنانی بڕوانامە بۆ چ ئامانجێکە، کە بووەتە باو لەناو خەڵك؟ ئایا بۆ تێکەڵبوون بە بازاڕی کارە؟ ئایا بۆ بونیادنانی داهاتووە؟ ئایا تەنیا بۆ خۆدەرخستنە، یان چاولێکەری؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ڤیان مەحموود زامدار مامۆستای زانکۆیە و لە وەڵامی ئەو پرسیارەی گوڵاندا کە پاڵنەرەکانی پشت خواستی بەدەستهێنانی بڕوانامە چین؟ دەڵێت: «ئەمە جۆرە پرسیارێکە دەبێت بە داتا وەڵام بدرێتەوە و لە قاڵبی توێژینەوەیەکی زانستیدا و بەڕاپرسی لەسەر قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان و قوتابیانی خویندنی باڵا تاوتوێ بکرێت. هەر بۆیە کاتێك لە کوردستان شتێکی وەکو وەڵامی ئەم پرسیارە بە سیفەتگەلی وەکو (باو، دیاردە و.. هتد) وەسف دەکرێت، پێموایە پەلەکردنێکی ڕوونە و پشت ئەستوور نییە بە توێژینەوە و داتا.

تێکۆشان بۆ باشترکردنی گوزەران لە هەموو کایەکاندا، بەجێیە و جیهانییە. ئەمە جێگای ڕەخنە نییە بە شێوە گشتییەکە. سەبارەت بە بەشەکەی دیکەی پرسیارەکەتان، بەپێی توێژینەوە زانستییەکان، پێگەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگ لە پاڵنەرە هەرە بەهێزەکانی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی مرۆڤن. لەم بارەیەوە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ توێژینەوە زۆرەکانی (David M. Buss) و (Michael Shermer). لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی کوردیشدا، کە تاڕاددەیەکی زۆر نەریتی و داخراوە و داب و نەریت و تێڕوانینی دەستەجەمعی سەردەستەیە، هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە بابەتی خوێندن و ڕشتەی خوێندن و بڕوانامەش بەدەر نابێت لە لاساییکردنەوە و چاولێکەری. بەڵام ئەمە ناکرێت بگشتێنرێت، چونکە هەمیشە کەسانێك هەن بە دوای هێنانەدی خەونی خۆیانەوەن و بە مەعریفە و زانست هەوڵ دەدەن لەو هەژموونە کۆمەڵایەتییە و لەو ڕیزی مێگەلییە دەرچن. سەرلەنوێ، بۆ دەرچوون لەم هەڵە لۆژیکی و پەلەکردنە، باشترین شتێك بیکەین، ئەوەیە بە داتای هەڵێنجراو لە توێژینەوەی زانستی و سەرچاوەی تایبەتمەند لێکدانەوەکانمان بونیات بنێین، کە ئەمەشمان لە کوردستان نییە».

دکتۆر ڕێبین عەزیز بەرزنجی، نەقیبی سەندیکای پزیشکانی ددانی کورستانە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بابەتی بەدەستهێنانی بڕوانامە لەناو خەڵك بووەتە دیاردەیەك و دەتوانین بەدوو لایەن لێکدانەوەی بۆ بکەین.

لایەنی یەکەم: تایبەتە بە دەستکەوتی کەسێتی، ئایا مەبەست بۆ بەرزکردنەوەی ناو و نازناو و ناوبانگە لە نێو خەڵك و کۆمەڵگاو دەستکەوتنی پێگە لەناو کایە ئیدارییەکان، یان برەودان و پێشکەوتنی لایەنی زانستی و لایەنی پیشەیی پسۆڕێتی دیاریکراو و سەرفکردنی هەموو تواناکانە بۆ خزمەتکردنی خەڵك و کۆمەڵگە و پێشکەوتن و گەشەسەندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت؟

لایەنی دووەم: تایبەتە بە دەوڵەت و دامەزراوەکانی میری. ئەمیش بە دانانی پرۆگرام و بەرنامەو پلانی دیراسەکراو بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ وەرگرتنی قوتابیان و دوای تەواوکردنی خوێندن بە جۆرێك بێت لە هەر دوو سێکتەری میری و تایبەتی کەڵك لە تواناکانیان وەربگیرێت و بخرێنە خزمەت کۆمەڵگەکەیانەوە و ژمارەیان پێویست بێت بۆ ئەم مەبەستە. لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە مۆڵەت بە زانکۆ ئەهلییەکان بدرێت کۆلێژ و بەشەکانیان بکەنەوە، نەك لەسەر بنەمای دەستکەوتی ماددی بەتایبەتی دەبینین لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەندێ لە زانکۆ ئەهلییەکان بەشی پزیشکیی ددان و دەرمانسازی دەکەنەوە، لە کاتێکدا دەزانین لە توانای حکومەتدا نەماوە دەرچووانی ئەم دوو بەشە دابمەزرێنن.

بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت بۆ پاراستنی بەها زانستییەکان و بەرزکردنەوەی ڕانکی زانکۆکانمان لە ئاست زانکۆ جیهانییەکان هەندێ پێوەری زانستی سەردەمیانە دابنێن و بیکەن بە بنەما بۆ پێکانی ئەم ئامانجانە و لە ئەنجامیشدا بۆ سوود گەیاندن بە تاکەکانی کۆمەڵگە و تەواوی دامەزراوەکانی دەوڵەت.


د. نەزاکەت حسێن مامۆستای زانکۆیە و ڕای وایە: «خواستی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە خواستی مرۆڤەکانە و مافێکی ڕەوای تاکەکانە، ئەویش چ لە ڕووی بەدەستهێنانی زانست، یان دەستکەوتی ماددی بێت. وەرگرتنی بڕوانامە چەند پاڵنەری جۆراوجۆری هەیە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە، بەو پێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و سایکۆلۆژیایەکی ئاڵۆزی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی پرسی دەستخستنی بڕوانامە لە هەرێمی کوردستان پاڵنەری جیاوازی هەیە، هەندێك لەوانە بۆ دەستکەوتی ماددی و زیادبوونی مووچەکەیانە، تاکیش هەیە بڕوانامە بە فاکتەرێکی گرینگی وەرگرتنی پۆستی سیاسی دادەنێت و دەیەوێ بەهۆی بڕوانامەکەی وێڕای پۆستی حکوومی پۆستێکی سیاسیی باش وەربگرێت، ڕەنگە کەسانێك بۆ دەستکەوتی مەعنەوی بڕوانامە بەدەست بهێنن، یان بۆ بەهێزبوونی پێگەی کۆمەڵایەتییان هەوڵی وەرگرتنی بڕوانامە دەدەن، لەبەر ئەوە دەکرێ بڵێین پاڵنەرەکان فرەڕەهەندن، لە هەمان کاتیشدا ئەو پرسە لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی دی جیاوازە، ڕەنگە لە قۆناغێك بە هۆی خراپیی دۆخی ئابووری بە ناچاری دەستیان لە خوێندن هەڵگرتبێت، دواجار بە هۆی باشبوونی باری داراییان دووبارە دەچنەوە بەر خوێندن، هەروەها بوونی هەلی خوێندن لە وڵاتانی دیکە ئارەزووی بڕوانامەی زیاتر کردووە.

**بەپێی توێژینەوە زانستییەکان، پێگەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگ لە پاڵنەرە هەرە بەهێزەکانی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی مرۆڤن**

**هەمیشە کەسانێک هەن بە دوای هێنانەدی خەونی خۆیانەوەن و بە مەعریفە و زانست هەوڵ دەدەن لەو هەژموونە کۆمەڵایەتییە و لەو ڕیزی مێگەلییە دەرچن**

**لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەندێ لە زانکۆ ئەهلییەکان بەشی پزیشکیی ددان و دەرمانسازی دەکەنەوە، لە کاتێکدا دەزانین لە توانای حکومەتدا نەماوە دەرچووانی ئەم دوو بەشە دابمەزرێنن**

**تاکیش هەیە بڕوانامە بە فاکتەرێکی گرینگی وەرگرتنی پۆستی سیاسی دادەنێت و دەیەوێ بەهۆی بڕوانامەکەی وێڕای پۆستی حکوومی پۆستێکی سیاسیی باش وەربگرێت**



# لە پەراوێزی ١١ی ئۆکتۆبەر و ڕۆژی جیهانیی کچاندا داوای وەبەرهێنانی سامانی مرۆیی کچان دەکرێت

**کە باسی یادی ڕۆژی کچان دەکرێت. کچی کوردیش جێی خۆیەتی سەر هەڵبڕێت بە ئومێدەوە تەماشای ژیان بکات**



**لە ساڵوەگەڕی ڕۆژی جیهانیی کچان (١١ ی ئۆکتۆبەر) چۆن دەکرێ کچان لەسەر ئەوە ڕابهێنین کە بڕوای تەواویان بە تواناکانیان هەبێت و هەرگیز چەوساندنەوە و ژێردەستەیی بە میراتی خۆیان نەزانن؟ چۆن دەکرێت بە پشتبەستن بە خۆیان ئەو بەربەستانە بشکێنن؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەنەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بە مەبەستی تیشک خستنەسەر گرینگیی پەروەردەکردنی کچان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو و نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەم پراکتیزەکردنی مافەکانیان و دابینکردنی ژیانێکی باشتر و نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی، لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٠/١٩ نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە ٧٠/٦٦ بڕیاری دا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی کچ لە جیهان بناسرێت، بۆ یەکەمجاریش نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠١٢/١٠/١١ یادی ڕۆژی جیهانی کچانی کردەوە، تەنانەت ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن بان کیمۆن سکرتێری گشتیی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا بە ساڵی کچان و لەلایەن کۆمەڵێ وڵات واژووی لەسەر کرا، گرنگترین هەوڵەکانیش بۆ برەودان بە خوێندنی کچان و وەبەرهێنان لە کچان بوو.

لیا سەیفەدین بەرپرسی لقی سلێمانی / یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «ڕاگەیاندنی ڕۆژی جیهانیی کچان، لەلایەن دامەزراوەیەکی گەورەی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا دیاریکردنی ڕۆژێك نەبوو بۆ کچان، بەڵکو لە دوای هەستکردن بوو بەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی کچانی کۆمەڵگە جیاجیاکانی جیهان ببوونەوە، ڕاگەیاندنی ئەم ڕۆژە بۆ دانانان بوو بە مافەکانی کچان و ئەو ئالەنگارییە دژوار و جۆراوجۆرانە کە کچان لە سەرانسەری جیهاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. هاوکات دەڵێت: «ڕۆژی جیهانیی کچان سەرنج دەخاتە سەر پێویستیی هەنووکەیی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاریشانەی کچان ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە بەرەوپێشچوون، یان بەدیهێنانی مافە مرۆییە سەرەتاییەکان تا سەرجەم مافەکانی دیکەیان».

لیا سەیفەدین یەکێك لە هۆکارەکانی دیکەی دیاریکردنی ئەو ڕۆژە وەك ڕۆژێکی جیهانیی کچان، دەگەڕێنێتەوە بۆ «لاسەنگی لە بەدەستهێنان و مومارەسەکردنی مافەکان لە نێوان توخمی نێر و مێ» و ڕای وایە: «زاڵبوونی توخمی نێر بەسەر توخمی مێدا لە ناو کۆمەڵگە جیاجیاکان بە گشتی و خێزان بە تایبەتی ڕەنگدانەوەی بووە». هەر لەو بارەیەوە گوتی: «لە هەرێمی کوردستان بە هۆی ڕیشە درێژبوونی ئەقڵییەتی پیاوسالاری لە تەواوی کۆمەڵگە و خێزان بە ڕوونی هەست بە لاسەنگیی جێندەری دەکرێت لە نێوان کوڕ و کچەکانماندا، وەك سنووردارکرنی تواناکانی کچان، بێبەش کردنیان لە مافی خوێندن، دەستدرێژیی سێکسی، ئەنجامدانی توندوتیژی دەروونی و جەستەیی، ناچارکردن و بەزۆر بەشوودان،

**ڕاگەیاندنی ئەم ڕۆژە بۆ دانانان بوو بە مافەکانی کچان و ئەو ئالەنگارییە دژوار و جۆراوجۆرانە کە کچان لە سەرانسەری جیهاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە**

**ڕۆژی جیهانیی کچان سەرنج دەخاتە سەر پێویستیی هەنووکەیی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاریشانەی کچان ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە بەرەوپێشچوون، یان بەدیهێنانی مافە مرۆییە سەرەتاییەکان تا سەرجەم مافەکانی دیکەیان**

**لە هەرێمی کوردستان بە هۆی ڕیشە درێژبوونی ئەقڵییەتی پیاوسالاری لە تەواوی کۆمەڵگە و خێزان بە ڕوونی هەست بە لاسەنگیی جێندەری دەکرێت لە نێوان کوڕ و کچەکانماندا**



کار پێکردنی زۆر و تەماشاکردنیان بە چاوی خزمەتکار لە ناومالّ و...هتد. خێزان ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاوی هەیە لە پەروەردەکردنی تاك بۆ کۆمەڵگە، بەتایبەت دایك ڕۆڵی گرینگ و بەرچاوی هەیە لە گرینگیدان بە توانای کچەکەی و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ڕەگەزەکانی خێزان، پێوستە دایکان هۆشیاریی گشتی و بەتایبەت هۆشیاریی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییان لە ئاستێکی گونجاو و بەرز بێت، تا بتوانن هاوکار و پشتیوانی کچەکانیان بن و گرینگی بە تواناکانیان بدەن و هاوکاریان بن بۆ سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتە تایبەت و کۆمەڵایەتییەکان و داکۆکیکاری سەرسەختی بەدەستهێنانی مافەکانیان بن. هەروەها لەلایەن دامەزراوە فەرمییەکانەوە پێویستە کچەکان وەك ڕەگەزێکی گرینگ و هاوبەشی کۆمەڵگە سەیر بکرێن، ئەمەش لە ڕێگەی ژینگەیەکی ئارام و پارێزراو و دوور لە هەر توندتیژیی و جیاوازییەکی ڕەگەزی و دابینکردنی ماف بە یەکسانی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا دەستەبەر دەکرێت». گوتیشی : «ئەگەر وەك مرۆڤ و دوور لە جیاکاری ڕەگەزی سەیری کچان بکرێت، ئەوا جگە لە ئەرکی دایکایەتی و بەڕێوەبردنی ماڵ، لە بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگەش ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاویان دەبێت، ناتوانرێت چاوەڕێی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بکرێت، ئەگەر تواناکانی کچان سنوودار بکرێت و لە ماڵەوە بەند بکرێن و بکرێنە قوربانیی کەلتووری پیاوسالاری. خۆشبەختانە سەرباری هەموو ڕێگری و بەربەستەکانی بەردەم کچان، بەڵام بەراورد بە سالآنی ڕابردوو، کچان لە هەرێمی کوردستاندا توانیویانە خۆیان لەگەڵ بەرەوپێشچوونە جیهانییەکان بگونجێنن و لە ئێستادا ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاویان هەیە، هەر چەندە کەموکوڕیمان زۆرە و هێشتا زۆر کەس بە بینینی کچێك و دەرکەوتنی تواناکانی لە هەر بوارێکدا بێت، لەسەر تیڤی، یان سۆشیال میدیا هێرشی دەکەنە سەر، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینین زۆرێکی دیکە ڕایان جیاوازە و بەرگری و دەستخۆشی لێ دەکەن».

ئیبراهیم حاجی زەڵمی خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسی و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پەروەردە و پێگەیاندن لە خێزانەوە دەست پێ دەکات و، خێزان بنەما و بنچینەی پەروەردەکاری تاکەکانە. دایك ئەندازیاری ئەو ڕۆڵە گرنگ و بێ نموونەیە. باوك و دایك کاتێك لە نێو ماڵەکانیاندا منداڵەکانیان بەخێو دەکەن و نازیان دەکێشن و سەرپەرشتیی ژیان و گوزەرانیان دەکەن و چاودێری کار و ڕەفتارەکانیان دەبن، زۆر گرینگە بە چاوی یەکسانی و بە ڕۆحی دادپەروەرییەوە مامەڵەکانی خۆیان بۆ منداڵەکانیان ئاراستە بکەن. ڕەگەز و گەورەیی و بچووکی و جوانی و لەشساغی و پێوەرە دەسهاتووەکان نەبنە بەربەستی دادپەروەرییان. جیاوازی نەخەنە نێو کایە پەروەردەیی و پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکەیان لەنێو خێزاندا. مەخابن لەو کۆمەڵگەیانەی کە سیستمی باوك سالاری هەیە و ژیانی کۆمەڵایەتی لە سەربنەمای پێگە و ڕەگەز و بەشینەوەی ماف لەسەر بنەمای هێز وەستاوە، عورف و داب و نەریتی نەنووسراوی ژیانی جووتیاری و قۆناغی کشتوکاڵی ڕۆشنایی دەدا بە بەهاکانی. ئیتر جیاکاری لەسەر بنەمای جێندەر و تەماشاکردنی تاك لەسەر بنەمای ڕەگەز و دەستنیشانکردنی پێگە و ئەرکی لەسەر دەستووری عورفی کۆمەڵایەتی باڵی کێشاوە بەسەر کۆمەڵگەدا. لێرەوە کچ وەك مێینەیەك و کچ وەك تاکێکی بێهێز لەچاو نێرینە بەو ئاستەی کە خۆی وەك مرۆڤێك شایەنیەتی و شایستەیەتی مەخابن بۆی ڕەوا نابینرێت. بەڵام ئەمرۆ لە کوردەواریدا بەو پێیە کە هۆشمەندییەك هاتووەتە ئاراوە، کرانەوەیەك بۆ یەکسانی لە ماف و ئەرکدا خۆشنوودییەکی هێناوەتە ئاراوە. لەمەشەوە کە باسی یادی ڕۆژی کچان دەکرێت. کچی کوردیش جێی خۆیەتی سەر هەڵبڕێت بە ئومێدەوە تەماشای ژیان بکات. بەو پێیەی زۆربەی ئەو کۆت و بەندانەی کە لەبەر دەمی کچاندا بوون، لاچوون و لەسەر گەورەترین پۆستی ئیداری و حکوومی کچ نوێنەری خۆی و نموونەی خۆی دەبینێتەوە. پێویستە خۆیشی لە ئاست ئەو بەرپرسیارەتییە گەورەیەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئینسانییەدا بێت، وەك کاڵا خۆی نەبینێت لە بەردەم ئەوەی بەرامبەریدا و وەك سەڵلەیەکی چێژدەر بە پیاو خۆی بنوێنێت، بەڵکوو ئەو پەروەردە و بونیادی کۆمەڵگە و ڕۆڵەکانی کوردەواری لەسەر دەستی ئەوە و تا ئەمرۆ کوردەواری چاوی لە دەستی ئەوە».

هێشوو دارا سەلیم بەرپرسی ئەنجومەنی دەوروبەری سلێمانی (ی.ئا.ك)، هێما بۆ ئەوە دەکات: «بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ، سیمای شارستانیەتی کۆمەڵگەکانە بە گشتی و بایەخدانیش بە ئافرەتان و مافەکانیان زیاتر ڕووی گەشی کۆمەڵگە پیشان دەدات و هەستی شانازیکردن بە مرۆڤ دەبەخشێت».

گوتیشی: «کچان کە توێژێکی تایبەتی ناو

**پێوستە دایکان هۆشیاریی گشتی و بەتایبەت هۆشیاریی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییان لە ئاستێکی گونجاو و بەرز بێت، تا بتوانن هاوکار و پشتیوانی کچەکانیان بن و گرینگی بە تواناکانیان بدەن**

**ناتوانرێت چاوەڕێی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بکرێت، ئەگەر تواناکانی کچان سنوودار بکرێت و لە ماڵەوە بەند بکرێن و بکرێنە قوربانیی کەلتووری پیاوسالاری**

**بەراورد بە سالآنی ڕابردوو، کچان لە هەرێمی کوردستاندا توانیویانە خۆیان لەگەڵ بەرەوپێشچوونە جیهانییەکان بگونجێنن و لە ئێستادا ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاویان هەیە**

ڕەگەزی ئافرەتان تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە و پێویستی زیاتریان بە بایەخپێدان هەیە، ئەویش لەبەر دۆخی تایبەتیی ئەم توێژەیە کە لە ڕووی دەروونی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییەوە زۆرتر هەستیارن و زووتر کارلێك لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکان دەکەن». جەختی لەوەش کردەوە کە «کچان لە ڕووی ماف و ڕێزەوە پێویستیان بەوەیە بە سۆز و گرنگیپێدانەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، ڕێزی داوا و خواستەکانیان بگیرێت. کچان خواستیان ئەوەیە هەڵاوێردن و جیاکاری کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییان بەرانبەر نەکرێت لە خێزاندا و وەك پەراوێزی ڕەگەزی نێر تەماشا نەکرێن، هەر لە خێزاندا کچان پێویستیان بە فێرکردنی ئاگایی و ڕاهێنانی بەردەوام هەیە لەسەر خۆپێگەیاندن و هاندانیان بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن و بڕوابەخۆبوون، پێویستە ئاگایی پێویستیان پێ بدرێت لە بارەی مەترسییەکانی ئەم سەردەمە و چۆنێتیی خۆپاراستن لەو لادانانەی لە کۆمەڵگەدا هەیە».

هێشوو دارا سەبارەت بە ئەرکی حکومەت و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و حکوومی لە وەبەرهێنانی سامانی مرۆیی کچان وتی: «ئەرکی گەورەیان دەکەوێتە سەرشان لە ڕووی پارێزگاریکردن لە مافەکانی کچان و دەستەبەری یاسایی پێویست بۆیان لە پێناو ڕێخۆشکردن بۆ دروستکردنی خێزان و پاراستنی بەهاکانی خێزان، هەروەها ئاگابوونی زیاتر لەو کچانەی تووشی بێ لانەیی بوونەتەوە لە ئەنجامی لەدەستدانی خێزانەکانیانەوە بۆ ئەوەی نەکەونە مەترسییەوە و ڕووبەڕووی توندوتیژی نەبنەوە، لە ڕوویەکی دیکەشەوە زیاتر هەوڵی پاراستنی ئافرەتان بە گشتی و کچان بە تایبەتی بدرێت لە هەموو شێوازەکانی توندوتیژی و سزای ئەوانە بدرێت هەڵسوکەوتی خراپیان لەگەڵ دەکەن.»

عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، ڕای وایە: «بەو پێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەشێکی زۆر لە بەها و پێوەر و دنیابینییەکەی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی وەردەگرێت، هەر لە خێزانەوە تا دەگاتە قوتابخانە و مزگەوت و ڕاگەیاندن، ئەوەی زۆر بە گرینگ و فاکتەری هەرە کاریگەری دەبینم لە پێگەیاندنی کەسێتیی کچ لە کۆمەڵگەی کوردی بریتییە لە ڕۆڵی دایك و باوك، دایك و باوك لەو ڕووەوە هەم دەرد و هەم دەرمانن، دایك و باوکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار و هۆشیار جگە لەوەی خۆیان چاوگەیەکی سەرەکیی گواستنەوەی بەهای جوان و بیری داهێنانکارانەن بۆ منداڵەکانیان، لە هەمان کاتدا دەتوانن ببن بە فلتەری ڕێگرتن و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕاگەیاندن و فاکتەرەکانی دیکە، خۆ ئەگەر باوان لەم ئاستەی بەرپرسیاریەتیدا نەبن و بە ئەندازەی هەستیاریەکەی هەگبەی ڕۆشنبیری و باکگراوندی دەروونزانی پڕ و بەهێز نەبن، ئەو کات فاکتەر و کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕۆڵ و کاریگەرییە نەرێنییەکانیان دوو هێندە و چەند هێندە زیاتر دەبێت. بۆ کچ ئەم بابەتە هەستیارترە و باوان دەبێت لە ڕووی متمانەبەخۆبوون و ئاشناکردنی بەو بەربەست و تەحەددییە چاوەڕوانکراوانەی کۆمەڵگە و شێوازی زاڵبوون بە سەریان دەبێتە یارمەتیدەر و ڕێنیشاندەرێکی باشی کچ تا بزانێت ڕێگای خۆسەلماندن و بەدیهێنانی خود بە گوڵ نەچنراوە».

**ئەمڕۆ لە کوردەواریدا بەو پێیە کە هۆشمەندییەک هاتووەتە ئاراوە، کرانەوەیەک بۆ یەکسانی لە ماف و ئەرکدا خۆشنوودییەکی هێناوەتە ئاراوە**

**زۆربەی ئەو کۆت و بەندانەی کە لەبەر دەمی کچاندا بوون، لاچوون و لەسەر گەورەترین پۆستی ئیداری و حکوومی کچ نوێنەری خۆی و نموونەی خۆی دەبینێتەوە**

**کچان خواستیان ئەوەیە هەڵاوێردن و جیاکاری کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییان بەرانبەر نەکرێت لە خێزاندا و وەک پەراوێزی ڕەگەزی نێر تەماشا نەکرێن**







# هونەری ڕۆژهەڵاتناسی

(١)

ڕۆژهەڵاتناسی بزووتنەوەیەکی وێژەیی و هونەرییە، لە سەدەی هەژدەمدا لە ئەوروپا سەری هەڵدا، لە بنەڕەتدا ڕۆژهەڵاتناسی وەك بزاڤێکی هەمەلایەن بۆ ناسینی ڕۆژهەڵات پەیدا بوو، کە لە پای هەستێکی قووڵی سڵەمینەوە و نیگەرانی بەرانبەر بە ڕۆژهەڵات سەرچاوەی گرت. ئەوروپا بە چاوی نەیار تەماشای ڕۆژهەڵاتی نزیك (ڕۆژاوای ئاسیا وباکووری ئەفریقا)ی دەکرد، ئەوروپایی لە ڕێی ڕۆژهەڵاتناسییەوە ویستیان ڕۆژهەڵات لە باکووری ئەفریقاوە تا دەگاتە چین بناسن، بەریەك کەوتنەکە لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا زووتر و گەرمتر بوو، بۆیە دەبینین ڕەنگدانەوەی هەردوو شوێنەکە لە نێو هونەری ڕۆژهەڵاتناسیدا چڕتر و فراوانترە. ئێمە ناچینە نێو وردەکاریی ڕۆژهەڵاتناسی وەك زانستێك، مەبەستی ئێمە زیاتر لایەنی هونەری نیگارە لەو بزووتنەوە فراوانەی لە ئەوروپاوە دەرهەق بە ڕۆژهەڵات و ناسینی دەستی پێ کرد و برەوی پەیدا کرد.

ئا/ تاریق کارێزی



سەرەتای بزووتنەوەکە لە لایەن بەریتانی و ئیتالی و پورتوگالییە کانەوە بوو، لە کۆتایی سەدەی حەڤدەمیش ڕۆژهەڵاتناسی وەك زانستێکی سەربەخۆ لە پاریس و لەندەن دەگوترایەوە، ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا ئەم زانستە لە چەندین پەیمانگا و زانکۆدا دەگوترێتەوە، ساڵانە سەدان کەس لە پسپۆڕانی ڕۆژهەڵاتناسی لە بواری مێژوو، ئابووری، جوگرافیا، زمان، ویژە، مرۆڤناسی، هونەر، فەلسەفە، ئایین، شوێنەوارناسیدا خوێندن تەواو دەکەن.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕۆژهەتناسی وەك ڕەوتێکی هونەری و ویژە خۆی ناساند، چەندین هونەرمەندی ئەوروپا لەگەڵ پەلهاویشتنی کۆلۆنیالیزم، بەرەو ڕۆژهەڵات هاتن و گەشتیان بە نێو وڵاتانیدا کرد، ئیدی ڕۆژهەڵاتناسی لە هونەری نیگاردا بە چڕی ڕەنگی دایەوە، ئێستا ئەو هونەرە بووە بە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ و ستاتیکی بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی سێ سەدەی ڕابردووی ڕۆژهەڵات و گەلانی ئەم ناوچەیە.

هونەری نیگاری ڕۆژهەتناسی ڕەوتێکی سەربەخۆی هونەر نییە، بەڵکوو دەچێتە فۆرمی ئەوەی، کە هونەرمەندانی ئەوروپا لەسەر بنەمای هونەری کلاسیك هەوڵیان دا لە ڕێی بەرهەم و تابلۆی خۆیانەوە ڕۆژهەڵات بە گەلانی ئەوروپا ئاشنا بکەن. شاڵاوەکەی ناپۆلیۆن بۆ سەر میسر (١٧٩٨) دەروازەیەکی گەورەی بە ڕووی ڕۆژهەتناسیدا کردەوە، هاوشانی ئەوە گەشت و گەڕانی گەڕیدەی ئەوروپایی و پەلهاویشتنی هێزەگەلی کۆلۆنیالیستی ئەوروپا بەرەو ڕۆژهەڵات، خەیاڵدانی هونەرمەندانی ئەوروپای زیاتر زاخاو دا، کە بە دوای دیمەنانی سەرسوڕهێنەری ژیار و شارستانییەتی ڕۆژهەڵات و ناوەندەکانی ئەو شارستانییەتە لە ئاسیا و ئەفریقادا بگەڕێن.

نیگارکێشانی ئەوروپایی لە وڵاتانی خۆیان بەهرەکەی خۆیان خەملاند بوو، بە گوێرەی بنەمای هونەری کلاسیك، بە ئاستی کارامەیی و کارایی لە هونەر گەیشت بوون، ڕۆژهەڵات و دیمەن و کەشەکەی، دەروازەیەکی بە ڕووی ئەواندا کردەوە، کە فیگەری زیاتر و وردکاریی پتر و ڕەنگی گەش و بریقەدار بەکار بهێنن، تا دیمەنی دنیایەکی تەواو نوێ و جیاواز لە جیهانی ئەوروپا بکێشن، کە بۆ ئەوان خولیای گەیشتن بە جوانی و ستاتیکای زیاتری بەدی دەهێنا، بۆ خەڵکی وڵاتانی خۆشیان دۆزینەوەی جۆرە ژیان و ژیار و شارستانییەتێکی نوێ بوو.

ڕەخنەگران دووپاتی دەکەنەوە، نیگارکێشانی ئەوروپایی لە گواستنەوە و کێشانی وێنە و دیمەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی ڕۆژهەڵات و کەش و سرووشتی ئەو وڵاتانەی سەردانیان کردوون، ئەمین و ڕاستگۆ بوون، بە وردی و ریالیستانە، چی کەوتووەتە بەر چاویان، بە پوختی و پاکی گواستوویانەتەوە، ئەمەش بۆ ڕۆژهەڵات گەنجینەیەکی گرانبەهایە، چونکە لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا کە ناوجەرگەی جیهانی ئیسلام دەگرێتەوە، بایەخدان بە هونەری نیگار لە ئاستێکی فرە نزمدا بوو. ئەو تابلۆ و بەرهەمانەی نیگارکێشانی ئەوروپایی بەجێیان هێشتن، بووە بە گەنجینەیەکی بێ هاوتا لە پەیوەست بە لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر لایەنی شارستانییەتی ئەو سەردەمی ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامدا.





# چۆن پێنێلۆپ کروز بەم شێوەیە جوان ماوەتەوە

ئەستێرە جیهانییەکان هەوڵ دەدەن بە باشترین شێوە دەربکەون و پێستێکی ڕوون و گەش و دوور لە زیپکە و چرچ و لوچیان هەبێت.

سەرەڕای ئەوەی وەك ئەستێرەیەك ژنێکی سەرقاڵە و دایکی دوو منداڵە، ئەکتەری ئیسپانی پێنێلۆپ کروز چێژ لە جوانییەکی درەوشاوە و پێستێکی نایاب و جەستەیەکی باریك وەردەگرێت، هەروەها درێغی ناکات لە گرنگیدان بە جوانییەکەی، و پاراستنی گەنجییەکەی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، کەواتە نهێنیی جوانییەکەی چییە؟

پێنێلۆپ کروز پشت بە ڕێجیمێکی تایبەت دەبەستێت، کە تێیدا زوو لە خەو هەڵدەستێت، واتا لە دەوروبەری کاتژمێر حەوت و نیوی بەیانی، و حەزی لە ٧-٨ کاتژمێر خەوتنی بەردەوامە لە شەودا، بەڵام بە مەرجێك ئەگەر پابەند نەبێت بە وێنەگرتن.

لە سەرەتای ڕۆژدا وەرزش دەکات، دواتر لەگەڵ خێزانەکەی نانی بەیانی دەخوات، هەروەها حەز دەکات بە کەم کالۆری تێر بێت و ئاوی پێویست بخواتەوە.

پێنێلۆپ ڕۆتینی چاودێریکردنی قژی ئاشکرا کرد و لە چاوپێکەوتنێکدا وتی: «من خۆم هەمووی دەکەم، لە ئارایشتگای دایکم گەورە بووم، بۆیە چەند فێڵێك دەزانم بۆ ئەوەی پرچم تەندروست بمێنێتەوە، من دەزانم چۆن قژی خەڵك ببڕم و ڕەنگ بکەم و وشکی بکەمەوە». باسی لەوەش کرد کە جارێکیان پێش ئەوەی فیلمێك پیشان بدات قژ و ماکیاژەکەی سەلما حایکی چاك کرد، کارەباش کوژایەوە، بە تیشکی مۆم بە سەرکەوتوویی ئەو کارەی کردووە.

هەروەها ئامۆژگاری ئافرەتان دەکات و دەڵێت: «بەم هەموو ئەزموونە، تەنیا ئامۆژگارییان دەکەم کە قژیان بە سرووشتی بەجێی بهێڵیت، هەندێك شامپۆی وشك بەکاربهێنن».

## کلۆنی:
# لەگەڵ ڕۆبەرتس ٨٠ جار دیمەنێکمان دووبارە کردەوە

جۆرج کلۆنی ئەکتەری جیهانی دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی وێنەگرتنی فیلمە نوێیەکەی کە ڕۆمانسی و کۆمیدییە بەناوی (تیکێت بۆ بەهەشت) لەگەڵ ئەستێرە جولیا ڕۆبەرتس ئاشکرا دەکات.

کلۆنی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز ڕایگەیاندووە کە دیمەنی ماچکردنی ڕۆبێرتسی زیاتر لە شەش مانگی خایاندووە.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: «بە هاوسەرەکەمم وت کە ٨٠ جار دیمەنی ماچەکەمان دووبارە کردەوە، زۆر سەرم سوڕما، چونکە دەبوو بە دروستی بیکەین».

ڕۆبێرتس گوتی: «دیمەنەکە ٧٩ وێنەی پێکەنینی پێویست بوو و وتمان و با دوا وێنەی ماچەکەش بخەینە لاوەوە.»

کلۆنی ڕایگەیاندووە کە ساڵانێکە بەشداری لە فیلمێکی کۆمیدی و ڕۆمانسیدا نەکردووە، هەروەها وەك جولیا لەم جۆرە فیلمەدا ڕۆڵی نەگێڕاوە، بەڵام کاتێك زانی کە جولیاش بەشداری تێدا دەکات، پەرۆش بوو، چونکە پێی وابوو کارەکە خۆش دەبێت.

سەبارەت بە فیلمەکەش بەشداری ئەو لە فیلمەکەدا ڕوونی کردەوە کە بەشداریکردنی لە فیلمەکەدا شانبەشانی کلۆنی زۆر مانای هەبوو، بەهۆی هاوسەنگییەکی گەورەی نێوانیان لەسەر شاشە، ئاماژەی بەوەش کردووە: «هاوڕێیەتییەکم هەیە کە زۆربەی خەڵك لەبارەیەوە دەزانن، پەیوەندییەکەمان وەك ژن و مێردێکی جیابووەوە وایە و نیوەی ئەمریکا پێی وایە ئێمە بەڕاستی واین، بۆیە چیرۆکەکە بە تەواوی لەگەڵ ئێمەدا دەگونجێت.»

فیلمەکە لە دەرهێنانی ئۆل پارکەر و لە نووسینی دانیال پێپسکی، لەم فیلمەدا بیلی لۆرد و کایتلین دیڤەر و لوکاس براڤۆ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن، بڕیارە ئەم مانگە لە سینەماکان نمایش بکرێت، کە باس ژن و مێردێکی جیابووەوە دەکات کە گەشت دەکەن بۆ بالی، لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی کچەکەیان نەتوانێت هاوسەرگیری بکات.

وێنەگرتنی فیلمەکە ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێك بووەوە، چونکە بۆ ماوەی چەند مانگێك وەستا بەهۆی ئەو ڕێوشوێنە خۆپارێزییانەی کە لە لایەن ئوسترالیاوە سەپێندرابوو بۆ پەتای کۆرۆنا، کە زۆربەی دیمەنەکان لەوێ گیراوە.





برۆک شیڵدز:

# دایکم منی لە هۆڵیۆد پاراستووە

بروک شیلْدز مۆدێل و ئەکتەری ئەمریکییە، لە ٣١ی ئایاری ١٩٦٥ لەدایکبووە، بە گەنجترین مۆدێل ناسراوە کە دەستی بە نواندن کردووە، ماوەیەک پەیوەندی لەگەڵ یاریزانی تێنس ئەندرێ ئاگاسی هەبووە، هەروەها هاوڕێی نزیکی مایکل جاکسۆن بووە، بەشداری زۆرێک لە زنجیرەکانی ئەمریکی کردووە، یەکەم دەرکەوتنی وەک مۆدێل بوو لە تەمەنی یازدە ساڵیدا، دیارترین ڕۆڵی سینەمایی بەشداریکردنی بوو لە فیلمی «Pretty Baby» لە ساڵی ١٩٧٨ کاتێک تەمەنی ١٢ ساڵ بوو. و بە یەکێکە لە ئەکتەرە هەرە سەرکەوتووەکانی هۆلیۆد دادەنرێت کە تا ئێستاش بەردەوامە.

## جوانی ئەوە نییە کە هەمیشە گەنج بیت

لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی یو ئێس ئەی تودەی، بروک شیڵدز باسی لە چەمکی جوانی کرد وەک مۆدێلێکی پێشوو، ستانداردی کۆمەڵایەتی هەڵەی لە تێکەڵکردنی جوانی لەگەڵ گەنجان ڕوون کردەوە وردەکارییەکانی ڕۆڵی لە فیلمی « قەڵای کریسمس»دا، کە بەم دواییە نمایشکرا، فیلمکە باس لە چیرۆکی نووسەرێکی ئەمریکی دەکات، کە بروک شیلدز ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، ڕوونی کردەوە کە چیرۆکێکە دەربارەی خۆدۆزینەوە و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەیە، و ئاماژەی بەوەدا کە قسە لەسەر پێویستی ژنێک نییە کە لەلایەن کەسێکەوە ڕزگاری بێت، وتی: «زۆر سەرنجم ڕاکێشا کە ئەم ژنە چەندە بەهێزە، دایکێکی نایاب و سەرنجڕاکێشە، پیشەیەکی تەواوی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاواتەخوازە زیاتر بەدەستبهێنێت.» لە دەرەوەی کارەکانی بەردەوامە لە پاڵنانی ئەو تێڕوانینە هەڵەیە سەبارەت بە پیربوون لە کۆمەڵگادا، ستانداردی کۆمەڵایەتی بە قبوڵکردنی ڕێژەیی وەسف دەکات، و ئاماژە بەوە دەکات کە بە درێژایی ژیانی پیشەیی ئەو دەیان ساڵە لە بواری مۆدێل و نواندندا، جوانی لەگەڵ گەنجیدا تێکەڵ کراوە، بە نائومێدکەر وەسف دەکات و دەڵێت «جوانی ئەوە نییە کە هەمیشە گەنج بیت».

لە لایەکی دیکەوە بروک شیڵدز دانی بەوەدانا کە لە مێژە نەشتەرگەری جوانکاری بە دەرزی بۆتۆکس کردووە و لە ئێستادا ئامادەیی خۆی بۆ نەشتەرگەری نوێ پشتڕاست دەکاتەوە.

شیڵدز تەمەن ٥٦ ساڵ لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری «لیدز هۆم جۆرناڵ»ی ئەمریکی دەڵێت: «من نیگەران دەبم بە چرچ و لۆچیەکانی دەموچاو و حەزم لێیە ڕزگارم بێت لێیان».

لەم ڕووەوە بەردەوام بوو و وتی: جارجارە پێویستە دەم و چاو گەنج بکەینەوە بە نەشتەرگەرییەکی جوانکاری، چونکە ئەو کون و شوێنەوارانە لا دەبات کە کات لە پێستماندا بەجێی دەهێڵێت.

لەلایەکی دیکەوە شیڵدز دانی بە ترسی خۆیدا ناوە لە دەرئەنجامە ترسناکەکانی نەشتەرگەری جوانکاری، و وتی «دەبێت پزیشکێکی زۆر وریا بدۆزمەوە بۆ نەشتەرگەری جوانکاری، ئەگەرنا لە کۆتاییدا لە جۆکەر دەچم».

لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ گۆڤاری تێلێگراف باسی لە پیشەکەی خۆی کرد، بۆچوونی خۆی لە دژی ئازاردانی سێکسی و دەستدرێژیکردنە سەر لەڕێگەی کەمپەینی «#MeToo»، هەروەها چۆن دایکی یارمەتی داوە لە دوورکەوتنەوە لەم جۆرە ڕووداوانە.

شیڵدز بە ڕۆژنامەی تەلەگرافی ڕاگەیاندووە، بوونی دایکی و پشتگیریی بەردەوامی لە سەرەتای کاری هونەریدا پارێزگاری لێکردووە لە گێچەڵی سێکسی کە لە هۆلیووددا باو بووە، پەروەردەکردنی خۆپارێزی یارمەتی دەدات ژیانێکی هونەری سەلامەتی بۆ دابین بکات، هەرچەندە بوونی دایکی بەردەوام توڕەیی دەکرد هەندێک کەسایەتی دیار دایکی وەک دایکێکی پاسەوان وەسف دەکەن.

ئەوەشی دووپاتکردەوە، هەرچەندە نەیتوانیوە دەستی بگات بە چەندین دەرفەتی هونەری، بەڵام بوونی دایکی لە زۆر شتی پاراستووە، هەروەها هەستی بە خۆشەویستییەکی گەورە کردووە، ئەمەش وایکردووە ئەزموونەکەی جیاواز بێت لە هونەرمەندەکانی تری بەشداربوو لە کەمپەینی «#MeToo» دا.

تێری شیڵدز، دایکێکی توندوتیژ بوو بەرامبەر هەر پیاوێک کە بە شێوەیەکی نەشیاو سەیری کچەکەی بکات و هەڕەشەی لێدەکرد ئەگەر بیری لە زیانگەیاندن پێی بکاتەوە، یان بە شێوەیەکی نەشیاو مامەڵە بکات، ببێتە هۆی لاوازی سێکسی، دایکی هەر زوو بەڕێوەبەری کارەکانی کچەکەی بوو، و سەرەڕای جیابوونەوەیان بە شێوەیەکی کردارییی، بەردەوام بوون لە ژیان پێکەوە تا مردنی دایکەکە لە ساڵی ٢٠١٢.



## کۆڕاز نەسرەدین:
**یاریزانی ئەسپ سواریی یانەی سلێمانی**

# ئاواتم ئەوەیە وەک باوکم ببمە پاڵەوانی ئەسپسواری



یانەی سوارچاکیی کۆڕاز یەکێك لەو یانانەی کە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و بگرە لە کوردستانیش گرنگیی زۆر بە بواری ئەسپسواری و هونەرەکانی ئەم یارییە دەدات لە شارەکە، هەر چەندە کارەکانیان لەسەر یاریگاکەنی خۆیان ئەنجام دەدەن، بەڵام یاریزانان و ڕاهێنەرانی ئەم یانەیە خەونی گەورەیان هەیە بۆ ئەوەی کارەکانیان فراوان بکەن و بتوانن یاریزانی زیاتر بهێننە نێو ئەم وەرزشە، بەرپرسانی یانەکە لە هەوڵی ئەوەدان لە داهاتوودا ئەم یانەیە بکەنە نموونەیەکی بەرزی یاریی ئەسپسواری لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و کوردستان و عێراقیش، یەکێك لە یاریزانە لاوەکانیش کە ماوەیەکی زۆرە لەو یانەیە وەرزشیی ئەسپسواری دەکات یاریزان (کۆڕاز نەسرەدین)ـە، ئەو یاریزانی یانەی سلێمانی و ڕاهێنەری ئەسپ سواریی یانەی کۆڕازە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری سلێمانییە و خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمە لە پرۆگرامین، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیاریکمان لی کرد ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بۆچی یاریی ئەسپ سواریت هەڵبژارد؟**

- بەهۆی ئەوەی باوك و باپیرانمان كە خەریكی ئەم بوارە بوون، بەتایبەت باوكم لە رووی وەرزشەوە ئەم بوارەی پێ ناساندم.

*** لە كوردستان ئاستی یاریی ئەسپسواری لە چ ئاستێكدا دەبینیی؟**

- بە شێوەیەكی گشتی لەم ساڵانەی دواییدا بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا بە پێی پێویست نییە.

***بۆچی لە كوردستان وەكو پێویست گرنگی بەم یارییە جیهانییە نادرێت؟**

-چونكە ئەو كەسانەی گرنگیی پێ دەدەن، بەهۆی هەوڵی تاكە كەسی خۆیانەوەیە، بەهۆی خۆشەویستی، بۆ ئەم بوارە هەوڵی جدی لەلایەن كەسانی بەرپرس نەدراوە بۆ پێشخستنی ئەم بوارە.

***پێت باشە چی بكرێت بۆ ئەوەی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێكی تازەوە؟**

- گرینگی پێدانی تایبەت لەلایەن كەسانی شارەزا، دانانی كەسانی شیاو لەو شوێنانەی بەرپرسە لەو بوارەدا، هێنانی ناوبژیوانی شارەزا و بەتوانا لە بوارەكەدا، كردنەوەی یاریگەی تایبەت بە وەرزشەكانی سوارچاكی نەك بۆ بەرژەوەندی تایبەت.

*** ئایا ساڵانە كردنەوەی پاڵەوانێتی بە بەشداری ژمارەیەك لە یاریزانانی شارەكان دەبێتە هۆكاری پێشكەوتنی ئەم یارییە؟**

- بەڵێ بێگومان كاریگەریی باشی دەبێت لە سەر بەرەوپێشچوونی بوارەكە.

*** كێشەو گرفتەكانتان چین لەم وەرزشە؟**

- نەبوونی كەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەكەدا، هاتنە ناوەوەی كەسانێك بۆ ناو ئەم یارییە كە هیچ بنەمایەك و پێشینەیەكیان نییە لە بارەی یارییەكان و پاڵەوانێتییەكان، نەبوونی ناوبژیوانی تایبەت بە وەرزشەكانی ئەسپسواری، پشتگوێ خستنی حكومەت بۆ ئەم بوارە، ئەمانە هەمووی گرفتی ئەسپسوارین لە كوردستان.

*** بۆ حەزی خۆت، یان بۆ وەرزش ئەم یارییە ئەنجام دەدەیت؟**

- بێگومان هەردووكیان بە یەكەوە بەستراون.

***لە ئەسپسواریدا هیچ كات دووچاری كێشەو گرفت بوویتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە تووش بووین، بەڵام بە هۆی باوكمەوە كە ئەو كات سەرۆكی یەكێتی سوارچاكیی كوردستان بوو، هەمیشە هەوڵی چارەسەریان دراوە.

***هیواو و ئاواتت وەكو كچە ئەسپسوارێك؟**

-هیوا و ئاواتم ئەوەیە كە وەك باوكم ببمە پاڵەوانی ئەسپسواری لە سەر رێچكەی باوكم ئەم یارییە پێشبخەم.

*** بەرنامەی داهاتوو چییە بۆ ئەم وەرزشە؟**

-بەرنامەی داهاتووم ئەوەیە بەشداری لە پاڵەوانێتی عێراقی بكەم لە شاری بەغدا، كە بڕیارە بەرێوەبچێت و بتوانم ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم.

***وەكو ڕاهێنەرێك بە نیازی چیت بۆ ئەسپسواری لە یانەكەتان كە بە ناوی خۆتەوەیە؟**

- هیوادارم بتوانم لەو یانەیە كە وەكو ڕاهێنەر دەست بەكاردەبم بۆ دروستكردنی چەند یاریزانێك كە توانای بەشداری كردنی پاڵەوانێتیەكانیان هەبێت.

***ئەگەر شتێكت ماوە لە كۆتاییدا؟**

-هیوادارم ئەم بوارە پێشوەچوونێكی باش بە خۆیەوە ببینێت، ئەوە ئاواتی من و چەندین یاریزانی كوردە، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خەمخۆرییە بەردەوامەی بۆ سەرجەم وەرزشە جۆراوجۆرەكانی كوردستان هەتانە.





# پاریس سانت جێرمان زەرەرمەندی یەکەمە

لە راپۆرتێکی دەزگای ئاماری بیمەی هاودنی ئینگلیزی دەرکەوتووە، وەرزی رابردوو بە رێژەی سەدا ٢٠ رێژەی پێکانی یاریزانان یانەکانی ئەورووپا زیادیکردووە و هۆکارەکەشی درێژ بوونی یارییەکانی وەرزی رابردوو بووە لە چاو وەرزەکانی دیکە و یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی زۆرترین زیانی دارایی بەهۆی پێکانی یاریزانەکانی بەرکەوتووە.

لە راپۆرتێکی دەزگای ئاماری بیمەی هاودنی ئینگلیزی دەرکەوتووە، وەرزی رابردوو بە رێژەی سەدا ٢٠ پێکانی یاریزانانی یانەکانی ئەورووپا زیادیکردووە، هۆکارەکەشی درێژبوونی یارییەکانی وەرزی رابردوو بووە لە چاو وەرزەکانی دیکە و یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسیش زۆرترین زیانی دارایی بەهۆی پێکانی یاریزانەکانی بەرکەوتووە.

لە راپۆرتەکەدا هاتووە، وەرزی رابردوو لە چاو وەرزەکانی پێشووتر یاریزانانی یانەکانی ئەورووپا، بە گشتی ٦١٠ ملیۆن یۆرۆ یانەکان زیانیان بەهۆی پێکانی یاریزانەکانیان پێگەیشتووە.

یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی زەرەرمەندی یەکەم بووە لە پێکانی یاریزانەکانی، ئەو یانەیە ٩١ جار یاریزانەکانی لە وەرزی رابردوو تووشی پێکان بوونە، بەم هۆیەوە نزیکەی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ زیانی داراییان بەرکەوتووە و لە پلەی یەکەم دێن.

لە راپۆرتەکەدا باس لەوەش کراوە، زۆرترین ئەو یاریزانانەی تووشی پێکان بوونە، تەمەنیان سەرووی ٣٠ساڵی بووە، بە شێوەیەک هەر یاریزانێک دووجار لە وەرزی رابردوو تووشی پێکان بووە، پێکانی یاریزانەکانیش زیانێکی دارایی زۆری بە یانەکان گەیاندووە.

لە پێنج خولە گەورەکەی ئەورووپاش، خولی ئینگلیزی لە هەمووان زیاتر زیانی بەرکەوتووە، ئەو خولە ٢١٩ ملیۆن یۆرۆ بەهۆی پێکانی یاریزانی یانە جیاوازەکان زیانی بەرکەوتووە، بە درێژایی وەرزی رابردووش ١٢٣١ جار یاریزانەکانی ئەو خولە تووشی پێکان بوونە و یانەی چێڵسی زۆترین پێکانی هەبووە

کە ٩٧ جار بووە.

یانەکانی ئیسپانیاش دوای خولی ئینگلیزی زۆرترین زیانیان پێگەیشتووە لە پێکانی یاریزانەکان، یانەکانی ئەو خولە بە گشتی وەرزی رابردوو ١٣٠ ملیۆن یۆرۆ بەهۆی پێکانی یاریزانەکان زیانیان بەرکەوتووە.

لەلایەکی دیکەوە خولی فەرەنساش لە پلەی سێیەم دێت، یاریزانەکانی ئەو خولەش ٨٠ ملیۆن یۆرۆ بەهۆی پێکان زیانیان بە یانەکانیان گەیاندووە، کە پشکی شێر بەر یانەی پاریس سانت جێرمان دەکەوێت، ٩١ جار یاریزانی ئەو یانەیە تووشی پێکان بوونە و نزیکەی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ زیانیان بەرکەوتووە.

# هیگواین وازهێنانی خۆی ڕاگەیاند



گۆنزالۆ هیگواین، ئەستێرەی تۆپی پێی ئەرژەنتین و یانەی ئەنتەر میامی ئەمریکی بڕیارییدا بەیەکجاری واز لە یارییکردن بهێنێت.

هیگواین لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی: ئێستا کاتی راگەیاندنی ئەم هەواڵەیە، کە پێش ئەوەی بڕیارەکە بدەم بیرم لێیکردووە، هەست بە شانازی دەکەم بۆ هەموو ئەو ساتە خۆش و ناخۆشانەی لە ژیانی یارییکردنمدا هەمبووە.


گۆنزالۆ سوپاسی هاوژینەکەی کرد و گوتی: هاوژینەکەم و کچەکەم رۆڵێکی گەورەیان لە ژیانی مندا هەبوو، هەمیشە لە یاریگەدا پاڵپشتیان دەکردم و دوای هەموو یارییەک باوەشم پێیدا دەکرد، ئەوە شتێکی نایاب بوو، سوپاس بۆ هەموو پاڵپشتییەت و بۆ ئەوەی کە لە پێناو مندا ژیای و منت دروستکرد.


هێرشبەرە ئەرژەنتینییەکە دەڵێت: زیاتر لە ١٧ ساڵم لە یاریگەکاندا بەسەربرد، ئەمە زۆر نایاب تربوو لەوەی بیرم لێیدەکردەوە، هەستدەکەم تۆپی پێ زۆر شتی پێبەخشیم، سوپاس بۆ هەمووتان، سوپاس بۆ هاوخەمیتان کاتێک ماڵئاوایی دەکەم.



# لە ئەندنووسیا کارەسات روویدا







مێژووی خوێنڕشتن و کارەساتی مرۆیی لە یاریگاکانی تۆپی پێ دووبارە دەبێتەوە، بە جۆرێک راگەیاندنەکانی ئەندەنووسیا بە دووەم گەورەترین رووداوی خوێناوی لە مێژووی یاریگاکانی تۆپی پێ ناوی دەبەن.

دوای دۆڕانی یانەی مالانگ بەرامبەر یانەی سورابایا، کە هەردوو یانە یەک شارن لە هەرێمی جاوای رۆژهەڵات لە ئەندەنووسیا، توندوتیژی لە نێوان هاندەران دروست دەبێت و لە کۆتاییدا دەبێتە یەکێک لە گەورەترین کارەساتە خوێناویەکانی یاریگاکانی تۆپی پێ، لە ئەنجامی بە یەکدادانی هاندەرانی هەردوو یانە ١٧٤ کەس گیانیان لە دەست دا و زیاتر لە ١٨٠ کەسی دیکە بریندار بوون، گرژیەکانیش تا رۆژی دواتر بەردەوام بوون.

بە گوتەی پۆلیس زیاتر لە ٤٠ هەزار هاندەر لە یاریگا ئامادەبوون لە کاتێکدا یاریگاکە شوێنی ٣٨ هەزار هاندەر دەبێتەوە، لە دوای یارییەکەش زیاتر لە سێ هەزار هاندەر رژانە نێو یاریگا، بەڵام پۆلیس هەرزوو یاریزانەکانی لە دەستی هاندەران رزگار کردووە، هەر لە ئەنجامی توندوتیژیەکاندا ١٠ ئۆتۆمبێلی پۆلیس زیانی بەرکەوتووە.

دوای ئەم رووداوە یەکێتی تۆپی پێی ئەندەنووسیا بڕیاریدا خولی پلەیەک بە کاتی رابگرێت و



دەستبەجێ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکان بکرێت، فیفا تیمێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە رەوانەی شوێنی رووداوەکە دەکات و سەرۆکی ئەندەنووسیاش لەسەر ئەم بابەتە هاتە دەنگ و بە کارەساتێکی مرۆیی ناوی دەبات.
جۆکۆ ویدۆدۆ سەرۆکی ئەندەنووسیا دڵتەنگی خۆی لەم کارەساتە دەربری و دەڵێت: هیوادارم ئەم کارەساتە دواناخۆشی یاریگاکانی تۆپی پێ بێت، مەهێڵن لە داهاتوودا کارەساتێکی دیکەی مرۆیی رووبداتەوە، داوا لە پۆلیسی نیشتمانی دەکەم بە وردی لێکۆڵینەوە بکەن، داواشم لە یەکێتی تۆپی پێ کردووە خولەکە رابگرێت و پێویستە رێکارەکانی ئەمنی توندتر بکرێت.
٥٨ ساڵە کارەساتی لەمشێوەیە لە یاریگاکانی تۆپی پێ روویندەداوە و رۆژنامەنووسانی ئەندەنووسیا بە دووەم گەورەترین کارەساتی تۆپی پێی هەژمار دەکەن، لە پاڵاوتنەکانی ئۆلۆمپیاتی تۆکیۆی ١٩٦٤ رووداوێکی دیکە هاوشێوەی روویدا، ئەو کاتەی مافیاکانی پیرۆ لە یارییەکەیان بەرامبەر ئەرژنتین هەڵیانکوتایە سەر یاریگاکە، بەڵام هێزە ئەمنیەکان دەرگاکانیان داخست و گازی فرمێسک رێژیان بەکارهێنا بەهۆیەوە زیاتر لە ٣٢٤ کەس گیانیان لە دەستدا.



# پێرێز لە هێرشەکانی بۆ سەر یوفا بەردەوامە

فلۆرێنتینۆ پێرێز سەرۆکی یانەی ریال مەدرید ، لە کۆبوونەوەی ساڵانەی یانەکەی، کە بەشێوەیەکی ئۆنلاین بەڕێوەچوو رەخنەی توندی لە بەرپرسانی تۆپی پێی ئەورووپا گرت، هۆشداریشدا، کە تۆپی پێ رۆژ لە دوای رۆژ حەز و خولیای گەنجان لە دەست دەدات.
فلۆرێنتینۆ پێرێز پێیوایە بەڕێوەچوونی خول و پاڵەوانێتییەکانی ئەورووپا زیاتر سوودبەخشە بۆ یوفا و یانەکان کەمترین قازانج دەکەن و زیاتر خێروبێری ریکلام و پاڵەوانێتییەکان بۆ بەرپرسانی یوفایە.
فلۆرێنتینۆ پێرێز ٣ ساڵە هاوشانی بەشێك لە یانە گەورەکانی ئەورووپا هەوڵ بۆ ئەوە دەدات لەژێر سێبەری یوفا بێتە دەرەوە و پاڵەوانێتییەکی نوێ لەژێر ناوی سووپەرلیگ بەڕێوەببەن.
پێرێز لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەگەر داهاتی ئەو یارییانەی لە ئەمریکا دەکرێن، لە کاتێکدا یانەکان تەنها هەشت یاری لە یاریگای خۆیان ئەنجام دەدەن، داهاتەکەیان لە یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە ئەورووپا زیاترە بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، کە ئەوان کارێکی زۆر باشیان کردووە لە ئەمریکا، هەروەها لە ئەورووپا کارێکی زۆر خراپ دەکەن و هێشتا لە سەردەمی کۆندان.
پێرێز گوتیشی: لە ئەورووپا لە ماوەی ساڵێکدا کەمترین دەرفەت هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیپە گەورەکان، دڵنیام ئەگەر ئێستا یوفا سەرپەرشتی تێنسی کردبا رەنگە تا ئێستا تەنیا دوو تا سێ جار رووبەڕووبوونەوەی رافایل نادال و رۆجێ فێدرێرمان بینی با.
پێرێز زیاتر دەڵێت: ئەگە سەیری بکەین، ژمارەی بەشداریکردنی ئەو کەسانەی پارە دەدەن بۆ سەیرکردنی تۆپی پێ بە رێژەی نزیکەی ٤٠٪ دابەزیوە، بەڵام ژمارەی راژەی بەشداربووان لە نێتفلێکس و ئەمازۆن لە بەرزبوونەوەدایە، و رۆژ لە دوای رۆژ راژەی بەشداربووەکانیان بەرزتر دەبێتەوە، هەر بۆیە دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە تۆپی پێ روخاوە.
سەبارەت بە سوپەر لیگ، پێرێز گوتی: دەمەوێت ئەو بڵێم و چەندین جاریش دووبارەم کردووە، کە کێشەیەکمان هەیە بەدەستیەوە دەناڵێنین، تۆپی پێ خەریکە خولیا و حەز و ئارەزووی گەنجان لەدەست دەدات، ئەمە راستیەکە کەس ناتوانێت خۆی لێ بشارێتەوە.





# سەرهەنگ موحسین
## گرێبەستی پێشکەش کراوە

یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەردەوامن لە سەر پەلکێشکردنی یاریزانانی کورد بۆ ریزی یانەکانیان بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکانیان، لەم ناوەشەدا گۆڵپارێزی کوردی شاری هەولێر سەرهەنگ موحسین کە ماوەی چەند وەرزێکە لە یانەی هەولێرەوە رووی کردووەتە شاری بەغداد، بەرگری لە گۆڵی یانەی ئەمانەی بەغداد دەکات، لە بارەی دیاریکردنی چارەنووسی وەرزشیی خۆشی سەرهەنگ موحسین بە تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا من گرێبەستم لەگەڵ یانەی ئەمانەی شاری بەغدا ماوە، چونکە گرێبەستەکەم بۆ ماوەی دوو وەرز بووە، لە گواستنەوەی زستانی ئەمساڵ دەتوانم ریزی یانەکە جێ بهێڵم، ئەگەر یانەی ئەمانە لە ریزی یانە نایابەکان مایەوە، بە دڵنیاییەوە لەگەڵ ئەو یانەیە بەردەوام دەبم، زۆریش ئاسوودەم، ئێستا دوو قسە هەیە هەندێك دەڵێن ماوەتەوە لە خولی نایاب، هەندێکیش دەڵین دابەزیوە بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان و یەکێتی تۆپی پێی عێراقیش تا ئێستا بڕیارێکی تەواوی نەداوە لەسەر چارەنووسی ئەم یانەیە»، لە بارەی گرێبەستی یانەکانی دیکەش سەرهەنگ موحسین گوتی: «سێ گرێبەستم پێشکەش کراوە لە یانە نایابەکانی عێراقی، ئەوان لە زستانی ئەمساڵ چاوەڕوانی منن بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکەم، مەرجی منیشی بۆ چوونە ئەم یانانە تەنیا ئەوە بووە ئەگەر یانەکەم لە خولی نایاب بێت، یاری بۆ ئەمانە دەکەم، ئەگەر بچێتە خولی پلە یەکیش ئەوکات گرێبەست لەگەڵ یەکێك لەم یانانە واژوو دەکەم، من هیچ گرفتێکم نییە، ماوەیەکی زۆرە لەم شارە وەرزش دەکەم، ئاسوودەم، بەگشتی دەمەوێ گرنگی زیاتر بە ئاستی خۆم بدەم».

# یانەی بابان بۆ وەرزی نوێ تۆکمە دەبێت

تیپی تۆپی پێی یانەی بابانی شاری سلێمانی لە هەوڵی ئەوەدایە تیپێکی تۆکمە دروست بکات بۆ هەردوو خولی پلە یەکی کوردستان و پلە دووی عێراقی، بۆ ئەم مەبەستەش یانەکە بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ ڕاهێنەری پێشووی دەربەندیخان (هۆگرعەبدوڵا) واژوو کردووە، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی مەشقی یانەکە بکات»، لە بارەی ئامادەکارییەکانی یانەکەش ڕاهێنەری نوێی یانەی بابان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەستمان بە ئامادەکارییەکانمان کردووە بۆ هەردوو خولی پلە یەکی کوردستان و پلە دووی عێراقی، نیازی ئەوەمان هەیە تیپەکە ڕێك بخەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین لە هەردوو خولەکە، ئەوەش ئامانجی هەموانە لە یانەکە»، لەبارەی گرفتەکانیش مامۆستا هۆگر گوتی: «گرفتی ئێمە نەبوونی بودجە و توانای دارایی تۆکمەیە تا بتوانین ژمارەیەکی زۆر یاریزان بگوازینەوە ریزی تیپەکەمان، بۆ هەردوو خول ئامادەیان بکەین، ئەوەی لە توانامان بێت ئەنجامی دەدەین بۆ سەرخستنی یانەی بابان بۆ ریزی یانە نایابەکانی کوردستان و پلە یەکەکانی عێراقی، ئەمساڵیش یانەکان زۆربەیان تیپی تۆکمەیان دروست کردووە، ئێمەش هەرچی لە توانامان بێت درێغی ناکەین بۆ ئەوەی ژمارەیەکی قورس بین لە هەردوو خولەکە، هەموو یانەیەکیش هیوای گەیشتنی بە ئەنجامی شایستەی هەیە لە خولە گەورەکان، یاریزانانی یانەکەش ئەو ڕۆحییەتەیان تێدایە کە بتوانین ئەنجامان شایستە بهێنن».





# جگەرخوێن درێسی زاخۆ دەپۆشی

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی زاخۆ تیپی باسکەی بەشدارە لە خولی یانە نایابەکانی عێراقی، شان بەشانی سەرجەم یانەکان شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکات لە خولی باسکەی یانەکانی عێراق، زاخۆ ئەم وەرزە پشتی بە چەندین گەنجی شارەکەی بەستووە، بۆ ئەوەی ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، یەکێك لەم یاریزانانە (جگەرخوێن)ـە، کە ماوەیەکی زۆرە خزمەتی ئەو یانەیە دەکات و یەکێك لە ئەستێرە دیارەکانی یانەکەیە، لەم بارەشەوە جگەر خوێن عەلی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە یانەکەمان تیپێکی تۆکمەی دروست کردووە بۆ بەشداریکردن لە خولی باسکەی یانەکانی عێراقی، ئێمەش کۆمەڵێك یاریزانی کوردین و لە یانەکە بەردەوامین بۆ ئەوەی بتوانین ناوی یانەی زاخۆ بەرز بکەینەوە لەسەر ئاستی عێراقی و کوردستانیش، یانەکەمان گرنگی زۆر بە یاری باسکە دەدات، بەشداریکردنیشمان لە خولی عێراقی، بەڵگەی ئەوەیە کە تیپەکە گرنگی بەم ئەم یارییە دەدات، هەر چی لە تواناماندا بێت وەکو یاریزانە کوردەکانی یانەی زاخۆ لەگەڵ یاریزانەکانی دەیکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ناوی زاخۆ و شارەکەمان بەرز بکەینەوە، خولی باسکەی عێراقیش خولێکی بەهێزە، چونکە یاریزانی پیشەگەری زۆرە هیواداریین بۆ ئەم وەرزە بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین».

# وشکبوونی پێستی دەموچاو

وشکبوونی پێستی دەموچاو حاڵەتێکی باوە، بەڵام زۆربەی حاڵەتەکان بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێن. وشکبوونی پێستی دەموچاو لەوانەیە کە نیشانە بێت بۆ ئەکزیما، یان هۆکاری دیکەی وەکو پلەی گەرمی، رێژەی شێداریی هەوا، جۆری سابون لەگەڵ ئاوێتەی پاککەرەوە و جوانکاریی پێست. هۆکارەکان: کەشی سارد، هەوای وشك، زیاد شووشتن، نەخۆشیی سەدەف Psoriasis، هەستەوەریی پێست، تێکچوونی ئاستی ترشێتی و تفتیی pH پێست، نەخۆشیی شەکرە، سستبوونی گلاندی دەرەقی، جگەرەکێشان، هەروەها بەسەربردنی کاتی زۆر لەبەر تیشکی راستەوخۆی خۆردا. چارەسەرکردن: رۆژانە بەکارهێنانی شێدارکەرەوەی پێست Moisturizer بە شێوەی کرێم، هەروەها بەکارهێنانی بەر لە نووستن بە درێژایی شەو سوودی زیاتری دەبێت، بەکارهێنانی سابونی سووك بۆ شووشتنی پێستی دەموچاو کە بۆن و رەنگ و ماددەی کیمیایی زیاد لەخۆ نەگرێت، لەکاتی خۆشووشتن، یان وەرگرتنی دووش پێویستە کە ئاوی کەمێك گەرم بەکار بهێنرێت نەك زۆر گەرم، هەروەها پێویستە کە ماوە کورت بێت و لە ٥-١٠خولەك زیاتر نەبێت، ئینجا بەکارهێنانی شێدارکەرەوەی پێستی دەموچاو راستەوخۆ پاش وەرگرتنی دووش، بەکارهێنانی ئامێری شێدارکردنەوەی هەوای ناوماڵ Humidifier، دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی راستەوخۆ بە تیشکی خۆر، بەکارهێنانی ئاوێتەی دژەهەتاو، رۆژانە خواردنەوی برێکی باشی ئاو، کەمکردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو چای و قاوە، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان.






# مەشقی وەرزشی ماوەکەی هەر چەند بێت سوودی بۆ تەندروستی هەیە

پسپۆران جەخت دەکەنەوە کە مەشقی وەرزشی هەتا ئەگەر ڕۆژانە چەند جارێك و هەر جارەی بۆ ماوەی ١٠ خولەك ئەنجام بدرێت، هێشتا سوودە تەندروستییەکان دەپێکێت، جا گرنگ نییە کام جۆری مەشقی وەرزشی هەڵدەبژێریت، پیادەڕۆیی، ڕاکردن، لێخورینی پایسکل، مەشقی سویدی، مەلە، تۆپی پێ...تاد. ئەوە گومانی تێدا نییە کە مەشقی وەرزشی Exercise سوودی تەندروستیی زۆری هەیە، بە مەرجێك لەکاتە گونجاوەکاندا ئەنجام بدرێت. مەشقی بەدەنی هاندەرە بۆ باشتربوونی سووڕی خوێن بۆ هەموو بەشەکانی لەش لەوکاتەی کە خوێن ئۆکسجین و خۆراك و هەموو ماددە گرنگ و پێویستەکان دەگەیەنێتە هەموو خانەکانی لەش، خانەی ماسوولکەکانی لەش بۆ بەرهەمهێنانی وزە پێویستی بە ئۆکسجینە بە هەماهەنگی لەگەڵ کاتژمێری بایۆلۆژی ناو خانەدا، واتە بە ڕیتمێکی تایبەتی کاتژمێری بایۆلۆژی لەش Circadian rhythm. کۆئەندامی هەناسە لەکاتی مەشقدا بڕێکی باشتری ئۆکسجین بۆ هەموو بەشەکانی لەش دابین دەکات، جا ماوەی مەشقی وەرزشی هەر چەند بێت و ئاستی مەشق سووك، یان مامناوەندی، یان توند بێت. گرنگترین سوودەکانی مەشقی وەرزشی بریتین لە: کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن و هۆرمۆنی ئینسولین، هاندانی وازهێنان لە جگەرەکێشان، باشترکردنی مەزاج و سووکردنی پەستی و خەمۆکی، بەهێزکردنی توانا و فرمانەکانی مێشك.



# تەمەنی گونجاو بۆ چاندنی قژ

خواست لەسەر نەشتەرگەریی چاندنی قژ Hair transplantation لە سەرتاسەری جیهاندا ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە، لە تەمەنی گەنجی و هەتا لە تەمەنی پاش ٧٠ساڵیشدا، با بزانین کە چاندنی قژ بۆ کام تەمەن زیاتر گونجاوە و ئەنجامی باشتری دەبێت، ئەگەرچی تەمەن ڕێگر نییە بۆ نەشتەرگەریی گواستنەوەی قژ یان چاندنی قژ، بەڵام پێویستە کە ئەنجام و زیانەکان بە وردی لە هەر تەمەنێکدا هەڵسەنگێنرێن، بۆنموونە بۆ کەسانی تەمەن ٢٠-٣٠ ساڵی پێویستە کە دوچاری قژهەڵوەرینێکی تەواو بووبنەتەوە کە لە لایەنی پزیشکیدا چەسپاو بووبێت، ئینجا بیر لە چاندنی قژ بکرێتەوە. هەروەها پسپۆران وا ڕێنمایی دەکەن کە پاش تەمەنی ٣٠ ساڵی ئینجا بیر لە نەشتەرگەریی چاندنی قژ بکرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە دوچاری قژهەڵوەرین دەبنەوە، لەژێر ئەم تەمەنەدا پێویستە کە زیاتر پەنا ببرێتە بەر بەکارهێنانی دەرمان نەك چاندنی قژ. لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە گونجاوترین تەمەن بۆ چاندنی قژ بۆ پیاوان بەگشتی بریتییە لە ٤٠ ساڵ و بەسەرەوە، چونکە لە کەسانی تووشبوو بە قژ هەڵوەرین گرفتەکە لەم تەمەنەدا دەگاتە قۆناغی کۆتایی، ئینجا نەشتەرگەریی چاندنی قژ گونجاو و سەرکەوتووتر دەبێت، توێژەرانی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن کە تەمەنی گونجاو بۆ نەشتەرگەریی چاندنی قژ لە نێوان ١٨-٦٥ ساڵیدایە و هەرگیز گونجاو نییە بۆ تەمەنی بچووکتر لە ١٨ ساڵی، هەروەها تەمەنی ٤٠ ساڵی بە سنووری چاندنی قژ دادەنێن.





# خۆراک و نەخۆشیی دڵ

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان جۆری خۆراك و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵدا هەیە، بۆنموونە خۆراکی پڕ شەکر، خوێ یان چەوری، بەتایبەتی چەوریی ئاژەڵی هۆکارن بۆ زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ. ئەمە روونە کە بڕی زیادی خوێ لە خۆراکدا هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، کە ئەگەری نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات، هەروەها شەکر و کاربۆهیدراتە سافکراوەکان هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان TG و پەیدابوونی بەرگریی بۆ ئینسولین Insulin resistance کە بە دەوری خۆی هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، نەخۆشیی شەکرەش هۆکارێکی هاندەری بەهێزە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، هەروەها چەورییە تێرەکان بە ئەگەری تووشبوون بە رەقبوونی خوێنبەرەکانی دڵ و مێشك زیاد دەکەن، واتە هاندەرن بۆ نەخۆشیی دڵ. لە لایەکی دیکە خۆراکی دەوڵەمەند بە کۆلیستیرۆڵ رۆڵیان هەیە لە تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، بۆنموونە گۆشتی سوور، گۆشتی پرۆسێسکراو، گۆشتی ئەندامەکان وەکو جگەر و گورچیلە و مێشك ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ لە خوێندا بەرزدەکەنەوە کە هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ.

# چەند کات پێویستە بۆ دابەزاندنی کێش؟



ونکردنی کێش لەوکاتەدا روو دەدات کە بڕی وزەی سووتێنراو زیاتر بێت لە بڕی وزەی وەرگیراو لە خۆراك. گەلێك هۆکار کاریگەریی دەکەنە سەر خێرایی و چەندێتی ونکردنی کێشی لەش، وەکو رەگەز، تەمەن، بڕی کێشی لەش بەر لە دەستپێکی بەرنامەی دابەزاندن، سرووشتی خەو، لەگەڵ تێکڕای یان چەندێتی سەرفکردنی وزە و وەرگرتنی وزە لە خۆراکەوە. بە پێی رێنمایی پسپۆڕان واباشە کە ئامانج ونکردنی ١-٣ پاوەند (٠,٤٥-١,٣٦ کگم) بێت لە هەر هەفتەیەکدا، کە بێ زیانە بۆ تەندروستی و هاندەرە بۆ هێشتنەوەی کێشی نوێی لەش، واتە رێگرتن لە دووبارە زیادبوونەوەی کێش، یەکەم قۆناغی دابەزاندنی کێشی لەش لەوکاتەدایە کە لەش دەکەوێتە حاڵەتی سووتاندنی وزەی زۆر، کە لە کاربۆهیدراتی خەزنکراو و پرۆتین و بڕێکی کەمتری چەوریی وەری دەگرێت، لەگەڵ ونکردنی ئاو، ئینجا کەسەکە تێبینیی گۆڕانی شێوەی لەش و گەورەبوونی جلەکانی دەکات، ئەمەش بەگشتی لەماوەی ٤-٦ هەفتە لە پەیڕەوکردنی دروستی بەرنامەی دابەزاندنی کێشدا روو دەدات، پێویستە درك بەم راستییە بکرێت کە کێش هەر هەفتەیەك بە هەمان رێژە دانابەزێت، بۆنموونە لەوانەیە کە چەند هەفتەیەك کێش بە رێژەی زیاد و چەند هەفتەیەك بە رێژەی کەمتر دابەزێت، یان هیچ دانەبەزێت.



# ئەوەی پێویستە بیزانیت سەبارەت بە ڤیتامین C

ڤیتامین C کە بە ترشی ئەسکۆربیك ناسراوە، لە ئاودا دەتوێتەوە، سیفەتی دژەئۆکسانی بەهێزی هەیە.
سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی ڤیتامین C: بیبەری شیرین، سەوزە گەڵا تاریکەکان بەتایبەتی سڵق، کەلەرم، برۆکۆلی، قەرنابیت، میوە مزرەکانی وەکو پرتەقال و لیمۆ و لالەنگی، فەراولە، تەماتە، پەتاتەی شیرین، کوولەکەی زستانی، شووتی، ئاڵو، کیوی، ئەناناس.
سوودە تەندروستییەکانی ڤیتامین C: هاندانی هەڵمژینی ئاسن و کالسیۆم لە کۆئەندامی هەرسدا، بەهێزکردنی سستمی بەرگریی لەش و زووچاکبوونەوە لە هەڵامەت و ئەنفلوەنزا، خۆپاراستن لە نەخۆشیی ئەلزهایمەر و چەند جۆرێکی شێرپەنجە، هاندانی دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین لە پێست و ئێسك و کرکڕاگەکاندا، خۆپاراستن یان دواخستنی لۆچبوونی پێست، هاندانی زوو چاکبوونەوەی برین، پاراستنی تەندروستی مێشك و باشترکردنی مەزاج و فرمانەکانی مێشك، پاراستنی چاو لە کاریگەرییەکانی تەمەن و خۆپاراستن لە تووشبوون بە ئاوی سپی Cataracts. زۆربەی خەڵك کە خۆراکی رۆژانەیان جۆراوجۆرە و بڕێکی باشی سەوزە و میوە لەخۆ دەگرێت، ئەوا بە دەگمەن دوچاری کەمی ڤیتامین C دەبنەوە، بۆیە وا رێنمایی دەکرێت کە کەس لەخۆیەوە وەکو یارمەتیدەر Supplement ئەم ڤیتامینە بەکارنەهێنێت، پێویستیی رۆژانەی ڤیتامین C بۆ پێگەیشتووان بریتییە لە ٩٠ ملگم.



## چوارپاڵوی هەمەکارە

ئـەو چوارپاڵـوە WonderCube بچووکـەی دەبینـن کـە وەك مەدالیایەك لەگـەڵ کلیـل یـا سـویچی سـەیارە هەڵدەگیرێـت، هەمەکارەیـە. چوارپاڵووەکـە یـەك ئینجـە. جـێ کلیلـە، میمـۆری کارتە، کێبڵی شـەحنکردنەوەیە، خودی شـەحنکەرەوەیە، سـتاندی راگـری مۆبایلـە. فـلاش میمۆرییـە، لایتە.

ئامێرێکـی جۆکـەری هەمـە کارە، هەمیشـە لەگەڵتدایـە، کێبڵێکـی شـەحنکردنەوەی مۆبایلـی بـۆ هـەردوو جـۆری ئایفـۆن و ئەندرۆیـدی لەگەڵدایـە، کێبڵەکـە سـێ ئینجـە.

چوارپاڵـوی WonderCube لـە هـەر شـوێن و جێگایـەك دەتوانـی لەگەڵ خۆتی بەری، لـە گەشـت و گـەڕان، شـوێنی کار و هـەر شـوێنێك. سـتاند یـا پایەکەی بۆ ئەوەیە مۆبایلەکەی لەسەر دابنێی و چاو لـە فیلمێك بکەی. فلاش میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگابایتە. دەتوانی ئەوەی مەبەستە لەسەری هەڵبگری.



## ڕۆبۆتێکی بچووک چ

زۆربـەی ئەوانـەی چوونەتـە دەم ڕووبار و ئاوا یان لـە گونـدا ژیاون، بوونەوەرێکـی بچووکیان دیوە کە لە کوردیـدا زۆر نـاوی هەیە وەك: (دووبەلکـە، دەرزیلە، زلاقوونـک، زلبەقوونـە...) لـە زمانـی ئینگلیزیـدا پێـی دەگوتـرێ دراگۆن فلای واتە مێشـی ئەژدیها. ڕۆبۆتێك لەسەر شێوەی ئەم بوونەوەرە دروست کراوە کە بە ڕۆبۆتی BionicOpter ناسراوە. گەورەترین مێرووی ڕۆبۆت کە لە ناو کتێبی تۆمارەکانی گینیسدا تۆمار کراوە.

ئـەم ڕۆبۆتـە بچووکـە لـە هۆشـی دەسـتکرد

## لە هەر شوێنێک بی من




حەزدەکـەی لەگـەڵ هاوڕێیانـت بـە گـروپ بـۆ گەشـتێك بـڕۆن، وەك بەپێـی ڕۆیشـتن لـە دارسـتان، یـا چـوون بـۆ سـەر چیـا و شـوێنی دیکـە. لـە کاتـی هەسـتیاردا بەهـۆی مۆبایلـەوە دەتوانـن یەکتـر بدۆزنـەوە، بـەڵام ئەگـەر تـۆڕی پەیوەنـدی کردنەکـە نەمـا چ دەکـرێ؟

ئامێری بچووکی Lynq لە کاتێکدا تۆڕی مۆبایل نامێنێ و لـە هـەر کاتێکی دیکەشـدا گرنگی خـۆی هەیە، بەهۆی ئەو ئامێـرە بچووکـەوە دەکرێـت هاوڕێیان لە بازاڕێکـی قەرەباڵغ، یا لە ناوچەیەکی دوورەدەست، یا لە ناو ئاپوڕایەکی جەماوەریدا و بەگشتی




## پاوەربانکی دەستی

بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرەکانی بەتایبەتی مۆبایل لەو شوێنانەی کە وزەی لێ نییە، لە پاوەربانك سوود وەردەگیرێت. بەڵام ئەگەر لە شوێنێك بی و پاوەربانکیش شەحنی تێدا نەمابێ! ڕەنگە ئەو پاوەربانکانەی کە بە تیشکی خۆر بارگاوی دەبنەوە، سوودی هەبێ. بەڵام ئەی ئەگەر ڕۆژێکی هەور و باران بێت و تیشکی خۆریش بەدەرەوە نەبێت! لەکاتی وادا پاوەربانکی HandEnergy باشترین ڕێگا چارەیە. پاوەربانکێکە وەك گۆیەك دەچێت و تەنیا بە سووڕاندن لە دەستدا شەحن بارگاوی دەبێتەوە. هەم ئامێرێکە بۆ خۆخافڵاندن و هەمیش شەحن دەبێتەوە. پاوەربانکی ناوبراو بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل، کامێرا و تەبلێت دەبێت. ڕەنگە نەتوانێت وەك پاوەربانکێکی ئاسایی ئامێرەکان شەحن بکاتەوە، بەڵام لەکاتی پێویستیدا گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتی بۆ ئەو شوێنانەی کە سەرچیا یا ناو دارستانن و لە وزەی کارەبایی دوورن.



## ـــــــوە ناو گینسەوە

سوود وەردەگرێ و گشت کردارەکانی بوونەوەرە ڕاستەقینەکە دووپات دەکاتەوە. ڕۆبۆتەکە دەتوانێت هەرکام لە باڵەکانی سەربەخۆ لێبدات، خێرای یکەم بکاتەوەو بە دەوری خۆیدا بخولێتەوەو بە خێراییەکی زۆر بفڕێت و بۆ دواوە بکشێتەوە. هەموو فڕینەکانی کۆپتەر و فڕۆکە دووپات دەکاتەوە. ڕۆبۆتەکە بە هەموویەوە ١٧٥ گرامە. بەهۆی مۆبایلەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. درێژایی باڵەکانی ٦٣ سم و درێژایی جەستەیی ٤٤ سم. باڵەکان لە فایبەری کەربۆن دروستکراوەن.

## ـــــدالْ یا هاورێیکەت بدۆزەوە

لە هەر شوێنێك بدۆزیەوە.
شاشەیەکی بچووکی هەیە بە داگرتنی دوگمەیەك دەزانـدرێ هاورێیانت لە چ شوێنێکن، لە یەك کاتدا دەکرێت ١٢ ئامێر پێکەوە پەیوەند بدرێن، بەبێ هیچ تۆرێك یا تێچوویەك. ئامێرەکە بۆ منداڵانیش زۆر گرنگە، کاتێك لە بازارێکی قەرەباڵغدای، منداڵەکەت لێ بزر دەبێ، بەهۆی ئەو ئامێرە دەیدۆزیەوە. هەروەها بۆ گیانداری ماڵەوەش دەبێت. مەودای پەیوەندییەکە هەتا ٥ کیلۆمەترە.

# سپیکەرێکی بچووک و تایبەتمەندییەکی جیاواز

سپیکەر یا بڵندگۆ بۆ ئەوکاتەی کە لە دەشت و دەر و گەشت و گەڕاندای گرنگی خۆی هەیە. ئەگەر بەتەنیا گەشت دەکەی و حەز لە گۆرانییەك دەکەی سپیکەر زۆر لە هیدفۆن باشترە. بڵندگۆکان جیاوازن و جۆریان زۆرە. یەکێك لەو سپیکەرانە سپیکەری Noxgear 39gە. سپیکەرێکی بچووك بە توانایەکی جیاواز. سپیکەرەکە وەك گیرەی جل شووشتنە، دەتوانی بە جلوبەرگتی هەڵبواسی یا بە جانتا و کۆڵەپشتی. بە باران و تەڕبوون کێشەی نایەتە پێش. کێشی کەمە، دەنگی باشە و سافە. کێشی سپیکەرەکە تەنیا ٣٩ گرامە، بە کراس یا تیشێرت و هەر جلێك لەبەرتدابێ پێوەدەنووسێت. دەکرێت بەهۆی سپیکەرەکە گوێ لە گۆرانی و کتێبە دەنگییەکان بگری. بۆ کاتی بەپێی ڕۆیشتن، بە پایسکل ڕۆیشتن یا هەر چالاکییەکی دیکەی دەرەوەی ماڵ زۆر باشە. دەکرێت بەهۆیەوە وەڵامی پەیوەندییەکانیش بدەیەوە.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت دەقێکی دوورودرێژم لە ئینتەرنێت وەرگرتووە و لەسەر فایلێکی Wordم داناوە، بەڵام نێوانی پەرەگرافەکانی یەکجار زۆرن، چۆن دەکرێت بەیەك فەرمان هەموو مەودایانە بسڕمەوە؟

خوێنەری بەڕێز دوو دوگمەی ctrl و H لێبدە، دواتر کرتە بکە لەسەر more و دواتر فەرمانی special لێبدە، پاشان بەشی paragraph mark دوو جار دابگرە کە هێمایەکی بەم شێوەیە دەردەکەوێت (p^p^) و دواتر لە بۆکسی خوارەوە یەکجار para-graph mark لێبدە، دوای ئەوە replay all لێبدە. ئیدی بە یەکجاری کێشەکە چارەسەر دەبێت. ئەوە بۆ فایلێك دەبێت کە لە ئینتەرنێت وەرگیرابێ و شوێن وێنەکان بە بۆشی مابنەوە.

# بچووکترین وێستگەی گەڕۆکی کارەبایی

وێستگەی گەڕۆك جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ پاوەربانك، پاوەربانك لە داکردنی وزەدا سنووردارە و تەنیا بۆ مۆبایل و چەند ئامێرێکی بچووك دەبێت، بەڵام وێستگەی گەڕۆك دەکرێت زۆربەی ئامێرە کارەباییەکانی پێ هەڵبکرێت.

وێستگەی گەڕۆکی All-In-One Cellpowa 2500 بچووکترین وێستگەی گەڕۆکی ١٨٠٠ واتی لیتۆمی فوسفۆتی ئاسنە. هەندێك تایبەتمەندی هەیە کە وێستگە گەڕۆکەکانی دیکە ئەو تایبەتمەندییەیان نییە. وێستگە گەڕۆکەکە هەتا سێ ڕۆژ دەکرێت کاری پێبکرێت. هەڵگرتنی ئاسانە. کێشی ٢٥ کیلۆیە. لە ماوەی کەمتر لە دوو کاتژمێر بەتەواوی شەحن دەبێتەوە. هەم بەکارەبایی ئاسایی و هەم بە وزەی خۆر شەحن دەبێتەوە. سێ شوێنی DC هەیە دەکرێت بەهۆی شەش پانێڵی تیشکی خۆر شەحن بکرێنەوە. شوێنی شەش کەلینی AC هەیە بۆ تیڤی و بەفرگر و ئامێرەکانی دیکە، شوێنی دوو USB خێرای هەیە. لەگەڵ چەند شوێنی دیکە. ئەو ئامێرانەی کە دەکرێت کاری پبکات. بۆ نموونە: تیڤی هەتا ١٦ کاتژمێر کاری پێدەکات. بەفرگر (سەلاجە) ١١ هەتا ١٥ کاتژمێر. سپلیتی بچووك ٢ کاتژمێر و جل شۆر کاتژمێرێك. هەم بە ریمۆت کۆنترۆڵ دەکرێ و هەم بەهۆی ئەپێك لەسەر مۆبایل.



# کیلۆمەترژمێری پایسکل




پایسکل لێخوڕین چ وەك وەرزش و چ وەك حەزی شەخسی گرنگی و سوودی زۆری هەیە. پایسکلە ئاساییەکان ئەوەی بە پێدان کار دەکات هیچیان ئامێرێکیان نییە کە بەهۆیەوە بزاندرێ چەند کیلۆمەتر ڕۆیشتی و خێراییت چەندە. ئامێری بچووکی CYCP-LUS GPS کە لەسەر پایکسل دادەنرێ، بێ وایەرە بەهۆیەوە دەزاندرێ شوێنی پایسکیلەکە لە کوێیە، خێرایی چەندە. ئامێری ناوبراو پێکهاتووە لە شاشەیەکی ٢,٥ ئینجی و هەرچی زانیاری هەیە لەبارەی ڕۆیشتن و خێرایی پایسکیلەکە لەسەر شاشەکە نیشان دەدرێ. سیستەمی GPSە و لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ، لە هەر شوێنێك بێت دەزاندرێ شوێنی پایسکیلەکە دەزادرێ. لەسەر شاشەکە ١٣ داتای جۆراوجۆری لەسەرە، بۆ نموونە کیلۆمەترژمێر، خێرایی ئێستا، ئەوپەڕی خێرایی، خێرایی مامناوەند، لێدانی دڵ، بەرزبونەوە، هێز، بەرزی... و هەندێك داتا و زانیاری دیکەش. ئامێرێکە شەحن دەبێتەوە و هەتا ٣٠ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت، بە کەشوهەوای نالەبار وەك با و باران تێکناچێت.



## ماڵپەڕێک بۆ دۆزینەوەی فیلم

گەلێك جاران لە ئینتەرنێتدا بەدوای فیلمێکی داخوازی خۆمان دا دەگەڕێین، بەڵام بەهۆی زۆری فیلمەکان ناتوانین بیدۆزینەوە. بەڵام ماڵپەڕی agood-movietowatch.com ئەو ئەرکەی زۆر ئاسان کردۆتەوە. کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە لیستێکی تەواو لەو فیلمانەی کە پڕ بینەر بوونە و لە ریزی یەکەمدا بوونە دەستەبژێر دەکا. لەودا سێ پێشنیارت پێدەکا. فیلمێك بەپێی شانس، فیلم بەپێی باشترین فیلم و هەروەها فیلم بەپێی راوبۆچوونی بینەران. سەرەڕای ئەوەش فیلمەکان بەپێی ژانرە تایبەتیەکان ریزبەندی کردووە. کام ژانر لەگەڵ ویستت دەگونجێت ئەو هەڵبژێرە. بەڵام رای بینەران زۆر گرنگە و چونکە زۆربەیان بەشێك لە فیلمەکە دەگێڕنەوە ئەوەش ئاسانکاری تێدایە.

## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی وێنەکان

یەکێك لە باشترین و سەرکەوتووترین پرۆگرامی تایبەت بە ڕێکخستنی وێنەکان کە مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە و هەتا ئێستاش هەر لە ریزی یەکەمدایە پرۆگرامی ACDSee Photo Studioە.

لەو پرۆگرامەدا ڕێکخستنی و ریزبەندی کردن، هاوبەشی کردن، دەستکاری کردنی وێنە و زۆر لایەنی دیکەشی تێدایە. گشت فۆرماتی وێنە دەخوێنێتەوە. دەکرێت وەك پرۆگرامێکی گرنگ بۆ کامێرا دیجیتالییەکان دابندرێ. وێنەکە چۆن لەکامێرا وەردەگری هەر ئاواش بەو کوالیتیە پرێنت بکرێ. هەرچەندە پرۆگرامەکە بۆ وێنە بەرهەم هاتووە، بەڵام دەتوانێت ڤیدیۆ، دەنگ و سلادیش ریزبەندی بکا. لە بەشی دەستکاری کردنی وێنەدا دەتوانی ڕەنگ، قەوارە، فۆرمات بگۆڕی. بۆ دروستکردنی ئەلبۆمی دیجیتالی لە ریزی یەکەمدا دێت. هەر بەو پرۆگرامە لە وێنەکانت سکرین سەیڤەر واتە پارێزەری شاشە دروست دەکرێت.





# کاتە قەشەنگەکانی پایز وەرزی وێنە و سناپ و ستریکە

لەم ماوەیەدا وێنەگرتن و وێنەی سیلفی و سنابەکان جوانتر دەردەچن، بە تایبەت سەرلەئێوارە و لە کاتەکانی شەواندا کە مانگ بە دەرەوەیە و نیمچە هەوایەکی فێنێکت قژت بەسەر رووخسارتدا دەجووڵێنێتەوە، بەم چەشنە دەتوانی لەم ماوەیەدا بە یادگاریی جوانەوە وێنە و سناپ و ستریکی ناوازە بگریت، هەندێ ئەتەکێتی وێنەگرتن هەن پێویستە ئاشنایان بیت، لەوانە: لە بۆنە تایبەتەکاندا کاتێك جلی کراوەت لەبەرە، راستەوخۆ وێنەکان بڵاو مەکەرەوە، دوای ئەوەی وێنەکان دەگریت، یان سناپ دەکەیت، پاشان تەماشای بکەو بزانە چۆنە، ئەگەر گونجاو بوو بۆ بڵاوکردنەوە، بڵاوی بکەوە، ئەگەریش زانیت کەسانی دیکە و یان شێوەی خۆت جوان دەرنەکەتووە، دەتوانی تەنیا بۆ یادگاری بیهێڵیتەوە، با لە وێنەکاندا زیاتر گەشاوەیی و زەردەخەنەت پێوە دیار بێت، زیاتر لە وێنەیەك، یان ستریك و سناپێك بکە، دواتر کامەت بە دڵ بوو ئەو هەڵبژێرە، لە شوێنی رووناك و کراوەدا وێنە بگرە، جووڵەی سەرنجڕاکێشی وەك سەرلارکردنەوە و جووڵەی لێو بەکار بهێنە، هەندێ جاریش قژ و دەستت با لە وێنەکاندا کاریگەرییان هەبێت، هەوڵدە لە وێنە و ستریکەکانت کەسانی دیکەش هەبن و با ئەوانیش دەربچن، بەر لە وێنەگرتنی کەسانی دیکە خواست و رەزامەندیان لێ وەربگرە، نەوەك دواتر ببێتە مایەی ناخۆشی و کێشە بۆت، وێنەکانت گوزارشتە لە کەسایەتیت، زۆربەی جار کەسانی دیکە بە جووڵە و شێوازت لە سناپ و ستریك و وێنەکانت کەسایەتیت هەڵدەسەنگێنن و کارامەییت پۆلێن دەکەن.







# کاتژمێر وەک کەرەستەیەکی جوانکاری و پێویست

خشڵەکانت هەر یەکە بایەخ و نازداریی خۆیان پێوە دیارە، کاتژمێرەکانی دەست بوونەتە پێویستییەکی پۆشاك و وەك خشڵیشن، تەنانەت هەندێ جار وەك پێویستی بۆ ڕازاندنەوە و پڕکردنەوەی لایەنێکی جوانی لەگەڵ جلوبەرگدا لە دەست دەکرێن. مۆدە تازەکانی کاتژمێر بۆ وەرزی پاییز لە ژێر ناوی (Champagne) دەردەکەون، جگە لەوەی کاتژمێرێکە هەروەها بە نەخشی بەردینی و ڕەنگی گوڵ و کلاسیك ڕازاوەتەوە، دەتوانی سوود لە نەخشی کاتژمێرەکان وەربگریت تا شیك بکرێت لەگەڵ ئێکسسوارەکانی دیکە، لە بارەی ڕەنگەکانیشەوە دەکرێت لەگەڵ ڕەنگی جلوبەرگ بگونجێت. لە شێوازەکانی تازەی کاتژمێردا، گرنگی بە زنجیرەکانی دراوە، کە بەشێکیان لە کانزا و ئەوەی دیکەش لە قایش و پێستە، پسپۆران پێیان باشە کاتژمێری زنجیر لە دەستت بێت، تا ببێتە ڕەنگدانەوەی بریق و تروسکەی ڕووناکی بۆ ڕازاندنەوەی دەست و مەچەکت.



# جلی هێڵدار لووتکەی مۆدی پاییزانەیە

لە وەرزی پاییزانەدا، جلەکان بەرەو گۆڕانکاری لەگەڵ کەشوهەوادا دەچن، بەهۆی ئەوەی کەشەکە خۆشتر و فێنکتر دەبێ، بەم جۆرە ئافرەتان پێداچوونەوە بە دەستە جل و خشڵ و کەرەستەکانیاندا بکەنەوە، تاوەکو خۆیان لەگەڵ کەشی پاییزانەدا بگونجێنن، سەر لە بەیانی وەرزی پایز فێنکە و هەندێ جاریش ساردە، لە وەرزی هاویندا تەواوی کەشەکە گەرمە و ئەو جلانەش دەپۆشرێن کە تەنك و کراوە و بێ قۆڵ بوون، بەڵام ئەو جلانە لەگەڵ کەشی پاییز ناگونجێن، بۆیە دەکرێت جلێکی دیکەی وەك چاکێتی تەنك و جۆراوجۆر بپۆشرێت، لە بارەی نەخش و ڕەنگیشەوە پێویستە ئەو گۆڕانکاری بکرێت، چونکە جلی هاوینە زیاتر سادە و ساکارن لە ڕووی ڕەنگ و نەخشەوە، پسپۆرانی جلوبەرگ پێیان وایە جلی هێڵدار، یان موقەلەم باوترین مۆدی جلە لەم وەرزەدا، چونکە دیمەنێکی ناسك و سەرنجڕاکێشی دەبێت، هەروەها خۆی لەگەڵ گەڵا وەرین و ڕەنگی زەردی پاییزدا دەگونجێنێت، بەو پێیەی کە لە پاییزدا ئاسمان ساماڵ و هەور و ڕەنگی دار و باریش زەرد و زێڕین دەبێت، بۆیە بوونی نەخش و هێڵی قەڵەمی لە جلەکاندا چ بە شێوەی ئاسۆیی، یان ستوونی، مۆدێکی جوان و باوی دەبێت. هەر یەکە لە مارەکەکانی: هێرمس، مەیسونی، ئیسکۆربیۆن، ستیلا ماکارتنی جەخت لە جلی موقەلەم بۆ وەرزی پاییز دەکەنەوە و بە لووتکەی ئەو وەرزی دادەنێن.







# شاجوانی بێ ماکیاژ

لە ڕێورەسمەکانی شاجوانی، کچانی هەڵبژێردراو، یان ئەوانەی پاڵێوراون تا نازناوی شاجوانییەکە بە دەست بهێنن، بە جوانترین جل و ماکیاژی تایبەتەوە دەردەکەون، کە هەندێ جار شێوەیان بە تەواوی دەگۆڕن بە بێ ماکیاژ و بە ماکیاژەوە، بەڵام دواجار بیر لە کێبڕکێی شاجوانی کراوەتەوە کە بەبێ ماکیاژ و لەسەر ستێجەکان دەربکەون، تا خەڵك و لیژنەی هەڵبژاردن جوانیی سرووشتی و ئاسایی شاجوانەکان ببینن، ئەو پێشبڕکێیە لە وڵاتی بەریتانیا بەڕێوە چوو، کە لەژێر ناوی MISS BARE FACE بە بەشداریی ٤٠ خانمی وڵاتانی جیا جیای جیهان سازکرا، کچە ناسك و نازداری بەریتانی مەلیسیا ڕەئووف توانی نازناوەکە لە کچانی دیکەی بێ ماکیاژ بباتەوە، ئەو کچە تەمەنی ٢٠ساڵە و خەڵکی شاری لەندەنە، بە ڕەچەڵەك لوبنانییە و ڕەگەزنامەی بەریتانیای هەیە، ئەو شاجوانە دەڵێ: هەموو ئافرەتێك جوانیی خۆی هەیە، با هەوڵدات بەبێ ماکیاژ دەربکەوێت.

# گەرماوی گشتیی جاران لە کوردستان باوە





جاران کەلتووری گەرماوی گشتی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەنوون، بەیانیان بۆ ئافرەتان و ئێوارانیش بۆ پیاوان، هەندێکیشیان بۆ ئافرەت بە تایبەت تەرخان کرابوون، ئێستا بەشێکی کەمی گەرماوی گشتی ماون، بە درێژایی پێشکەوتنی گەرماوەکانی ماڵ خەڵك کەمتر ڕوو لە گەرماوی گشتی دەکەن، بەڵام هەندێ لە گەرماوە کۆنەکان تا ئێستاش ماون و کار دەکەن، تەنیا ئەوە نەبێت کە گۆڕانکاری لە شێوە و دیکۆر و کەرەستەکاندا کراوە، یەکێك لەو گەرماوە کۆنانەی کە تەمەنی زیاتر لە دوو سەدەیە، دەکەوێتە شاری سلێمانی، بە گەرماوی سورەت ناسراوە، بە کۆنترین گەرماوی ئەو شارە دادەنرێت، تا ئێستاش لەلایەن خێزانێکی سلێمانی بە ناوی سەرکەوت حاجی عەلی و سەروەر حاجی عەلی کە کوڕی حاجی عەلی-ن کار دەکات، ڕۆژانە خەڵك ڕوو لە گەرماوەکە دەکەن، کە وەك کەلتوورێکی کۆن و جارانی کوردەواری پیاوان و ئافرەتان لە ڕۆژانی ٥ شەممە و هەینیدا بە ڕێژەیەکی زۆر دێنە گەرماوەکان، ئێستا بەبێ جیاوازیی ڕۆژەکانی هەفتە خەڵك سەردانی گەرماوەکە دەکەن و بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە.

فۆتۆ: دانا حەمە غەریب






# تاكسی ئاوی و ئاسمانی

تاكسی ئاوی و ئاسمانی، ئەو بیرۆكەیە لەلایەن پلاندارێژەری فەڕەنسی (ئەلاین تیۆبۆلت) لە ئارادایە، تا بتوانێت بە پرۆژەكەی مرۆڤ سەركەوتووانە سوود لە گواستنەوەی تەكسی وەربگرێت، دانانی تەكسیی ئاوی بۆ ئەو شارانەیە كە رووبار و ئاوی تێدایە، هەروەها تەكسیی ئاسمانیش تایبەت بكرێت بۆ ئەو شوێنانەی كە هەمیشە جەنجاڵی و قەرەباڵغییان پێوە دیارە، یەكەم تاقیكردنەوەی لەم دوو جۆرە تەكسییەی لە كەنداوی (لاسیتۆتات)ی فەڕەنسی ئەنجام درا. ماوەی چەند ساڵێكە تەكسیی ئاوی هەیە و ئێستاش پرۆژەی تاكسیی ئاسمانی دێتە واری جێبەجێكردنەوە، ئەو شارانەی پێویستییان بەو جۆرە تاكسییە هەیە، وەك:نیویۆرك و سان فرانسیسكۆ و پاریس و رۆمای ئیتاڵیا و لەندەن و ئیستانبوول، چونكە رۆژانەی ئەو شارانە بەهۆی قەرەباڵغییەوە هاتوچۆ ئەستەم و دژوار دەبێت تێیاندا.





## كاریكاتێر

باس لە وەرگرتنی سەربەخۆیی و دادپەروەریی نێوان ژن و پیاو دەكات، لەو كاتەی پیاوان هەوڵی بۆ دەدەن، کەچی ئافرەتان بە دەستی دەهێنن.

## خەوێک کردی بە ملیۆنێر

لەوە خۆشتر نییە بەیانییەك هەستی لە خەو و بە ملیۆنێر بانگت بكەن، ئەوەیە ژیانی ئەو ئافرەتە كە لە شەوێكدا تەواوی ژیانی گۆڕدرا، ئەو كەسە ئافرەتێكی نووسەر و ئەكادیمیستی فەرنسیی ناودارە (فرانسواز بیتانكۆرت مایرز)، كە بووەتە میراتگری دایكی ئەویش (لیلیان بیتانكۆرت)ە، كە خاوەنی ماركەی جوانكاری (Bettencourt)، ئەو ئافرەتە تەمەنی (٦٤) ساڵە و دایكی لە تەمەنی (٩٤) ساڵیدا كۆچی دوایی كردووە، كە داهاتی كۆمپانیا و سەرمایەكەی (٢٩) ملیۆن یۆرۆیە، دەكاتە (٤٥) ملیۆن دۆلار، باوكی ئەو ئافرەتە ناوی (جان ڤیكتۆر مێرز)ە، دوای مردنی باوكی و نەبوونی هیچ خوشك و برایەكی، تەواوی سەرمایەكە بۆ ئەو ئافرەتەیە، لەو كاتەی كاری میراتگرییەكەی بۆ كراوە، ئەو لە خەودا بووە.



## میوزیک


**وادەکەم بڵێ - Make You Say**

ڤیدیۆیەكی تازەیە لە مانگی ٩ی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە، لەلایەن هەرسێ گۆرانیبێژ (بیاوز و مارین مۆریس و زێد) گوتراوە، یەكێكە لە تراكە تازە و سەرنجراكێشەكانی ئەمساڵ، پێشبینی دەكرێت لە داهاتوودا جەماوەرێكی زۆری هەبێت، مارین مۆریس كچە گۆرانیبێژی ئەمریكی و زێد گۆرانیبێژی رووسی و ئەڵمانی، بیاوزیش خەڵكی كۆریایە، ئەم تراكە لە ئەلبوومی Make You Say لە جۆری پوپ میوزیكە.

## فیلم

## كۆتایی ڕێگاكە

## End of the Road




درامایەكی تاوانكارییە، باس لە تێپەڕبوونی گەشتێكی بچووك دەكات كە ئافرەتێك لەگەڵ دوو منداڵە براكەی بە نێو ناوچەیەكدا تێدەپەڕن، دوای ئەوەی تاوانێكی كوشتن بە چاوی خۆیان دەبینن، تاوانباران دوایان دەكەون و دیانەوێت تاوەكو تاوەكەیان ئاشكرا نەبێت، ئەوانەش بكوژن، فیلمەكە لە مانگی ٩ی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە، ماوەی فیلمەكە یەك كاتژمێر و ٤٠ خولەكە.

**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لە لایەنی پیشەییەوە واز لە هەموو بڕیار و مامەڵەیەكی توند بهێنە، چونكە كاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانت دەبێت، پەیوەندی سۆزداریت جێگیرنییە و دوچاری گرفتی زۆر دەبیتەوە، هەمیشە ئاگاداری كێش و تەندروستیت بە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بەهۆی ماندوبونتەوە لە لایەن بەرپرسانی كارەكەتەوە پێگەت بەرز هەڵدەسەنگێندرێت، كاتێك تووشی گرفتێكی سۆزداری، یان كۆمەڵایەتی دەبیت، لەگەڵ كەسانێك بدوێ كە جێگای متمانە بن، لەهەر بابەتێك وازبهێنە كە دەروونت ماندودەكات.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لە ڕووی پیشەییەوە بە شێوەیەكی ورد و بە متمانەوە كارەكانت ئەنجام بدە، بۆ ئەوەی ئەنجامێكی باش هەبێت، لە لایەنی سۆزدارییەوە گرنگە واز لە هەموو بیركردنەوەیەكی نادروست بهێنیت، چونكە كاریگەری نەرێنی هەیە، لەلاپێناو پاراستنی تەندروستیشت راهێنانی وەرزشی فەرامۆش مەكە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

كاتەكانت بە شێوەیەكی گونجاو لەگەڵ كارەكانت رێك بخەرەوە، لەگەڵ خۆشەویستەكەت ژیرانە مامەڵە بكە، بۆ ئەوەی كێشە لە نێوانتاندا دروست نەبێت، تەندروستیت فەرامۆش مەكە و زیاتر بایەخ بە وەرزشكردن و خۆراكی تەندروست بدە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لە لایەنی پیشەییەوە چارەسەری كێشەكانت بكە و ڕێگە مەدە كەس دەست وەربداتە كارەكانتەوە، لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە بە شێوەیەكی نەرم ڕەفتار لەگەڵ چواردەورەكەتدا بكە، گرنگە یەكسانی رابگریت لە نێوانی ژیانی خۆت و كارەكەتدا، با توشی خەمۆكی نەبیت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

كاتێك لەو بوارەی ئارەزوی دەكەیت كاردەكەیت، زیاتر بەرەوپێش دەچیت بەراورد بە كارەكانی دیكە، هەرگیز پەیوەندی سۆزداریت تێكەڵاوی لایەنەكانی دیكەی پیشەییت مەكە، باشترە چالاكیی نوێ ئەنجام بدەیت تا توشی بێزاری نەبیت.







## جووڵەی زەوی

بۆ دروستبوونی ڕۆژ و شەو و وەرزەکان، زەوی دوو جوڵەی ڕێکخراوی هەیە، لەبەردەم زۆربەی هەرە زۆری دیاردە جوگرافییە سرووشتی و مرۆییەکاندا دەوەستێت، ئەگەر نەڵێین لەبەردەم هەموویاندا، زەوی هەموو ڕۆژێك جارێك بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە و دیاردەی شەو و ڕۆژ پێك دەهێنێت، هەروەها لەماوەی ساڵێکیشدا جارێك بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە و بەهۆی ئەمەشەوە چوار وەرزەکە دروست دەبێت. گرنگترین جووڵەکانی زەوی: زەوی بە دەوری جەمسەرەکەیدا دەسوڕێتەوە، زەوی بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات ئەویش لەماوەی هەر ٢٤ کاتژمێرێکدا (٢٣ کاتژمێرو ٥٦ چرکە). بەهۆی ئەم جووڵەیەشەوە شەو و ڕۆژ دروست دەبێت. بەهۆی ئەم درێژیەشەوە واتە ٢٤ کاتژمێر ژیانی مرۆڤایەتی بەتەواوەتی لەسەر ئەم زەویە گونجاو و لەبارە.



## پەند و وتە

هێلن ئەدامز کیلیر، نووسەری ئەمریکی و سیاسەتوان و وانەبێژ، لە ساڵی ١٨٨٠ لە ویلایەتی ئەلاباما لە ئەمریکا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٨ لە ویلایەتی کوینیتێکت هەر لەو وڵاتە کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی مرۆڤ کە هاتۆتە ژیان دەڵێت: ڕاستیی ژیان ئەوەیە، کاتێك مرۆڤ خاوەن کەرامەت بێت، بێ عەقڵییە ئەگەر وا بیر بکەینەوە لە پێناو شەڕانگێزیدا لەدایکبووین، هەروەها دەبێ بڕوا بەوە بکەین کە هەموومان شایەنی ژیانێکی سەرمایەدارییین.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کەس هەن، هەوڵدە لەماوەی یەك خولەکدا کەسەکان نیشان بکەین و بزانیت چۆن دوو کەسن، کەچی وەك کەسێك دەردەکەوێت.

## یاسا



**بەشە میراتی ژن و پیاو**

یەکەم:مێرد، هەر مێردێك هاوسەرەکەی کۆچی دوای بکات بە دوو شێواز میرات وەردەگرێت؛

١-گەر ژنەکەی منداڵی هەبوو ئەوا مێردەکە (٤/١) وەردەگرێت، واتە چواریەکی میراتی ژنەکەی وەر دەگرێت.

٢-گەر ژنەکەی منداڵی نەبوو ئەوا (٢/١) وەردەگرێت، واتە نیوەی میراتی هاوسەرە کۆچ کردووەکەی وەردەگرێت.

دووەم:ژن، هەرژنێك هاوسەرەکەی کۆچی دوایی بکات بە دوو شێواز میرات لە هاوسەرە کۆچکردووەکەی وەردەگرێت؛

١- ئەگەر هاوسەرە کۆچکردووەکەی منداڵی هەبوو ئەوا (٨/١) وەردەگرێت، واتە هەشت یەکی میراتی مێردەکەی دەبات لە هەشت بەش یەك بەش وەردەگرێت.

٢-گەر هاوسەرە کۆچکردووەکەی منداڵی نەبوو ئەوا (٤/١) وەردەگرێت، واتە چواریەکی میراتی مێردەکەی دەبات، لە چوار بەش بەشێك وەردەگرێت، سەبارەت بە بوونی منداڵ بۆ ژن و مێردیش مەرج نییە لە هەمان دوو هاوسەر بێت، واتە گەر ژنەکە منداڵی هەبێت پیاوەکە بەشی خۆی دەبات بەو شێوەیەی بۆی دیاری کراوە لەگەڵ منداڵی کەسە کۆچکردووەکە، هەرچەندە منداڵەکەش لەم مێردەی نەبێت و لە مێردێکی دیکەی بێت. بۆ ژنیش بەو جۆرەیە گەر هاوسەرەکۆچکردووەکەی لە ژنێکی دیکە منداڵی هەبوو ئەوا ئەم ژنە هەر بەشی خۆی لەگەڵ منداڵدا وەردەگرێت کە (٨/١).



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەرگیز ناگەیت بە ئاست و پێگەیەکی بەرز ئەگەر ماندو نەبیت، وا باشترە لەگەڵ خۆشەویستەکەت ساتێکی خۆش بەرێ بکەیت و زیاتر لە یەکتری نزیك بنەوە، هێندە زیادەڕۆیی مەکە لە خواردنەوە و خواردنی دەرەوە، با دوچاری گرفتی تەندروستی نەبیت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

خواستەکانت لە رووی پیشەییەوە بچوك و سادەن، هەربۆیە وا بیرمەکەرەوە کە داهاتوت باش نییە، لەگەڵ هاوڕێیەکت کاتێکی خۆش بەرێ دەکەیت و خەمی رابردوو لە یاد دەکەیت، هەوڵ بدە خواردنی تەندروست و گونجاو هەڵبژێریت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لە لایەنی پیشەییەوە باشترە پلانەکانت لە ئێستادا جێبەجێ بکەیت، بۆ ئەوەی داهاتویەکی پرشنگدار دروست بکەیت، پێش ئەوەی هەر پەیوەندییەکی سۆزداریی نوێ ببەستیت، باشترە زیاتر بیناسیت و دڵنیابیتەوە، خۆت بەدوربگرە لەو خواردنانەی توشی هەستیاریت دەکات.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کارەکانت کەڵەکە بوون بە هۆی دواخستنیان و جێبەجێ نەکردنیان لەکاتی خۆیدا، هەرچەندە هەندێك دەنگە دەنگ هەیە، بەڵام پەیوەندیی سۆزداریت لە ئێستادا جێگیرە، لەپێناو تەندروستیتدا وازبهێنە لەو خواردنانەی ڕێژەی چەوریيان زۆرە.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


هەندێك کێشە لە نێوانی خۆت و هاوپیشەکانت روو دەدات، باشترە ئارامیی خۆت بپارێزیت، گرنگە بە شێوەیەکی هێمنانە رەفتار بکەیت لە رووی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە، تا خۆشەویستیی هەموان بەدەست بهێنیت، ئەم ماوەیە ورەت بەرزە.



**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

باشترە پشت لە شوێنی کارەکەت لەگەڵ هاوپیشەکانت بە قەرزکردن نەبەستیت، چونکە کاریگەریی نەرێنی هەیە، کاربکە بۆ ئەوەی زیاتر کەسایەتی خۆت دەر بخەیت، چونکە کاریگەری لەسەر هاوبەش، یان خۆشەویستی ژیانت هەیە، ئاگاداری دانیشتنی زۆربە لەسە کورسی، زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly October 10, 2022 Issue,No.1336


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەرێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626